# سوسیال دێموکراسی چییە

کتێبێک لە سەر سوسیال دێموکراسی لە لایەن ئینگڤار کارلسۆن و ئان-ماری لیندگرێن



سوسیال دێموکراسی چییە؟

نووسەران ئینگڤار کارلسۆن و ئان-ماری لیندگرێن

وەرگێڕ: کەمال حەسەنپوور

ISBN: 9153204131

What is Social Demokracy

Ingvar Carlsson and Anne-Marie Lindgren

# سوسیال دێموکراسی چییە؟

کتێبێک لە سەر سوسیال دێموکراسی لە لایەن ئینگڤار کارڵسۆن و ئان ـ ماری لیندگرێن

پێشکەشە بە گیانی پاکی شەهید دوکتۆر قاسملو بۆ هەوڵەکانی ئەو شەهیدە بلیمەتە بۆ هێنانی تیۆرییەکانی سوسیالیزمی دێموکراتیک بۆ ناو حیزب.

وەرگێڕ

## تێبینی:

وشەی ئایدیۆلۆژی کەمێک پتر لە ٢٠٠ ساڵی تەمەنە واتە لە دوای شۆڕشی فەڕانسەوە ئەو وشە کەڵکی لێ وەردەگیرێت. هەر ئایدیۆلۆژی‌یەک بە کۆمەڵێک ڕێسا دەناسرێتەوە کە شێوازی هەڵسوکەوتی سیاسی دیاریی دەکەن و بۆچوونێکی دیاریکراویان لە پێوەندیی لە گەڵ چۆنیەتی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگادا هەیە. بە وتەی رێیدار لاشۆن[1] (Reidar Larsson) نووسەری کتێبی "ئایدیۆلۆژییەکانی سیاسی لە سەردەمی ئێمەدا"، ئەگەرچی بانگەشەی مردنی ئایدیۆلۆژییەکان لە پەنجاکانی زایینی‌یەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام دروست بوونی ئایدیۆلۆژی نوێ لەو ماوەیەدا نیشانیان داوە کە ئەوە ڕاست نییە.

بە وتەی ناوبراو هەر ئایدیۆلۆژییەک سێ پلەی هەن: تیۆریسیەن-دروستکەری بیروڕا، حیزب و جووڵانەوە سیاسی‌یەکان و هاوڵاتی-دەنگدەر. لە هەر سێ پلەدا بەڵگەی باش بۆ پێویستیی بوونی ئایدیۆلۆژییەکان هەن.

ئەو نووسراوەیە لە ساڵی ١٩٩٦ی زایینی لە لایەن بەڕێزان ئینگڤار کارڵسۆن (سەرۆک وەزیری پێشووی سوێد) و خاتوو ئان‌ماری لیندگرێن (یەکێک لە تیۆریسیەنەکانی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد) ئامادە کراوە و لە ساڵی ١٩٩٨ی زایینی بۆ یەکەم جار لە لایەن حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد بڵاو کراوەتەوە.

لەو کتێبەدا نووسەرەکان بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی پتر لە سەد ساڵی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد[2]، تێکۆشاون تیۆریەکانی سوسیال دێموکراسی شی بکەنەوە و لە زۆر شوێن بە نموونە هێنانەوە لە کۆمەڵگای

---

[1] ناوبراو مامۆستای زانکۆ لە بەشی زانستی سیاسییە و نووسەری چەندین کتێبە
[2] حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد لە ساڵی ١٨٨٩ دامەزراوە.

سوێدی یارمەتی خوێنەر بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی وەرگێڕانی تیۆری بۆ کردەوە دەدەن.

بۆ ئەو کەسانەی کە لە وڵاتی سوێد ناژین یا ئاگادارییەکی ئەوتۆیان لە سەر مێژووی ئەو دواییانەی سوێد (١٠ ساڵی ڕابردوو) نییە، دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێ کە کاتێک کە ئەو کتێبە نووسراوە، سوێد و بگرە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا لە دەستپێکی تێپەر بوون بە قۆناغێکی نوێ دابوون، ئەویش پرۆسەی گواستنەوەی ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی کەلوپەل بەرەو وڵاتانێک کە نرخی هێزی کرێکار لە وێ زۆر لەخوارترە (وڵاتی چین یەکێک لە ناسراوترینی ئەو شوێنانەیە). ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی سوێدیش بە هۆی ئەو ڕەوتە، بەرهەمهێنانی کاڵاکانیان بۆ ئەو وڵاتانە دەگواستەوە کە ئەو دیاردەیەش دەبووە هۆی بێکار بوونی دەستەیەکی نوێ لە کرێکاران. هەر ئەو کاتیش بوو کە لایەنگرانی لیبرالیزمی نوێ بە پشت ئەستووری بە هەرەس هێنانی سیستەمی ئابووری یەکیەتی سۆڤیەت و باقی وڵاتانی ئورووپای خۆرهەڵات بانگی مەرگی سوسیالیزمیان لێ دەدا و داوای هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسایانەیان دەکرد کە ببوو بە کۆسپ لە سەر ڕێگای بازاڕی ئازادی ڕەها.

لەسەرەتای نەوەدەکان گەورە سەرمایەداری ئامریکایی جۆرج سۆرۆس (George Sorros) کە بە بنەچەکە مەجارستانییە بە هێرشەکانی خۆی بۆ سەر پارەی سوێدی، بریتانیایی و ئیتالیایی ئابووری ئەو وڵاتانەی هێنایە هەژین. لێرە مەبەست لە هێرش، شەپۆلی بەربڵاوی کڕین و فرۆشی پارەی ئەو وڵاتانە بە مەبەستی قازانجی تاکیی ناوبراو لە ماوەیەکی کورت دابوو.

هەر لێرەدا پێویستە پڕ بە دڵ سوپاسی کاک حەمەڕەسوڵ کەریمی بکەم کە ئەرکی تایپ کردنی ئەو کتێبەی گرتە ئەستۆ.

کەماڵ حەسەنپوور

لینشۆپینگ- ١٤-١٠-٢٠٠٧ بەرامبەر بە ٢٢ی ڕەزبەری ٢٧٠٧ی کوردی

# پێشەکی

هەر مرۆڤێکی سوسیال دێموکرات جوابی تایبەت بە خۆی بۆ ئەو پرسیارە هەیە کە مانای سوسیال دێموکراسی چییە. سوسیال دێموکراسی، نە هێشتا و نە لە ڕابردووشدا، قەت حیزبێک نەبووە بە کۆمەڵێک وشکە باوەڕی نەگۆڕ کە هەموو ئەندامەکانی دەبێ پەیڕەوی لێ بکەن.

هە ر چۆنێک بێ، پێکهاتەیەکی مێژوویی فکری هەیە کە لە ماوەی پتر لە سەد ساڵ لێکۆڵینەوە و سیاسەت کردنی بە کردەوە ڕێکوپێک کراون و بوونە بناغەیەک بۆ کاری حیزب. ئەو کۆمەڵە بەهایانە (Values)، شی کردنەوەی کۆمەڵگا، خەونەکان لە مەڕ کۆمەڵگای سبەی و لە هەمان کاتدا سیاسەتەکانی بە کردەوە لە بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆ دەگرنەوە.

ئەو کتێبە مامەڵە لە گەڵ نەریتی ئەو فکرانە دەکات: چۆن گەشەی کردووە، ئێستا چۆنە و چۆن دەکرێ بۆ تێگەیشتن لەو قۆناغی ئاڵ و گۆڕە کە کۆمەڵگای ئەمڕۆمان پێیدا تێپەر دەبێ کەڵکی لێ وەرگیرێ. لەو ڕووەوە ئەوە ناساندنی پێکهاتەی مێژوویی فکرەکان و لە هەمان کاتدا گفتوگۆی هەنووکەیی ناو سوسیال دێموکراسییە لە سەر فکرەکان. لە هەمان کاتدا ئەوە وەڵامی تاکیی خۆمانە بۆ ئەو پرسیارە کە سوسیال دێموکراسی چییە.

ستۆکهۆڵم ئاگۆستی ١٩٩٦

ئینگڤار کارلسۆن  ئان ـ ماری لیندگرێن

پێڕست

**پێشەکی........................................................................ ٧**

**سەرەتا........................................................................ ٩**

**بەهاکانی سوسیال دێموکراسی: ........................................... ٢٠**

ئــازادی.................................................................. ٢٠
یەکسانیی ................................................................. ٢٦
هاوپەیوەندیی ............................................................ ٣٧
دێموکراسی ................................................................ ٤١

**کەرستەکانی شیکردنەوە ................................................ 53**

**سەرمایەداریی ............................................................. 76**

**بازاڕی ئازاد................................................................. 86**

**بۆچی کۆمۆنیزم هەرەسی هێنا؟.......................................... ١٠٣**

**کۆمۆنیزمی سوێدی ....................................................... 116**

**سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی .......................................... ١٢١**

**سەردەمێکی نوێ............................................................ ١٥٥**

## سەرەتا

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، شاری نۆرشۆپینگ یەکێک لە مەزنترین شارەکانی سوێد لە بواری پیشەسازییەوە بوو و کارگەکانی بەرهەممهێنانی قوماش بەشی سەرەکیی ژیانی پیشەسازیی ئەو شارەیان پێک دێنا. لە ساڵی ١٨٩٤ نزیکەی ٤٠٠٠ کەس (ژن و پیاو) لە کارگەکانی بەرهەممهێنانی قوماش لە نۆرشۆپینگ کاریان دەکرد. ڕێژەی ناوەندی بەرهەممهێنانی هەر کرێکار لە کارگەکانی خوری لە ساڵدا ٢٦٩٦ کرۆن دەنرخێندرا، داهاتی مامناوەندیی کرێکارێکی مێی مەکینەی تەون لە ساڵدا بە دەگمەن لە ٥٠٠ کرۆن تێپەر دەبوو، ئەو داهاتە بۆ شەش ڕۆژ کار لە حەوتودا و ١١-١٠ کاتژمێر کاری ڕۆژانە بوو. ساڵانەش هیچ پشوویەکی فەرمیی نەبوو جگە لە چەند ڕۆژ پشوودان لە کاتی کریسمەس و جەژنی نیوەی هاوین[3].

ئەو داهاتە هێندە کەم بوو کە خەڵک تەنیا دەیتوانی بژیوی ڕۆژانەی پێ دابین بکا. ئەوانەی دەزووی زۆر باشیان لە خوری دروست دەکرد هیچ کات تواناى کڕینی ئەو دەزوویانەیان نەبوو.

لێکۆڵینەوەیەکی ئاماریی کە ساڵی ١٨٩٤ لە سەر مەرجەکانی ژیانی کرێکارانی بەرهەممهێنانی قوماش بەڕێوە چووە ئەوە ئاشکرا دەکا کە تەنیا ئەوانەی کە پلەی بەرپرسیارییان هەبووە توانای کڕینی خانوویەکییان هەبووە کە لە یەک ژوور و چێشتخانە گەورەتر بووە؛ یەک لە سەر سێی کرێکارەکان کە زۆربەیان خاوەن بنەماڵە بوون لە بە ناو "ژووری سۆبە ئاسن" دا دەژیان واتە خانوویەک کە چێشتخانەکەی لە ژووری دانیشتن جیا نەبووە.

---

[3] جەژنی نیوەی هاوین ٢٥-٢٤ مانگی ژوئەن و یەکێک لە جەژنە گرینگەکانی سوێدە

بودجەی خێزانەکان ئەوە ئاشکرا دەکا کە خواردنی سەرەکیی خەڵک لە هەلیماوی گەنم، نۆک، پەتاتە و جۆرە ماسییەکی وردیلە کە لە سوێد پێی دەڵێن سیل (Sill) پێک دەهات. خەڵکێکی زۆر کێشەی کەم خۆراکیان هەبوو. ڕاپۆرتەکانی فەرمانبەری پزیشکی شار باس لە ڕەوشی زیانبەخشی کار دەکا کە تۆزی قوماش دەبووە هۆی کۆخەی درێژ خایەن کە لە خراپترین شێوەیدا دەبووە هۆی نەخۆشی سیە و سیل و زگ هێشە و هەروەها ڕێژەی زۆری ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی مەکینەکان.

ناوەندی تەمەنی کرێکارێکی قوماش تەنیا بڕێک پتر لە ٤٠ ساڵ بوو. مناڵان بۆ ماوەی ٦ ساڵ دەچوون بۆ قوتابخانە و پاشان کاتی ئەوە دەهات کە کارێک بدۆزنەوە و یاریدەدەری بژیوی بنەماڵە بن. کرێکارێکی دوازدە ساڵانە لە بەشی پیشەسازیی قوماشدا دەیتوانی لە ساڵێکدا بڕی ٢٠٠-١٥٠ کرۆن یارمەتی داهاتی بنەماڵە بکا.

ڕێژەیەکی زۆر کەم مافی دەنگدانیان هەبوو. مافی بەشداریی کردن لە هەڵبژاردنەکانی پارلمان و ئەنجوومەنی شارەوانی تەنیا بۆ ئەو کەسانە بوو کە داهاتی ساڵانەیان ٨٠٠ کرۆن یا خود پتر بوایە. تەنیا ئەوانەی کە پلەی سەرپەرشتیاریان هەبوو داهاتیان دەگەیشتە ئەو ڕادەیە.

جگە لەوە ئەو کەسانەی هەنگاویان بۆ بە ئەندام بوون لە سەندیکایەکی کرێکاری هەڵنابا بەرەوڕووی مەترسی دەرکرانی دەستبەجێ لە کار دەبوونەوە.

ئەوە وەسفێکی ساکار و کۆ کراوەی پێشینەی سەر هەڵدانی جووڵانەوەی کرێکاریی لە سوێدە. پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی سەدەی نۆزدە و سیستەمی بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ کە ئەو پێشکەوتنانە هەلیان بۆ ڕەخساند؛ بوونە هۆی پێکهاتنی سامانی زۆر گەورە. بەڵام ئەو سامانانە بە شێوەیەکی نا یەکسان دابەش کرابوون. نایەکسانیی بە شێوەیەکی زۆر ڕاستەقینە هەستی پێ دەکرا و زۆربەی خەڵک لە نزیکەی هەژاری تەواودا دەژیان: ماوەیەکی درێژخایەنی نەخۆشی دەبووە هۆی سڕینەوەی ئابووری بنەماڵە

هەژارەکان و لاوازیی ئابووری وڵات دەبووە هۆی دەرکرانی دەستبەجێ لە سەر کار. بۆ ئەو کەسانەی کە پیر بوون یا خود توانای کار کردنیان نەبوو تەنیا شوێن بۆ پەنا بردن ماڵی هەژاران بوو.

جووڵانەوەی کرێکاریی لە ناو ئەزموونی سەختی هەژاریی، شەرمەزاریی و نەبوونی دادپەروەریی‌دا سەری هەڵدا. هەر چۆنێک بێ، ئەوە بیروبۆچوونە سوسیالیستییەکان بوون کە شێوەی پێکهێنانی ناڕەزایی دەربڕینەکانیان دەستەبەر کرد و ئەو ڕێکخراوەیەی دروست کرد کە بووە هۆی وەرچەرخانێکی نوێی سیاسی.

## سەرچاوەکانی ئایدیۆلۆژی

ئایدیۆلۆژی سوسیال دێموکراسی چەند سەرچاوەی جیاوازی هەن. بۆ دەربڕینی بەها سەرەکییەکانی دەکرێ دروشمەکانی شۆڕشی فەرانسە بە کار بێن: ئازادی، یەکسانیی، برایەتیی. ئەوانەش بە نۆرەی خۆیان دەکرێ شوێنیان لە فکری بایخی یەکسانیی مرۆڤەکاندا بدۆزرێتەوە.

هەرچۆنێک بێ، ئایدیۆلۆژی جووڵانەوەی نوێی کرێکاریی تەنیا مەسەلەی بەهاکان نەبوو بەڵکو لە سەر شی کردنەوەی کۆمەڵگا دامەزرابوو: مودێلێک کە دەتوانرا بۆ شی کردنەوەی هۆی سەرهەڵدانی بێدادییەکان کەڵکی لێ وەرگیرێت. فرێدریک ئینگێلس و کارل مارکس شێوازی بنەڕەتیی ئەو شی کردنەوەیان دامەزراند کە تێکەڵاوێک بوو لە فەلسەفەی مێژوو، زانستی ئابووری و کۆمەڵناسیی. هێڵە جیاوازەکانی فکری لە ناو ئەو باوەڕە سیاسییانەدا کە خۆیان لە ناو بیروبۆچوونی سوسیالیزمدا دەبیننەوە (دەستەواژەیەک کە دەتوانێ گەلێک هەڵخەڵەتێن بێ چونکە هێڵە جیاوازە فکرییەکان لە زۆر بارەوە گەلێک لێک جیا بوون) پاشان ئەم

مودێله فکری‌یەیان گەشە پێداوە،  پێوەیان زیاد کردووە یا خود لێیان کەم کردۆتەوە.

یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی مودێلی مارکسیستیی، ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوویە. مەبەست لەوە، بە شێوەیەکی ساکار، ئەوەیە کە گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان ( تیکنۆلۆژیا و ڕێکخستنی هێزی کار) بۆ چۆنییەتی گەشەکردنی کۆمەڵگا بڕیاردەرن، "سەرخانی کۆمەڵایەتیی" (The social superstructure). ئەوە بووە هۆی ئەو ئەنجامە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سوسیالیزم دەبێ هەندێک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی لە شێوەی داڕشتنی ئابووریدا پێک بێ: تەنیا کاتێک کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆنترۆڵی بەرژەوەندییەکانی ئەو زۆرینەی کە لە ناوەندەکانی پیشەسازییدا کار دەکەن و نەک بۆ بەرژەوەندیەکانی قازانجی تاکیی تاقمەی کەمی خاوەن سەرمایە، مرۆڤ دەتوانێ بە ئازادی و یەکسانیی بگات.

چۆنیەتی داڕشتنی ئەو کۆنترۆڵە جەماوەرییە و هەروەها شێوەی ئەنجام دانی ئەو بۆتە هۆی ناکۆکی قووڵ لە نێوان ئەو تاقمە جیاوازانەی کە مۆری "سوسیالیستی" یان پێوەیە. لە سەرەتادا هەر وەکوو بۆ خودی مارکسیش جوابەکەی ئەوە بوو کە دەبێ خاوeنداریی تاکیی  ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (زەوی، سەرمایە، کارگەکان و کەرەستەی خاو) نەمێنێ و چینی کرێکار دەبێ خاوەندارێتییەکەی بە دەستەوە بگرێ.

هەرچۆنێک بێ، مارکس بۆ خۆی گەلێک لە مەڕ چۆنییەتی ڕێکوپێک کردنی ئەو سەرپەرشتییە جەماوەرییە ناڕوون بوو، ئەو ناڕوونییەش بە ئانقەست بوو، چونکە ئەو هەر وەک بۆ خۆی گوتویەتی نەی ویستووە نوسخەی چێشتخانەیەکی هەژاران بۆ داهاتوو بنووسێ.

لە ناو بەشێکی بە رچاوی جووڵانەوەی سوسیالیستیی لە سەدەی نۆزدەدا مەسەلەی نەخشەدانانی بە کردەوە بۆ خاوەندارێتی جەماوەریی ڕۆڵێکی باڵا دەستی لە گفتوگۆکاندا نەدەگێڕا. پرسیاری زۆر سادەتر وەک چۆن

چینی کرێکار بتوانێ لە کۆمەڵگای خۆیدا خاوەن دەسەڵات بێ گەلێک گرنگتر بوو هەتا ئەو مەسەلەیە کە کاتێک کە ئەو دەسەڵاتە دەستەبەر بوو خەڵک چی بکا.

## ڕێفۆرمیسم یا شۆڕش؟

جووڵانەوەی کرێکاریی لە ئاستی ئەو مەسەلەیە بە سەر دوو ڕێبازدا دابەش بوو، لایەنی شۆڕشگێری و لایەنی ڕیفۆرمیستی.

قوتابخانەی شۆڕشگێریی سوور بوو لە سەر ئەو بۆچوونە کە دەسەڵات تەنیا بە ڕووخاندنی سیستەمی کۆن لە ڕێگای توندوتیژییەوە دەستەبەر دەبێ، کە ڕێگا بۆ خەڵک خۆش دەکا کە پرۆسەی گشتیی گۆڕانی کۆمەڵگا لە سەرەتاوە دەست پێبکا. بە پێچەوانە قوتابخانەی ڕیفۆرمیستی پێی وابوو کە دەسەڵات دەکرێ لە ڕێگای شێوازی ئاشتیخوازانە وەدەست بێ و کۆمەڵگا دەتوانێ بە چاکسازی وردە وردە ئاڵوگۆڕی بە سەر بێت.

لە ڕوانگەیەکی مێژوویی‌یەوە ئێمە دەتوانین ببینین کە چۆن ئەو بۆچوونانە لە ژێر کاریگەریی مەرجە دەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی حیزبە سوسیالیستەکان تیایدا کاریان کردووە دروست بوون. سوسیالیستەکانی ڕووسی کە بێ بەزەییانە لە لایەن هێزە پۆلیسەکانی تێزاری‌یەوە قەڵاچۆ کرابوون یا خود پەڕیوەی تاراوگە ببوون شێوازی شۆرشگێرییان هەڵبژارد. بەڵام سوسیالیستەکانی ئوروپای ڕۆژئاوا، کە ئەوانیش قەڵاچۆ دەکران و ئەزیەت و ئازاریان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە دەدیت، سەرەڕای ئەوەش توانیان لە چوارچێوەی سیستەمی مەوجووددا کار بکەن و سەرکەوتوویی وەدەست بێنن، ڕێگای ڕێفۆرمیسمیان هەڵبژارد.

هەڵبژاردنی ڕەوتی تێکۆشان لە پێناو وەدەستهێنانی دەسەڵات ئاکامی گەشە کردنی ئایدیۆلۆژی و سیاسی حیزبەکانی دیاریی کرد. لە لایەنی

شۆڕشگێرییەوە حیزبە کۆمۆنیستەکان سەریان هەڵدا و لە ڕێفۆرمیستەکاندا حیزبە سوسیال دێموکراتەکان. هەر کام لەو ڕەوتانە بوونە هۆی ڕێبازی گەلێک جیاواز. حیزبە کۆمۆنیستەکان مۆدێلی تاکە حیزبییان هەڵبژارد واتە بە کردەوە دیکتاتۆریی سیاسی و ئابووری لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا. حیزبە سوسیال دێموکراتەکان دێموکراسی و سیستەمی فرە حیزبی لە گەڵ بازاڕی ئازاد، کە لە ڕیگای بڕیاری سیاسی بۆ مسۆگەر کردنی ئەو شتانەی کە لە بواری کۆمەڵایەتییەوە دڵخواز بوون، هەڵبژارد.

## بۆچوون لە سەر خاوەندارێتی

دوو مۆدێلی جیاوازی تیۆری لە سەر خاوەندارێتی جەماوەریی (collective ownership) لە ساڵەکانی سەدەی نۆزدە گەشەیان کرد: قوتابخانەیەکیان سوور بوو لە سەر ئەو بۆچوونە کە بە جەماوەریی کردن دەبێ لە ڕێگای بەرنامەیەکی بە نەتەوەیی کردن (nationalisation) ئەنجام بدرێ، واتە حکومەت وەک ئۆرگانی هاوبەشی سەرجەم هاوڵاتییان دەبێ خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە دەستەوە بگرێ. ئەوە ئەو مۆدێلە بوو کە پاشان لە یەکیەتیی سۆڤیەت و باقی ئابووریە پلان داندراوەکانی ئورووپای خۆرهەڵات بەڕێوە چوو. ئێستا زۆر جار ئەو مۆدێلە وەک "سوسیالیزم" سەیر دەکرێ بەڵام ئەگەر مرۆڤ بڕوانێتە پێشینە مێژوویی‌یەکەی، ئەوە تەنیا سادە کردنەوەیە.

قوتابخانە فکرییەکەی‌تر لای وابوو کە خاوەندارێتی جەماوەریی دەبێ لە ڕێگای سەندیکا کرێکارییەکانەوە ڕێک بخرێت، ئەم هێڵە فکرییە بە سێندیکالیزم ناوزەد دەکرێ، زاراوەیەک کە لە وشەی فەرەنسی یەکیەتیی کرێکاران ڕا هاتووە واتە سێندیکات. نموونەیەک لەم شێوە خاوەندارێتییە ئەو کۆمپانیا هەرەوەزییەکانی کرێکارانن (تەعاونی). ئەو فکرانە هیچکات وەر نەگێڕدراونەوە سەر سیاسەتی بە کردەوە بەڵام لە گفتوگۆکانی ناو ئەو

باسەی کە جارجار بە دێموکراسی پیشەسازیی ناسراوە دەوریان هەبووە، گفتوگۆیەک کە لە ناو ڕیزەکانی سوسیال دێموکراسی سوێدی بووەتە باس لە سەر "کاری باش" (The good work).

لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەم لە ئوروپا و یەکیش لەوان لە ناو جووڵانەوەی سوسیال دێموکراسی سوێد ڕێبازێکی سێهەم سەری هەڵدا کە بە شێوەیەکی کراوە وەک ئابووری تێکەڵ ناسراوە کە کێشەکە بە تەواوی لە جەخت کردن لە سەر خاوەندارێتی دەگوێزێتەوە بۆ سەر مافی بەکار هێنانی دەسەڵات.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە بەجەماوەریی کردن (بە نەتەوەیی کردن)ی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان قەت ئامانج نەبووە بەڵکوو ئامراز بووە. مافی خاوەنداریی تاکیی قەرار بوو هەڵوەشێتەوە چونکە ئەو وەک هۆی سەرکوت کردن و بێدادی سەیر دەکرا، ئەوە هەڵوەشاندنەوەی سەرکوت کردن و بێدادی بوو کە ئامانج بوو نەک بە نەتەوەیی کردن وەک خۆی.

ئەزموونی بە کردەوەی ڕووداوەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت دوای شۆڕشی ١٩١٧ دوو شتی نیشان داوە. لە لایەکەوە دوای بەنەتەوەیی کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان زوڵموزۆر لە ناو نەچوو. ئەوە لە ڕاستیدا تەنیا جێگۆرکێی شێوەیەک لە زۆرداریی بە شێوەیەکیتر بوو. لە لایەکیترەوە

زۆر ئاشکرا بوو کە بۆ ئەوەی کە گشت ئەو پێکهاتە بازرگانییە نەتەوەیی کراوانە وەها کار

بکەن کە بە شێوەیەکی کاریگەر وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی خەڵک وەک خواردەمەنی، جلوبەرگ، خانوو بەرە، کەلوپەل و هەروەها ئامێرەکانی کار بن تووشی گیروگرفتی گەلێک مەزن ببو. گوستاڤ مۆللێر لە وتارێکدا لە ساڵی ١٩١٨ نووسی کە تەنیا هۆیەک بۆ ئەوەی کە خەڵک لە سیستەمێکی بەرهەمهێنانی سوسیالیستی پشتیوانی بکەن ئەوە بوو کە

شێوەی گوزەرانیان لەو ڕێگایەوە بە ڕاستی باشتر بێت، بۆچی سیستەمێکی نوێ دامەزرێنن کە تەنیا ببێتە هۆی خراپتر بوونی باری گوزەرانیان؟

ئەزموونی خودی سوێد لە بە ڕواڵەت لیژنەی نەتەوەیی کردن کە لە لایەن دەوڵەتی سوسیال دێموکرات لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا بە گشتی ئاماژەی بە هەمان ئاکام کرد واتە: گواستنەوە لە داخوازییە گشتی و پرەنسیپییەکان بۆ خاوەندارێتی جەماوەریی تا لایەنە پراکتیکییەکانی وەک چۆن ئەو کارە بە شێوەیەکی کۆنکرێت ڕێکبخرێت، تووشی دژواری گە لێک مەزن بوو.

ئەوە بە شێوەیەکی گشتیی دەکرێ بگوترێ کە لاوازیی تیۆرییەکانی سوسیالیستی کلاسیکە: ئەوان مامەڵە لە گەڵ ئابووری لە ئاستی نیشتمانی و لە ڕوانگەی دەسەڵات و دابەش کردنەوە دەکەن. ئەوان بە تەواوی پرسیارە پراکتیکییەکان پشتگوێ دەخەن، وەک چۆن کۆمپانیاکان، کە بناغەی ئابووری پێکدێنن، وایان لێ بکرێ کە بە شێوەیەکی کاریگەر و بە ئاسانی لە پەیوەندیی لە گەڵ پێداویستییەکانی هەر دەم لە گۆڕینی کڕیاراندا کار بکەن. مارکس پسپۆری ئابووری نەتەوەیی بوو نەک پسپۆری ئابووری بازرگانی. لە پەیوەندی لە گەل سیاسەتی بەکردەوە کە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر هەڵسوکەوت لە گەڵ پێکهێنانی مەرجە شیاوەکان بۆ دەستەبەر کردنی گەشەکردنی ئابووری دەکەن کە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان پێشمەرجی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تەناهین هیچ ڕێگایەک نییە جگە لە کەڵک وەرگرتن لە ئابووری بازرگانی. "ئێمە ناتوانین سوسیالیزم بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمێکی بەرهەمهێنان دابین بکەین کە پاڵی داوەتە سەر دارشەقە" وەک لە وتاری گوستاف مۆللێردا هاتووە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد. ئەوە لەو شوێنانەیە کە تیۆرییە کلاسیکەکان ناتوانن وەڵامێک پێشکەش بکەن.

بە درێژایی ساڵەکانی ١٩٢٠ باسە تیۆرییەکانی ناو سوسیال دێموکراسی بە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە سەر بە نەتەوەیی کردن و گەڕان بە دوای بەدیلێکدا دەستی پێکرد. یەکێک

لەو کەسانە کە دەوری سەرەکیی لەو گفتوگۆیانەدا گێڕاوە نیلس کارلێبی بووە کە سەرپەرشتی کۆمیسیۆنی بە نەتەوەیی کردن بوو. هاوتەریب لە گەڵ ئەو گفتوگۆ تیۆریکییە، باسێکیش لە بارەی دیتنەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەی بێکاریی بەربڵاوی ساڵەکانی ١٩٢٠ لە ئارا دا بووە، واتە بە کردەوە گفتوگۆیەک لە سەر سیاسەتێکی ئابووری نوێ کە دەوڵەت لەوێدا ڕۆڵێکی فرە چالاکتر لەوەی کە لە تیۆرییە ئابووریەکانی باوی ئەو سەردەمدا باسیان کرابوو، بنوێنێ.

لەو گفتوگۆیەدا سوسیال دێموکراتی وەک ئەرنست ویگفۆش و گوننار میردال دەوری سەرەکییان هەبوو، بەڵام ئەو باسە تەنیا لە ناو سوسیال دێموکراسیدا لە ئارادا نەبوو بەڵکوو چەندین ئابووریزانی لیبراڵ دێموکرات و یەکێک لەوان بەرتیل ئولین کە دواتر بوو بە ڕێبەری حیزبی لیبراڵی گەل (Folkpartiet) کاریگەریی گرینگیان هەبوو. بەڵام لە ناو سوسیال دێموکراسیدا ئەو بۆچوونە نوێیانە لە سەر ئابووری پەیوەست کرانەوە بە گفتوگۆ تیۆرییەکان لەمەڕ دەسەڵات بە سەر گەشە کردنی کۆمەڵگا و لەوێوە مۆدێلی ئایدیۆلۆژی سوسیال دێموکراسی پەرەی پێدرا. لەو مۆدێلەدا مافی بەکار هێنانی دەسەڵات و نەک مافی فەرمیی خاوەندارێتی دەکەوێتە ناوەندی باسەکە.

ڕەخنەگرتن لە خاوەندارێتی تاکیی لە سەدەی نۆزدەدا دەبێ لە پەیوەندیی لە گەڵ ئەو ڕاستییەدا سەیر بکرێ کە خاوەندارێتی، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی مسوەگەر دەکرد. لە کۆمپانیاکان، خاوەنەکان مافی بێ سنووریان بە سەر مووچە و کاتی کار و مەرجەکانیتری کاردا هەبوو.

دەسەڵاتی سیاسیش هی ئەو کەسانە بوو کە باری ئابووریان باش بوو، بە پێی یاسای دەنگدان دەبوو دەنگدەران ئاستی سامان یا خود داهاتیان ئەوەندە بێ کە تاقمێکی زۆر کەم لە کرێکاران دەگەیشتنە ئەو ئاستە. بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی کە لە بواری مافی کرێکاران لە کارخانەکاندا هەوڵیان دەدا هەڕەشەی دەرکردنی دەستبەجێیان لێدەکرا و ئەوانەی ناڕەزایەتییان

بەرامبەر بە تاقمی دەسەڵاتدار (ئولیگارشی) دەر دەبڕی تووشی مەترسی لێکۆڵینەوە و تەنانەت زیندانی کران دەبوون. زۆربەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەرەتایی کرێکاریی هەندێک جار تووشی دادپرسیی و زیندان بوون، ئەوان مەحکووم بە تاوانی وەک "کفر"، "خیانەت بە پاشا" و "بێ حورمەتیی بە پارلمان" بوون کە خودی تۆمەتەکان بە ڕوونی نیشانی دەدەن کە مەسەلەی سەرەکیی چی بوو: ڕەخنە گرتن لە سیستەمی داسەپاوی کۆمەڵایەتی.

بەڵام پێ بە پێی بەهێزتر بوونی جووڵانەوەی کرێکاریی هەم لە بواری سیاسی و هەم لە ناو سەندیکاکانی کرێکارییدا، پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و خاوەندارێتی وەک شتێک سەیر دەکرا کە بکرێ بە بێ نەتەوەیی کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بپچڕێت. کاتێک کە دەسەڵاتی سیاسی گرێدرا بە مافی دەنگدان و نەک خاوەندارێتی، سیاسەتی یاسا دانان و ئابووری توانرا بۆ پێشخستنی داوا جەماوەرییەکان بۆ ئاسایش و دادپەروەریی کەڵکی لێوەرگیرێت. کاتێک کە یەکیەتییەکانی کرێکاریی بەهێزتر بوون، کرێکارەکان توانیان بەرژەوەندییەکانیان لە دژی خاوەن سەرمایەکان لە پەیوەندی لە گەڵ مووچە و مەرجەکانی کار برەو پێ بدەن. و هاوتەریب لەگەڵ چوونە سەری داهاتی کرێکاران، ئەوان توانیان داواکارییەکانیان وەک کڕیار لە دژی خاوەن کۆمپانیاکان بەرز بکەنەوە.

بە واتایەکیتر توانرا بەربەرەکانی لە دژی بێدادیی و چەوساندنەوە بکرێ، بێ ئەوەی خۆ تووشی ئەو دژوارییە سیاسی و ئابووریانە کە میراتی سیستەمی بەتووندی سەنترالیزە کراون بکەین. ئەوەش بە بێ مەترسیی هێنانە کایەی شێوازی نوێی سەرکوتکەریی کە بە ناچار لە سیستەمێکدا سەر هەڵدەدا کە تەنیا ڕێگا بە یەک حیزب و یەک جۆر بۆچوون لە بارەی چۆنییەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و ئابووری دەدا.

هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە گشت بێدادیی و گشت دژوارییەکان لە ناو دەچن. ڕێگا چارەی وەها کە لەوێدا هیچ کێشەیەک نە بێ لە ڕاستیدا

بوونیان نییه. بەڵام مۆدێلی سوسیال دێموکراسی بەو مانایە بوو کە دەسەڵات لە خاوەندارانەوە گوازرایەوە بۆ کرێکاران و بەو شێوەیە ئامانجەکانی وەک ئازادی، یەکسانیی، ئاسایشی ئابووری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی (جگە لەوانە دەبێ ئاماژە بە داوا سەرەکییەکانی وەک دێموکراسی و دەسەڵاتیش بکرێ) تا ڕادەیەکی یەکجار زۆرتر لە بەراورد لە گەڵ ئەو وڵاتانەی کە گوایە ڕەوتی فکری "ئۆرتۆدۆکسیان" پەیڕەو دەکرد وەدیهاتن.

هەر چۆنێک بێ، ئەمڕۆ ئێمە دەبینین کە چۆن شوێنەکانی دەسەڵات وەک ئاکامی ئاڵوگۆڕەکان لە ئاستی ناونەتەوەییدا بۆ جارێکیتر لە گۆڕاندان. بە جیهانیی بوونی ئابووری لە زۆر بواردا بووەتە هۆی زیاد بوونی دەسەڵاتی خاوەندارێتی، سەرمایە، بە سەر کۆمەڵگا و تاکەکاندا.

ئە رکی قورسی داهاتوو دیتنەوەی ئامرازی سیاسی نوێیە کە ببێتە هۆی وەر گرتنەوەی دەسەڵات بە بێ گرفتار بوون بە سیستەمێک کە دێموکراسی سنووردار بکا.

## بەهاکانی سوسیال دێموکراسی:

### ئـــازادی

جووڵانەوەی ئازادیخوازیی، بە شێوەی جۆراوجۆر، لە هەموو سەردەمێکدا بوونیان هەبووە. سەرهەڵدانی کۆیلەکان لە سەردەمی زۆر کۆندا، سەرهەڵدانی وەرزێران لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، شەڕە ئایینییەکان لە سەدەی ١٧ و جووڵانەوەکانی ڕزگاریی نەتەوەیی لە ئوروپا لە سەدەی نۆزدەدا.

بەڵام ئازادی هەمیشە هەمان مانای نەبووە کە ئەمرۆ ئێمە باسی لێوە دەکەین. هەر ئەو نەجیبـزادە سوێدییانەی کە شەڕیان بۆ بەرگریی کردن لە مافی کلیسای پڕۆتستان بۆ دەرباز بوون لە دەسەڵاتی پاپ کرد هەر جۆرە جیاوازییەکی ئایینییان لە وڵاتی خۆیان سەرکوت دەکرد. جووڵانەوەکانی ئازادیخوازیی نەتەوەیی لە سەدەی ١٩ ئامانجیان ڕزگار کردنی وڵاتەکانیان لە سەرەڕۆیی نەتەوەکانیتر بووە. بەڵام ئەو وڵاتانەی کە بەو شێوەیە ئازاد بوون کرداریان زۆر بێبەزەییانە بوو بەرامبەر بە تاقمە کەمایەتییەکانی ناو سنووری خۆیان و چەوسێنەرە تازەکان گشت سەر هەڵدانێکیان بە دژی دەسەڵاتی خۆیان کپ دەکرد.

بازرگانەکان و چینی خاوەن ناوەندی پیشەسازیی کە لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ لە ئوروپا سەریان

هەڵدا، داوای ئازادییان لە چنگ یاسا و بەربەستەکان و هەروەها ئەو هەموو زێدەمافییە جیاجیایانە دەکرد کە چینە باڵا دەستەکانی خاوەن زەوی هەیان بوو و کە ببوو بە کۆسپێک لە سەر ڕێگای گەشە کردنی بازرگانیی و بەرهەمهێنان. بەڵام کاتێک کە کرێکاران داوای مافی گفتوگۆ کردن لە سەر مووچە و مەرجەکانی کاریان کرد ئەوسا داوای ئازادی کوتوپڕ کۆتایی پێهات.

وەک ئەرنست ویگفۆش جارێک پرسیاری کرد: "ئازادی، بەڵێ، بەڵام بۆ کێ؟ و بۆچی؟"

"ئازادی" وشەیەکە بە زۆر پلەی ماناوە و هەرگیز هێندە ساکار نییە کە کۆنەپارێزەکان و نوێ لیبرالەکان دەیانهەوێ نیشانی بدەن، کاتێک کە باسی ئازادی تاک وەک شتێک کە دژی بڕیارەکانی جەماوەرییە دەکەن.

هیچ مرۆڤێک ژیانی خۆی لە سەربەخۆیی تەواو لە پەیوەندیی لە گەڵ مرۆڤەکانیتر تێپەڕ ناکا، ئەوە نەک تەنیا بەو هۆیە کە مرۆڤەکان بە گشتی زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتیین بەڵکوو هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتی پێویستیی ئێمە بە هاوکاریی مرۆڤیتر بۆ مانەوە و ئاسوودەیی خۆمان. هیچ کەس ناتوانێ خانووی خۆی بە تاقی تەنیا دروست بکا، جلوبەرگی خۆی بدروێ، خواردەمەنی خۆی دابین بکا، کاری لولەکێشی خۆی بۆ خۆی بکا، ئامرازی ڕاگواستن بۆ خۆی دروست بکا و چارەسەری نەخۆشیەکانی خۆی بکا. ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ دەستی بەو هەمو شتانە و بە ئەو ئازادییە کە بە دوای دەرباز بوون لە برسییەتیی، سەرما و نەخۆشیی دێتە ئارا ڕابگا، دەبێ هاوکاریی مرۆڤەکانیتر بکا. یا ئەگەر بمانهەوێ بە جۆرێکیتر باسی بکەین: چارەسەری جەماوەریی پێویستن. چارەسەرییە جەماوەرییەکان پێشمەرجی ئازادیی جموجۆڵ بۆ تاکن و دابینکەری دەرفەتی ڕێکخستنی ژیانی تاک.

بەڵام ئەو چارەسەرییە جەماوەرییانە بە نۆبەی خۆیان دەخوازن کە تاکەکان یاساکانی پێویست بۆ کار کردنی کۆمەڵگا قبووڵ بکەن. کرداری ئێمە کاریگەریی لە سەر ئەوانیتر هەیە، بە هەمان شێوە کردەوەی خەڵکیتر کاریگەریی لەسەر ئێمە هەیە. هەر بۆیە ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمە پێکەوە تیایدا دەژین، لە پشت بەستنی دوو لایەنە بە هەڵسوکەوتنە جیاوازەکانمان، دەبێ لە سەر یاسای وەها دابمەزرێت کە گشت لایەک ڕێز لەم یاسایانە بگرن و ئەو ڕێز گرتنە بە نۆبەی خۆی دەخوازێ کە یاساکانیش هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگا لە بەر چاو بگرن و نەک تەنیا بەشێک لەوان.

بۆیە هەمیشە ناکۆکییەک هەیە لە نێوان داواکانی تاک بۆ ئازادی و ئەو سنوورانەی کە بۆ ئازادی هەر تاکێک بۆ پاراستنی ئازادی ئەوانیتر دیاری کراوە.

یاساکانی هاتووچۆ نموونەیەکی ئاشکران بۆ ئەو مەبەستە، سنوورەکانی خێرایی، سنووردار کردنی پارک کردنی ئوتۆمبێل، هتد هەڵبەت دەبنە هۆی دانانی سنوور بۆ ئازادی ڕەهای لێخوڕی ئوتۆمبێل کە ئەو بتوانێ هەر چۆنێک پێی خۆش بێ ئوتومبێل لێ بخوڕێ یا خود لە هەر شوێنێک پێی خۆش بێ ئوتۆمبێلەکەی ڕابگرێ. لە هەمان کاتدا یاساکان ئازادی زیاتر لە سەر  شەقامەکان و مەیدانەکان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ئوتۆمبێل لێ ناخوڕن دەستەبەر دەکا کە بە بێ ئەو یاسایانە هەڵسوڕانیان بە هۆی ئەو هەموو ئوتۆمبێلانە گەلێک دژوار دەبێت. لە ڕاستیدا ئەو یاسایانە ئازادی شۆفیری ئوتۆمبێلەکانیش زیاد دەکەن. لە سیستەمێکدا کە هیچ یاسایەک نەبێ زۆر بە سادەیی ئاژاوەی هاتووچۆ دێتە پێش و هیچ کەس ناتوانێ بۆ هیچ شوێنێک بچێ.

لە سەرووی هەمووان ئەوە "دۆکترینی ئازادی"  نوێ لیبرالەکان بە جەخت کردنی تۆکمە لە سەر تاکگەراییە (indvidualism) کە وا دەنوێنن کە بەستراوەیی دوو لایەنە بوونیان نییە و نایانهەوێ ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییانە لە بەر چاو بگرن کە ئازادی تاکەکەسیی دەبێ لە ناویدا دابین بکرێ. بۆ ئەو کەسانەی کە بە تەنیایی لە بیابان دەژین دەگونجێ کە هەرکات و لە هەر شوێنێک حەز بکەن جگەرە بکێشن چونکە زیانی جگەرەکێشان تەنیا خۆیان دەگرێتەوە. بەڵام کاتێک کە تۆ لە گەڵ مرۆڤیتردا بژی و داوای مافی ئەوە بکەی کە هەرکات و لە هەر شوێنێک کە پێت خۆش بوو جگەرە بکێشی، ئەو کات تۆ ئازادی مرۆڤیتر بۆ پارێزگاریی لە تەندروستی خۆیان پێشێل دەکەی.

لە بەر ئەو هۆیە بۆچوونی نوێ لیبرالەکان لە مەڕ ئازادی، لە کردەوەدا تەنیا ئازادی بۆ بەهێزەکانە، ئازادییەک کە نرخەکەی دەبێ بە کەم

کردنەوەی ئازادی ئەو مرۆڤانە بدرێ کە هێندە بەهێز نین. ئازادی بازرگانەکان بۆ بڕیاردان لە سەر مەرجەکانی کار بەو مانایەیە کە ئازادی کرێکارەکان بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتیان بە سەر کارەکەیانەوە هەبێ کەم ببێتەوە، ئازادی خاوەن خانووبەرەکان بۆ بڕیار دان لە سەر موڵکەکەیان، ئازادی کرێنشینەکان لە سەر شوێنی ژیانیان کەم دەکاتەوە و ئازادی خاوەن زەوییەکان بۆ دروست کردنی خانووبەرە لە کەنار دەریا و ڕووبارەکان ئازادی خە ڵکی تر بۆ گەشت و گوزار لەو شوێنانە کەم دەکاتەوە.

چەمکی ئازادی سوسیال دێموکراسی جەخت لە سەر ئازادی بۆ زۆرینە دەکاتەوە. ئەوە پەرچەکردارێکە لە دژی نەبوونی ئازادی و ئەو زەختە کە خەڵک تووشی دەبن کاتێک کە بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە مەرجەکانی ژیانی ئەوان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی تاکیی یەکێکیتر دەدرێن. سوسیالیزمی دێموکراتیک داخوازی‌یەک بوو بۆ ڕزگار بوون لە زۆرداریی و سەرشۆڕیی، لە برسیەتیی و نەزانیی، لە مەترسیی بێکاریی، نەخۆشیی و پیریی، و داخوازییەک بوو بۆ ئازادی بەشداریی چالاکانە و بڕیاردانی هاوبەش، بۆ پێشکەوتنی تاکیی و دەرفەتی شوێن دانان لە سەر ئەو کۆمەڵگایە کە ژیان و داهاتووی تاکەکان دیاری دەکا و بە هەمان شێوەش دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەو ئازادییە قەرارە لە لایەن هەمووانەوە کەڵکی لێ وەرگیرێ، ئەوکات پێویستە هەندێک سنوور دیاریی بکرێن بە تایبەتی لە سەر ئازادی تاکە بەهێزەکان بۆ ئەوەی کە داوای مافی پتر لە هی خەڵکیتر نەکن و بۆ ئەوەی کە خەڵکیتر بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان نەچەوسێننەوە.

ئەو کەسانەی کە بە مافی بەهێزەکان هەڵدەڵێن و ئازادی وەک دەسکەوتێکی تاکیی دەبینن کە دەبێ لە پێشبڕکێ لە گەڵ خەڵکی تر ببردرێتەوە و کە (دۆڕاوە کان) ئەگەر بدۆڕێن تەنیا دەبێ سەرزەنشتی خۆیان بکەن، ئەو سنووردانانە لە سەر ئازادی بە شتێکی نا پەسەند دەزانن. بەڵام ئەگەر مرۆڤ ئازادی بڕیاردان لە سەر ژیانی خۆی وەک

مافی مرۆڤی جیهانی ببینێ بە ناچار دەبێ قبووڵ بکا کە مافی تاکە بەهێزەکان دەبێ لە پێناو بەرژەوەندیی ئەوانیتر سنووردار بکرێ.

هەمیشە لە نێوان تاک و کۆمەڵدا ناکۆکییەک هەیە ، ناکۆکییەک کە ئاکامی بە ناچاری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵک هاوکات هەم تاکن و هەم بوونەورەێکی کۆمەڵایەتین. ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی یەک لایەنە پێ لە سەر ئازادی جموجۆڵی تاکەکان دابگرێ ئاکامەکەی سیستەمێکە کە لەوێدا بەهێزەکان لاوازەکان دەچەوسێننەوە. ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی یەک لایەنە جەخت بکاە سەر داواکارییەکانی کۆمەڵگا بە گشتی، ئەوسا مەترسی ئەوە هەیە کە پێداویستییەکانی تاک بە بێمەرج دەکەوێتە ژێر ڕکێفی پێداویستییەکانی کۆمەڵ. هەر وەک ئێمە دەبێ بەرامبەر بە مەترسیی یەکەم وشیار بین بە هەمان شێوە، ئێمە وەک سوسیال دێموکرات، دەبێ بەرامبەر بە مەترسییەکەی تریش وشیار بین. ئێمە دەبێ وشیار بین لە دژی بە ڕەوا پیشان دانی سنووردار کردنی ئازادی تاکەکان بە شێوەیەکی ڕۆتینی، چونکە ئەوە بە واتایەکی گشتی، لە وانەیە وەک زیاد کردنی ئازادی ئەوانیتر سەیر بکرێ.

هەندێک نموونە هەن کە چۆن لەوێدا کۆمەڵەکان دەتوانن یەک فۆرمیی شێوەی ژیان و بیر کردنەوە بسەپێنن بە بێ ئەوەی کە ئەو کارە لە ڕوانگە ی پێویستییەکانی گشتییەوە ڕەوا بن. کۆمەڵ دەتوانێ بە بیانووی دڵسۆزیی بۆ جەماوەر هەموو باسێک کپ بکا و پێش بە پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە بەو بڕیارانە بگرێ کە بە ناوی کۆمەڵ پەسەند کراون. جەماوەر دەتوانێ تاقمی کۆنترۆلکەری پێشڕەو (elite) دروست بکا کە بە کردەوە ئەوان بچەوسێنێتەوە، نەک بۆ بڕیاری وەها کە بە قازانجی گشتی بن بەڵکوو لە پێناو بەهێز کردنی پلەی خودی ئەو تاقمە دەسەڵاتدارانە. ئەمجۆرە مەترسییانە لە گشت کۆمەڵێکدا هەن بە بێ جیاوازیی ڕێبازی سیاسی. توێژینەوەکانی کۆمەڵناسیی ئاشکرایان کردووە کە مەزنترین هاوشێوازیی بۆچوون لە ناو تاقمی بازرگانی کەرتی تایبەت بەدی دەکرێ. بەڵام وەک سوسیال دێموکرات کە بۆچوونی بنەرەتییان ئەوەیە کە ئازادی تاک دەبێ

له ڕێگای ئەو کۆمەڵگایەوە کە تاک ئەندامییەتی دابین بکرێ، لە پەیوەندیی لە گەڵ شێوازە مەترسیدارەکانی سیستەمی هەرەوەزی (Collectivism) دەبێ وریا بین. جگە لەوەش ئێمە دەبێ قەت لە بیر نەکەین کە دابین کردنی ئازادی بۆ گشت لایەک هەڵبەت پێویستیی بە هاوسەنگیی بێپسانەوە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی تاقمە جیاجیاکان و تاکەکاندا هەیە، بەڵام ئەو ئازادییە هەرگیز ناتوانێ ڕێگا بە سازش کردن لە سەر داخوازییە بنەڕەتییەکان بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و هەروەها دێموکراسی سیاسی بدا.

ئازادی لە لایەن سیستەمێکی هەرەوەزیی بە ئەو تیژبینییە کە ئێمە وەک ئەندامانی کۆمەڵگا پێویستیی دوو لایەنەمان بە یەکتر هەیە و کە ئێمە دەبێ هەندێک یاسای دیارییکراو پەیڕەو بکەین، ناکەوێتە مەترسییەوە. لە لایەکیترەوە ئازادی لە لایەن هەر جۆرە بنئاژۆخوازیی، لە بواری دینی، سیاسی و ئابوورییەوە هەڕەشەی لێدەکرێت. بنئاژۆخوازیی دەکرێ وەک ڕوانگەیەک وەسف بکرێ کە ڕێبازی ئەو تاقمەیەی کە مرۆڤ ئەندامیەتی بە گوێرەی هەندێک ئەرکی مەزنتر و لە پێشدا بڕیاردراو کە لە لایەن خودا، مێژوو یا خود بازاڕەوە دیاری کراوە دروستە.

ئەگەر مرۆڤ، لە بنەڕەتدا ڕێگای دروست بێ، ئیتر هیچ هۆیەک نییە کە ئەو، ڕوانگەی

خەڵکی تر کە بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە بەر چاو بگرێ. بە پێچەوانە لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان و لە بەر بەرژەوەندیی گشتی، گرینگە کە ئەوان دەرفەتی دەربڕینی بیروباوەڕە هەڵەکانیان پێ نەدرێ.

بۆیە کراوەیی بەرامبەر بە ڕوانگە و بۆچوونە جیاوازەکان، ئامادەیی گوێ گرتن بە ڕێزەوە و ئاڵوگۆڕ کردنی بۆچوونەکان لە بۆ گەیشتن بە باشترین ڕێگاچارەی هاوبەش یەکێک لە شەرتە پێویستەکانی گشت جووڵانەوەیەکی دێموکراتیک و هەرەوەزییە. ئەوە بە هەمان ئەندازە داوایەکە کە دەبێ ئاراستەی گشت هاوڵاتییانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک بکرێ.

بەهاکانی سوسیال دێموکراسی:

## یەکسانیی

داخوازی یەکسانیی یەکێک لە داخوازییە سەرەکییەکانی سوسیالیزمە. لە هەمان کاتدا ئەوە داوایەکە کە زۆرجار بە هەڵە لێکدراوەتەوە، ئەویش نەوەک تەنیا لە لایەن نەیارانییەوە.

زۆرجار داوای یەکسانیی لە بەرەی کۆنەپارێزەکانەوە بە بیانووی ئەوە کە مرۆڤەکان جیاوازن ڕەت دەکرێتەوە. داوای یەکسانیی وا لێکدەدرێتەوە کە گوایە بەو مانایەیە کە هەموو کەس دەبێ بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکرێ و دەبێ ژیانیان دروست بە یەک شێوە بە سەر بەرن. لە هەمان کاتدا ئەو خولیایە لە ناو ئەو کەسانەی کە بەرگریی لە یەکسانیی دەکەن هەیە کە ئەوی بە شێوەیەک لێکبدەنەوە کە هەموو کەس دەبێ وەک یەک بژین.

هەڵبەت ئەوە هەڵەیە، یەکسانیی بە مانای هاوشێوەیی نیە. هەروەک پێشدا ئاماژەی پێکراوە خەڵک زۆر لێک جیاوازن، بەڵام لە هەندێک ڕوانگەوە ئێمە هەموومان وەک یەکین.

هە ر کەس وەک تاک بایخی خۆی هەیە، هەر کەس مەرج و لێهاتوویی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ پێشکەوتن، هەر کەس خەون و هیوای تایبەت بە خۆی هەیە لە سەر ژیان و لە سەر داهاتوو و ئێمە هەموومان ئەندامی کۆمەڵگاین. شێوەی ڕێکخستن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئەو دەرفەتانە دیاری

دەکەن کە ئێمە وەک تاک هەمانن تا بتوانین توانا شاراوەکانمان وەگەڕ بخەین و خەونەکانمان لە بارەی داهاتوودا وەدی بێنین.

لەو پەیوەندیی‌یەدا داخوازیی یەکسانیی داخوازی‌یەکە بۆ یەک فۆرمیی، هەمان دەرفەت بۆ گەشە کردنی کەسێتی خۆت و فەرمانرەوایی بە سەر ژیانی خۆتدا.

کۆمەڵناسی ئینگلیسی ڕیچارد تیتموس(Richard Titmuss) ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەک ئەو سامانە وەسف کردووە کە لەبەردەست تاکەکان دایە تا بە یارمەتی ئەو تاکەکان بتوانن ڕێکخەر و بڕیاردەری مەرجەکانی ژیانی خۆیان وەک تەندروستی، زانست، وزەی جەستەیی و دەروونی، پەیوەندیی‌یەکانی کۆمەڵایەتیی، تەناهی کۆمەڵایەتی و هتد بن.

ئەوە شتێکمان لە سەر مانای یەکسانیی پێ دەڵێ، واتە دەرفەتی وەک یەک بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ مەرجەکانی ژیانی خۆی  کۆنترۆل بکا. ئەوە هەروەها بەو مانایەشە کە سیاسەتی یەکسانیی دەبێ جەخت لە سەر چ شتێک بکاەوە: دروست کردنی ئەو جۆرە سەرچاوەی دەسەڵاتە بە شێوەیەکی یەکسان.

بێگومان بناغەی هەموو ئەوانە دێموکراسی سیاسییە، کە هەروەها دەکرێ وەک دەرفەتی یەکسان بۆ کاریگەریی لە سەر ئەو بڕیارانە کە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دیاریی دەکەن وەسف بکرێ و کە بە نۆبەی خۆی مەرجەکانی ژیانی مرۆڤ دیاری دەکەن. مافی گشتیی و یەکسانی دەنگدان تەنیا داوایەک بۆ ئازادی نییە بەڵکوو بە هەمان شێوە داوایەکە بۆ یەکسانیی.

بەڵام ئەو یەکسانییە فەرمییە بۆ دروست کردنی سامانی یەکسان نە بۆ کارتێکەریی لە سەر کۆمەڵگا و نە لە سەر بارودۆخی خۆت وەک تاک بەس نییە.

زانست یەکێک لە گرنگترین سەرچاوەکانی دەسەڵاتی تاکە، هەم لە بازاڕی کار و هەم بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ وەک تاک. لە بەر ئەو هۆیە پەروەردە و فێرکردن (بە چۆنایەتییەکی باش و لە ئاستی پێویست) دەبێ مافێک بێ بۆ هەمووان بە بێ لە بەرچاو گرتنی توانایی ئابووری تاکەکان.

تەندروستیش هەروەها سامانێکی گرینگی تاکییە. لە بەر ئەوە دەبێ چاوەدێری تەندروستیی (بە چۆنایەتییەکی باش و لە ئاستی پێویست) مافێک بێ بۆ گشت لایەک. بۆیە دەبێ خەڵک بتوانن کارتێکەرییان بە سەر شوێنی کارەکانیاندا هەبێ تا ئەو کارەی کە دەیکەن زەرەری بۆ تەندروستییان نەبێ.

ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتییش هەروەها سەرچاوەی دەسەڵاتن. ئەو کەسانەی کە خۆیان لە بەستراوەیی ئابووری بە خەڵکیتردا دەبینن توانای برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان

نییە. ئەو کەسانەی کە بە دژواری بژیوی خۆیان دابین دەکەن و گشت کات نیگەرانی نەخۆشی یا بێکارییین، هیچ بواری گەشە کردنی تاکییان نییە یا ئەگەر هەیانبێ زۆر کەمە. بێگومان ئەو شتەی کە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتییە ئەوەیە کە خەڵک کارێکیان هەبێ کە بە داهاتەکەی بتوانن بژیوی خۆیانی پێ دابین بکەن. پارێزگاریی ئابووری لە کاتی بێکاری و لە تەمەنی پیریی‌دا بۆ دانی دەسەڵات بە دەست خەڵک بە سەر ژیانی خۆیاندا گرینگن.

## دەرفەتی یەکسان یا ئاکامی یەکسان؟

ئەو شتەی کە سیاسەتی یەکسانیی دەتوانێ دروستی بکا دەرفەتی یەکسانە بۆ خەڵک؛ ئەوەی کە خەڵک چۆن باشترین کەڵک لەو دەرفەتانە وەر دەگرن پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. سیاسەتی یەکسانیی نە دەتوانێ و نە

دەش بێ هەمووان ناچار بکا کە بەرەو یەک ئاراستە بڕۆن بۆ ئەوەی کە بە یەک ئامانج بگەن.

لە فەلسەفەی سیاسییدا زۆرجار دەرفەتی یەکسان و ئاکامی یەکسان لێک جیا دەکرێنەوە. ئەوە پێناسەکەی دووهەم واتە ئاکامی یەکسانە کە ڕەخنەگران کاتێک کە دەڵێن یەکسانیی و یەک فۆرمی هەمان شتن، بە شێوەیەکی ئاسایی کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئەگەر مرۆڤ داخوازیی بۆ یەکسانیی وەها وەرگێڕێتەوە کە هەموو کەس دەبێ لە هە موو بارودۆخێکدا هەمان ئاکام وەدەست بێنن ئەوە بەو مانایەیە کە هەموو کەس ناچار بکرێ کە بە تەواوی وەک یەک بن. بەڵام ئەو لێکدانەوەیە لە سەر یەکسانیی دژایەتی لەگەڵ ناوەرۆکی فکری یەکسانیی هەیە: مافی یەکسان بۆ خەڵک بۆ بەڕیوەبردنی ژیانی خۆیان، ئەگەر ئێمە گشت کەس ناچار بکەین کە ژیانیان بە یەک شێوە بەرنە سەر، گرنگ نییە ئەوە چەندە "یەکسان"  بێ، بە کردەوەاخەڵک هیچ دەرفەتێکیان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان پێ  نەدراوە.

هەندێک لە لایەنگرانی یەکسانیی کاتێک یەکسانیی وا لێک دەدەنەوە کە هەموو کەس دەبێ هەموو شتێکیان بە یەک ئەندازە هەبێ، زەرەر بە چەمکی یەکسانیی دەگەیەنن.

هەر چۆنێک بێ، تەنانەت ئەگەر ڕێسای بنەڕەتییش ئەوە بێ کە "دەرفەتی یەکسان" (لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆتدا) بێ، مرۆڤ ناتوانێ بە تەواوی داخوازیی " ئاکامی یەکسان" ڕەت بکاەوە. ئێمە دەتوانین قوتابخانە وەک نموونەیەک بێنینەوە: هەر کەس دەبێ هەندێک لێهاتوویی بنەڕەتیی هەبن بۆ ئەوەی کە بتوانێ وەک هاووڵاتیی کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێ وبتوانێ لە بازاڕی کاردا داکۆکیی لە خۆی بکا. لەو بوارەدا قوتابخانە دەبێ "ئاکامی یەکسان" وەدەست بێنێ. ئەوە بە نۆبەی خۆی دەتوانێ بە کردەوە "دەرفەتی جیاواز" بخوازێ واتە قوتابخانەکان کەڵک لە شێوازی فێرکردنی جیاواز وەر بگرن چونکە هەر شێوازێک بۆ هەموو قوتابییەک

به یەک شێوە گونجاو نیە. یا خود ئەوە دەتوانێ بەو مانایە بێ کە مرۆڤ دەبێ سەرمایەی زۆرتر بۆ ئەو قوتابییانە تەرخان بکا کە دژواریی زیاتریان لەوانیتر هەیە.

بەڵام ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە زیاتر لە زانیارییە بنەڕەتییەکان کە هەر کەس دەبێ هەیبێ، مرۆڤ ناتوانێ داوا بکا کە هەمو دەبێ بگەنە یەک پلە. کەسێک کە لە موزیک باشە دەبێ مافی ئەوەی هەبێ کە لێهاتووییەکەی گەشە پێ بدا هەروەک ئەو کەسەی کە لە بیرکاریی یا دارتاشیی یا مامەڵە کردن لە گەڵ خەڵک بەهرەمەندە دەبێ مافی ئەوەی هەبێ کە گەشە بە شارەزاییەکەی بدا.

لە ڕاستیدا یەکسانیی مافی جیاواز بوونیش دەگرێتەوە (بە بێ ئەوەی کە بەو مانایە بێ کە یەکێک لەویتر گرینگتر سەیر بکرێ یا خود بە شێوەیەک لە ئەوانیتر سەرووتر بێ).

تەنیا لەو کۆمەڵگایانەی کە بە ڕاستی یەکسانن مافی جیاواز بوون هەیە. لە کۆمەڵگای نایەکساندا هەمیشە هەندێک هەن کە جیا دەکرێنەوە، وەلا دەندرێن و هەر بۆیە هیچکات دەرفەتی ئەوەیان پێ نادرێ کە گەشە بە لێوەشاوەیی‌یە تایبەتی‌یەکانیان و کەسێتی خۆیان بدەن.

## ئازادی و یەکسانیی

زۆرجار وا باس دەکرێ، لانی کەم لە ناو توێژەرە کۆنەپارێزەکاندا، کە ئازادی و یەکسانیی بە واتایەکی گشتیی پێچەوانەی یەکترن.

ئەو تێزە لە سەر لێکدانەوەیەکی هەڵە لە سەر داخوازیی بۆ یەکسانیی وەک شتێک کە ئاکامی هاوچەشن بگریتەوە دامەزراوە. لە ڕاستیدا ئەگەر هەموو کەس بە زۆرەملی بخرێنە یەک قاڵبەوە ئەوە لەگەڵ ئازادیی

تاکەکان بۆ بڕیاردان لە سەر چۆنایەتیی بەڕیوە بردنی ژیان و بارودۆخی ڕۆژانەیان دژایەتیی هەیە.

بەڵام پێناسەی یەکسانیی ئەوە نییە کە دەڵێ هەموو کەس دەبێ بە تەواوی وەک یەک بن. یەکسانیی دەخوازێ کە هەموو کەس تەنیا لە بوارێکی تایبەتییەوە وەک یەک بن: مافی یەکسان بۆ بڕیاردان لە سەر مەرجەکانی ژیان. یا ئەگەر بمانهەوێ بە شێوەیەکی تر باسی بکەین، مافی یەکسان بۆ ئازادی.

ئەگەر ئێمە لە کاتی قسە کردن لە سەر داخوازیی ئازادی راستگۆ بین، هەڵبەت دەبێ مەبەستمان ئەوە بێ کە ئازادی مافێکە بۆ گشت کەس. ئەو کات باس کردن لە دژایەتیی نێوان ئازادی و یەکسانیی شتێکی نابەجێیە. بە پێچەوانە، یەکسانیی یەکێک لە پێشمەرجەکانی ئازادییە: تەنیا لە کۆمەڵگایەکی یەکساندا گشت کەس دەرفەتی ئازادبوونیان هەیە. لە کۆمەڵگایەکی نایەکساندا، کە لە وێدا ئەو کەسەی کە بە هێزترە ڕێگای پێ بدرێ کە لە سەر حسابی خەڵکی لاوازتر هەرچی پێی خۆش بێ دەستی بەسەردا بگرێ، هەندێک خەڵک دەرفەتی کەمتریان لە ئەوانیتر بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان دەبێ. بە هێزەکان مەرجەکانی ژیان بە سەر ئەوانیتر کە توانای کەمتریان هەیە دادەسەپێنن و بەم جۆرە ئازادی ئەوان کەم دەکەنەوە.

ئەگەر تێزی ناکۆکیی نیوان ئازادی لە گەڵ یەکسانیی فڕی بە ڕاستیی‌یەوە بێ، ئەوکات دەبێ ئازادی وەک مافی دەستبەسەر داگرتنی هەر شتێک کە پێت خۆش بێ لە سەر حسابی ئەوانیتر پێناسە بکرێ. ئەم جۆرە ئازادییانە، کە تەنیا تاقمێکی کەم پێی شاد بن لە کاتێکدا کە ئەوانیتر لێی بێبەش بن، هەڵبەت لە گەڵ ویستی یەکسانییدا دژایەتییان هەیە.

بە شێوەی گشتیی، ئەگەر ئازادی جۆرێک پێناسە بکرێ کە بە کردەوە ببێتە هۆی کۆیلەتیی و

نەبوونی ئازادی بۆ زۆربەی خەڵک، ئەوسا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئێمە باسی ئازادی دەکەین؟ ئایا ئەوە زۆرتر باس لە زێدەمافیی دەستەیەکی دیاریکراو لە خەڵک نییە؟

## یەکسانیی و کارامەیی

باسێک کە ناو بە ناو سەر هەڵ دەدا ئەوەیە کە "ڕادەیەکی زۆر" یەکسانیی زەرەری بۆ کارامەیی ئابووری هەیە. بە وتەی بەشێک لە قسەکەرانی کۆنەپارێز جیاوازیی ئابووری پێویستە؛ دەرفەتی دەوڵەمەند بوون، وەدەستهێنانی پارەی زۆرتر لە خەڵکیتر یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە بە وتەی ئەوان دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئابووری.

ئەوە شتێکی سروشتییە کە خەڵاتی تێکۆشان (وەک بۆ وێنە ئەو مووچەیەی کە بۆ ئەنجامدانی کارێک وەردەگیرێت) گرنگە بۆ ویستی کار کردن و بۆ وەدیهێنان. سوسیال دێموکراسی هیچکات

ئەو ڕوانگەیەی نەبووە کە هەموو کارێک دەبێ هەر هەمان مووچە ی بۆ دیاریی بکرێ، بەڵکوو هەمیشە قبووڵی کردووە کە ئەو کارانەی کە پلەیەکی بەرزتر لە خوێندن دەخوازن یا خود بارێکی قورس‌تر لە ئەرک دەخەنە سەر شانی فەرمانبەرانەوە دەبێ داهاتی پتر بە ئەنجام دەرانی بگەیەنن.

بەڵام ئەو بۆچوونە کە لێوەشاوەیی و بەرپرسیاریی دەبێ پاداشتی بۆ دیاریی بکرێ، سروشتییە کە دەبێ کار لە هەموو بوارەکاندا بگرێتەوە! مرۆڤ ناتوانێ تەنیا دەستەیەک لە کارەکان دیاریی بکا و بڵێ کە تەنیا کۆشش و لێوەشاوەیی لەم کارانەدا دەبێ بە شێوەیەکی تایبەت خەڵات بکرێن، لە کاتێکدا کە خاوەن کارەکانیتر دەبێ تووشی کۆسپی ئابووری ببنەوە چونکە ئەوانیتر یەکجار زۆر بەنرخترن. بەڵام "دەرفەتی

دەوڵەمەندبوون" کە کۆنەپارێزەکان بانگەشەی بۆ دەکەن کە هێزێکی هاندەری گرنگە، زۆرجار ئەگەر لە نزیکەوە لێی بکۆڵینەوە دەر دەکەوێ کە تەنیا لە پەیوەندیی لە گەڵ هەندێک کاری دیاریکراو و پلەی دیاریکراودا دروستە.

تاقمە پیشەییەکانیتر و جاری وا هەیە هەتا لقێکی[4] تەواو چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێ کە قبووڵ بکەن کە تێکۆشانی ئەوان گرنگییەکی ئەوتۆی لە باری مووچەوە نییە، جا قەی ناکا کە کارەکان چەندە بە لێوەشاوەییەوە ئەنجام بدرێن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانیی ئەوەیان لێ دەکرێ کە کارەکەیان بە باشی ئەنجام بدەن.

بە گشتیی، بۆ ئەوەی کە ئابووری گەشە بکا وەدەستهێنانی ئاکامی باش لە لایەن پسپۆری زۆر خوێندەوار و سەر کردە بازرگانییەکانەوە بەس نییە. هەروەک ئەندازیاری خانووسازیی و پزیشک دەبێ کارەکانیان بە باشیی ئەنجام بدەن، بە هەمان شێوە گرینگە کە بۆ وێنە کرێکارانی خانووسازیی و بەشی تەندروستیی کارەکانیان بە باشیی ئەنجام بدەن، سەر کردە لێوەشاوەکانی بازرگانی چ سوودێکیان هەیە ئەگەر ئەوانی کە دەبێ ڕاسپاردەکانیان بەڕێوەبەرن بە کردەوە هاندەرێکی ئەوتۆیان لە ئاست ئەرکەکانیاندا نەبێ؟

کاتێک کە جیاوازیی بەرچاوی ئابووری وەک شتێکی باش وەسف دەکرێت، ئەوە ئەو لایەنانەی کە وا داهاتیان لە سەرەوەیە جەختییان لە سەر دەکرێتەوە: دەرفەتی خەڵات کردنی هەندێک دەسکەوت بە ئاشکرا. ڕووی تری سکەکە شتێکە کە باسی لێوە ناکرێت: ئەویش ئەوەیە کە هەندێک پیشە دەبێ بە شێوەیەکی مێتۆدیک کەمبەها بکرێن. ئەگینا بۆ دروست بوونی جیاوازیی داهات هیچ ڕێگایەکیتر نییە. بەڵام ئەگەر بمانهەوێ کاریگەریی جیاوازیی بەرچاوی ئابووری هەڵسەنگێنین ناتوانین

[4] لقێکی پیشەیی وەک بۆ وێنە هەموو ئەو کەسانەی کە لە بەشی پەروەردە و فێرکردندا کار دەکەن

تەنیا بڕوانینە پلەی هەرە سەرووی داهات بۆ ئەوەی کە بزانین چ ڕوو دەدا، دەبێ هەروەها کاریگەرییەکەی لە سەر پلە خوارەوەکانی داهاتیش لە بەر چاو بگرین.

ئەوکات بۆمان دەر دەکەوێ کە کۆمەڵگایەک بە جیاوازیی زۆر بەرچاو لە بواری ئابووریەوە کارامە نییە. جیاوازیی مەزن لە بواری خوێندەوارییەوە بەو مانایەیە کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵک پلەیەکی نزمی خوێندەوارییان دەبێ و خەڵکێکی زۆر بە پلەی نزمی خوێندەواریی بە مانای پلەی نزمی لێهاتوویی و بەو هۆیەوە پلەی نزمتری بەبڕشتی لە ژیانی پیشەیی دەگەیەنێ. جیاوازیی زۆر لە بواری تەندروستییەوە بەو هۆیە کە بۆ وێنە چاودێریی پزیشکی زۆر گران بێ یا خود شوێنی کارەکان بۆ تەندروستیی پڕمەترسیی بن بەو مانایەیە کە خەڵک ناتوانن بە هەموو توانایانەوە کار بکەن.

جگە لەوە ئەگەر ئێمە جیاوازی زۆرمان لە بواری مووچەوە هەبێ بەو مانایەیە کە زۆر تاقمی

کەم داهاتیشمان دەبن، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاوی تاقمی کەم داهات بەو مانایەیە کە کۆی داخوازیی لە بواری ئابووریەوە کەمتر دەبێ و دەرفەتەکانی کۆمپانیاکان بۆ گەشە کردن و "پارە پەیدا کردن" کەم دەبنەوە. نموونەی زۆر هەن کە ئەو ڕاستییە بە جوانی نیشان دەدەن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وڵاتێکی پێشکەوتوو لە بواری پیشەسازییەوەیە کە زۆرترین جیاوازیی داهات لەوێدا بەرچاو دەکەوێ، بەو مانایەیە کە ژمارەیەکی زۆر "کرێکاری هەژار"ی هەیە، خەڵکی خاوەن کار کە ناتوانن بژیوی خۆیان دابین بکەن. لە ئامریکا نیگەرانییەکی زۆر قووڵ لە بارەی پلەی نزمی بەبڕشتیی (Productivity) لە ناوەندە پیشەسازییەکاندا هەیە. ئەوە شتێکە کە بووەتە هۆی ناکارامەیی کۆمپانیا ئامریکاییەکان لە پێشبڕکێی ناونەتەویی بۆ داکۆکی کردن لە خۆیان، لانی کەم لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ وڵاتەکانی لە حاڵی گەشە کردنی

باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا. ئەو پلە نزمەی بەرپشتیی دەکرێ هۆیەکەی تا ڕاددەیەکی زۆر بگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی بەرچاوی کاری کەم داهات.

ڕێژەی بێکاریی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە وڵاتانی خۆرئاوای ئوروپا کەمترە، ئەوە شتێکە کە جارجار وەک بەڵگەی ئەرێنی بۆ دەرباز بوون لە بێکاریی لە ڕێگای پەرە پێدانی جیاوازیی داهات ئاماژەی پێدەکرێ.

بە ڵام ئەو ڕێژە کەمە لە لایەن گەلێک ئابووریناسەوە ڕەخنەی لێگیراوە و ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆری بێکاریی نیوەکات دەشارێتەوە. ئەگەر مرۆڤ لە جیات ژمارەی ئەو کەسانەی کە کاریان هەیە پلەی پەراوێز کردن لە بازاڕی کار بپێوێت، ئەوسا ڕێژەی بێکاران لە ئامریکاش دەگاتە نزیکەی پلەی ئوروپا.

سەرەڕای ڕێژەی بێکاریی کەمتر، پلەی مامناوەندیی درێژخایەنی گەشەکردنی ئابووری ئامریکا، لە هی وڵاتەکانی خۆرئاوای ئوروپا سەرووتر نەبووە. ئەوە شتێکە کە دەبوو ڕووی دابا چونکە بێکاریی کەمتر، دەبوو بەو مانایە بێ کە توانایی ئابووری وڵات بە تەواوی کەڵکی لێ وەرگیراوە.

هۆیەکەی، بوونی ئەو هەموو کارە کەم داهاتەیە کە زۆر داخوازیی نوێ بۆ کڕین دروست ناکەن تا ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان ببنە هۆی دروست بوونی کاری تازە.

ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پێشکەوتن (OECD) لە نیوەی نەوەدەکان هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەو تیۆرییە کە جیاوازیی زیاتر لە ڕێژەی داهات دەبنە هۆی دروست بوونی کاری نوێ، پێشکەش ناکا.

توێژینەوە لە سەر ئابووریەکانی گەشە ئەستێن ئاشکرای کردووە کە یەکسانیی ئابووری، بە پێچەوانەی گەلێک ڕەخنەگر، قازانجی بۆ گەشە کردنی ئابووری هەیە. ئەو وڵاتانەی کە لە گەیشتن بە پلەیەکی بەردەوامی گەشە کردنی ئابووری سەرکەوتوو بوون (بە گشتی وڵاتانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا) بە پێچەوانەی تیۆرییەکانی کۆنەپارێزەکان، تا ڕاددەیەک نیشانەی یەکسانییان پێوە دیارە.

بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووان ئەو هەلەیان بۆ ڕەخساوە کە لە بەرهەمهێناندا بەشدار بن و دەستکەوتی ماقوڵی ئابووریان بۆ تێکۆشانەکانیان بەر کەوتووە؛ لە بەر ئەوە داخوازییەکانی ناوخۆیی بێ پسانەوە زیادیان کردووە و ئەوەش بە نۆبەی خۆی بووەتە هۆی دروست بوونی کاری تازە و گەشە کردنی بەردەوام. لەو وڵاتانەی کە لە گەشە کردندا سەرکەوتوو نەبوون، بە پێچەوانە، ڕاددەیەکی بەرینی دانیشتووان تێکەڵاوی بەرهەمهێنان نەبوون یا خود داهاتیان ئەوەندە لە خوارەوەیە کە نەیانتوانیوە پشتیوانیی گەشە کردنی بازاڕی ناوخۆیی بکەن.

نا یەکسانیی لە گشت شوێنێک و لەگشت حاڵەتێکدا دەبێتە هۆی ئەو دیاردەیە کە توانایی بەشێک لە خەڵک ناتوانرێ کەڵکی لێوەرگیرێت یا خود بە تەواویی کەڵکی لێ وەرناگیرێت، ئەوە لە روانگەیەکی ئینسانی‌یەوە، دەبێتە هۆی سنووردار کردنی لە ڕاددەبەدەری هەلەکانی ژیانی خەڵک و بوارەکانی گەشە کردنی ئەوان. بێگومان ئەم جۆرە سنووردار کردنانە بەهیچ جۆر بۆ کارامەیی باش نین.

## هاوپەیوەندیی[5]

ئازادی و یەکسانیی هەر دوویان چەمکێکن کە بە هۆی ئاڵۆزییانەوە سەرنجی فیلسوفەکانی سیاسییان ڕاکێشاوە. زۆر شت لە سەر واتای ئەو وشانە و پەیوەندیی نێوان ئەوان نووسراون. چەمکی هاوپەیوەندیی سەرنجی فیلسوفەکانی سیاسییان بەم جۆرە ڕانەکێشاوە. لە لایەکەوە زۆر ڕستەی ساکار و لە درووشم چوو بۆ دەربڕینی مانای هاوپەیوەندیی هەن:

- بە یەکەوە ئێمە بەهێزین
- یەکگرتوو بین ئەمێنینەوە، لێک دابڕێین هەرەس ئەهێنین
- هەڵگرتنی باری یەکتر
- هەموو مناڵ، مناڵی هەموو کەسن
- دەست لە هەڤاڵی من مەدە

ئەوەی کە ئەم ڕستانە دەیگەیەنن هەستێکی دوولایەنەی هاوپەیوەندییە لە ناو خەڵکدا، لێک گرێدراوییەک کە لە هەمانکاتدا جەخت لە سەر بەرپرسیاریی ئێمە دەکاتەوە بەرامبەر بە یەکتر و بەستراوەیی ئێمە بە یەکترەوە.

وشەی هاوپەیوەندی دەگەڕێتەوە سەر وشەی لاتینی ”Solidus“ کە مانای پتەو، چەسپاو و خۆڕاگریی هەیە. لە سەرەتاکانی جووڵانەوەی کرێکارییدا هاوپەیوەندیی بە مانای یەکگرتوویی بوو، تەنیا بە هاوکاریی یەکتر دەکرا ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا پێک بێ. هیچکەس بە تەنیا نەی دەتوانی شتێک

[5] (Solidarity) ئەو ووشەیە وەک هاوکاریی، پشتگیریی و یەکگرتووییش وەرگێڕدراوەتەوە

سەبارەت بە پێکهاتەی ناڕەوای دەسەڵاتی ئەو سەردەمە بکا، مرۆڤ تەنیا بە هاوکاریی ئەوانیتر ئەوەندە هێزی هەبوو کە بتوانێ شتێک بکا.

بەڵام داخوازیی یەکگرتوویی، پشتیوانیی یەکتر کردن، تەنیا ڕووبەڕووی خەبات بۆ ئاڵوگۆڕ نەدەبۆوە، بەڵکو ڕووبەڕووی ئەو ئاڵوگۆڕانەش دەبۆوە کە مرۆڤ حەزی دەکرد کە پێکیان بێنێ. ئەوە مەسەلەی یەکگرتوویی لە خەباتدا بۆ کۆمەڵگایەکی باشتر و دابەش کردنی دەستکەوتەکانی ئەو خەباتە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان بوو. ئامانجی ئەو خەباتە جێبەجێ کردنی چاکسازیی گشتیی لە بواری ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بوو کە هەموو کەس بگرێتەوە. ئەو داخوازییە مەسەلەی تاکەکان بۆ دروست کردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بۆ خۆیان لە ڕێگای سەرکەوتن بە سەر ئەوانیتر لە پێشبڕکێدا نەبوو.

دەستەواژەی هاوپەیوەندیی دەربڕینی بە کردەوەی ئەو تێگەیشتنە قووڵەیە کە ئێمە پێشدا لە بەشی یەکسانییدا باسمان کرد واتە خەڵک وەک بوونەوەری کۆمەڵایەتیی بەستراوەییەکی دوولایەنەیان بە یەکەوە هەیە بۆ ئاسایشی تاکی خۆیان و ئەو کۆمەڵگایە کارامەیە کە وەک خاڵی دەسپێک قازانجی هەمووان لە بەرچاو بگرێ و لە بەرژەوەندیی خۆماندایە کە هەموومان یارمەتی ئەو قازانجە گشتییە بکەین.

چاودێریی پزیشکیی دەکرێ وەک نموونەیەکی ڕاستەقینە بۆ ئەم بۆچوونە سەیر بکرێ. مافی چاودێریی پزیشکیی باش بە بێ لەبەرچاو گرتنی داهات داخوازییەکی بنەڕەتیی ئاسایشی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر بمانهەوێ ئەوە مافێکی ڕاستەقینە بۆ هەموو کەس بێ، دەبێ (بە شێوەیەکی هاوپەیوەندییانە) و بە یەکەوە خەرجییەکەی بگرینە ئەستۆ. ئەوە شێوەیەکە لە یارمەتی لە لایەن ئەو کەسانەی کە باری تەندروستییان باشە بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆش و بریندارن، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگایەکە بۆ دڵنیایی کە مرۆڤ وەک تاک لە کاتی تووش بوون بە نەخۆشیی یا ڕوداوێکی نەخوازراو، یارمەتی وەرگرێ. دابینکردنی هاوبەشانەی

تێچووی ئەم سیستەمە تەناهی و یەکسانیی لە نێوان تاکەکاندا دەستەبەر دەکا، بەڵام بە هەمان شێوە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی باشتر یارمەتی دەکا، چونکە ئێمە بەم شێوەیە خۆ لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ئاکامە خراپەکانی ئەم کێشانە لە سەر کاریگەریی ئابووری دەپارێزین کە بە هۆی نەبوونی سامانی پێویست لە لایەن بەشێک لە دانیشتووان بۆ چاودێریی باری تەندروستیی خۆیان تووشی دەبن.

بەستەری نێوان هاوپەیوەندیی و تەناهی تاکیی هەروەها لە سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتیدا دەبینرێ. بنەماڵە خاوەن مناڵەکان لە ڕێگای سیستەمی باجەوە یارمەتیان پێدەگا کە لە لایەن باجدەرەکان دابین دەکرێ کە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە مناڵیان نییە و بەم شێوەیە ئێمە هەموو یارمەتیدەری دابین کردنی مەرجی باشتر بۆ مناڵەکانین. وردەوردە ئەو منالانە دەبنە باجدەر و بەو شێوەیە ئەوانیش دەبنە یارمەتیدەری دابین کردنی مووچەی خانەنشینیی بۆ جیلی خانەنشین کراو کە هەروەها ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە مناڵیان نییە و بەو شێوەیە ئێمە هەموو یارمەتیدەرین بۆ دابینکردنی تەناهی بۆ بەساڵداچووەکان. ئەوە لە هەمان کاتدا کە تەناهی بۆ تاکەکان دابین دەکا کۆمەڵگایەکی پڕ لە ئاسایش بۆ هەمووی ئێمە کە تیای دا دەژین دەستەبەر دەکا.

بەڵام هاوپەیوەندیی لە سوودیخۆ (self-Interest) ی گشتیی گەلێک زیاترە. دروست وەک ئازادی و یەکسانیی چەمکی هاوپەیوەندیی ناوەرۆکێکی ڕەوشتی (ئەخلاقی) هەیە هەروەک لە بەشێک لە وتەکانی بەشی دەسپێک ئاماژەی پێکراوە. هاوپەیوەندیی هەروەها مەسەلەی بەرپرسیاریی دوولایەنەی ئێمەیە بەرامبەر بە یەکتر هەروەک لە وتەیەکی ئینجیلی پیرۆزدا هاتووە "باری یەکتر هەڵ بگرن". بە واتایەکی خۆماڵی، ئەوە بە مانای یارمەتیکردنی یەکترە لە مەڕ گیروگرفتەکان و جێ نەهێشتنی خەڵک بە تەنیا لە خەباتیان دژی کێشەکانیان.

" هه موو منالٚ، منالٚی هەموو کەسن" نایهەوێ دەربڕی ئەو ویستە بێ کە ئەرکی دایک و باوکیی لە بەرامبەر منالٚەکانیان لە دایک و باوکان بستێنیتەوه، بەڵکوو زۆرتر بەو مانایەیە کە ئەرکی ئێمە دروست کردنی کۆمەڵگایەکە کە دەرفەتی باش بۆ گەشە کردنی هەموو منالٚێک دەستە بەر بکا. ناوەرۆکی ڕەوشتی هاوپەیوەندیی زۆر بە ڕوونی ڕیشەی لە ئەخلاقی مەسیحیی دایە. چیرۆکی پەندئامێزی " دایەنی میهرەبان" دەربڕینێکی ئاشکرای پەیامی هاوپەیوەندییە.

ئەمڕۆ ئێمە لە چەمکەکانی " ئازادی، یەکسانیی، هاوپەیوەندیی" وەک بەهاکانی سوسیال دێموکراسی کەڵک وەر دەگرین. بەڵام فۆرمۆلە ڕەسەنەکەی لە شۆڕشی فەڕانسەدا " ئازادی، یەکسانیی، برایەتیی" بوو، کە دەستەواژەی "برایەتیی" نیشان دەدا کە ناوهرۆکی ڕەوشتی هاوپەیوەندیی چییە: واتە ڕێز و پشتیوانیی دوولایەنە کە شتێکی ئاشکرایە لە پەیوەندیی نێوان ئەو خەڵکەی کە هی یەکترن. ئەو بیروباوەڕە بوو کە پەر ئالبین هانسۆن (سەرۆک وەزیرانی سوسیال دێموکراتی سوێد ١٩٣٢ـ١٩٤٦) لە وتاری بە ناوبانگی خۆی لە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ساڵی ١٩٢٨ بسی لێوە کرد کە بە "وتاری ماڵی خەڵک[6]" ناسرا:

"بناغەی هەر ماڵێک بە یەکەوە بوون و هەستی هی یەکتر بوونە. ماڵی باش ڕێگا نادا کە بەشێک زێدە ماف بن و بەشێکێش بێ ماف، هەندێک بلاوێنەوە و هەندێکیش وەک منالٚی زڕ مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێ. لە ماڵێکی وەهادا کەس بە چاوی سووک چاو لە ئەوانیتر ناکا، کەس تێناکۆشێ لە سەر حسابی ئەوانیتر مافی زیاتر بۆ خۆی زەوت بکا، ئەوەی بەهێزە ئەوانی بێهێز دمکوت و تالاٚن ناکا. لە ماڵی باشدا یەکسانیی، چاوەدێریی و هاوکاریی هەیە. ئەگەر ئەمە وەرگێڕینەوە سەر خەڵکێکی زۆر و ماڵی هاوڵاتییان وا بە مانای نەهێشتنی گشت بەربەستی کۆمەڵایەتیی و ئابووریە کە ئێستا هاوڵاتییان وەک زێدەماف و بێ ماف،

[6] دەستەواژەیەکی سوێدیە "folkhemmet " کە تەعبیر لە شێوازی ڕێکخستنی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی سوێد دەکا

فەرمانڕەوا و بەستراوە، دەوڵەمەند و هەژار، ساماندار و بێسامان، تاڵانکەر و تاڵانکراو دابەش دەکا."

هاوپەیوەندیی هەوڵی تاکەکان بۆ پەرە پێدانی دەرفەتەکان و پێداویستییە تاکییەکانیان ڕەت ناکاتەوە. بەڵام ڕاستەوخۆ لە دژی خۆپەرستییە کە ڕێگا بە چەوساندنەوەی خەڵک بۆ قازانجی تاکە کەسی دەدا.

لەو ڕوانگەیەوە هاوپەیوەندیی یەکێک لە پێشمەرجەکانی یەکسانییە. چونکە لە دوایین لێکدانەوەدا ئەوە هەستی برایەتیی، هەستی هاوپەیوەندییە کە خەڵک هان دەدا بۆ هاوکاریی لە گەڵ یەکتر و وا لە بە هێزەکان دەکا کە خۆ بپارێزن لە بەکار هێنانی توانای خۆیان بۆ چەوساندنەوەی بێهێزەکان. لە هەمان کاتدا ئەوە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی یەکسان دایە کە هاوپەیوەندیی ڕاستەقینە مومکینە. چونکە تەنیا لە کۆمەڵگایەکی یەکساندا پێویست ناکا بۆ مانەوەی خۆت ئەوانیتر شکست بدەی.

بەو شێوەیە ئەو سێ بەهایانە بە یەکەوە بەستراونەوە، ئازادی یەکسانیی دەخوازێ، یەکسانیی هاوپەیوەندیی دەخوازێ و هاوپەیوەندیی پێویستیی بە ئازادی و یەکسانیی هەیە.

بەهاکانی سوسیال دێمۆکراسی:

## دێموکراسی

ئەمڕۆ دێموکراسی (حکومەتی جەماوەری) وەک ئامانجێکی سیاسی لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دونیا دامەزراوە. بەڵام دێموکراسی وەک شێوەی حکومەت ساوایە هەر چەند چەمکەکە بۆ خۆی لە یونانی کۆنەوە بە میرات وەرگیراوە. بیروباوەڕی دێموکراسی مۆدیرن لە ساڵەکانی ١٨٠٠ دا

گەشەی کرد، بەڵام بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وەک بیروباوەڕێک مایەوە کە تووشی بەرهەڵستی توندی لایەنە کۆنەپارێزەکان بوو.

کۆمەڵگای نموونەیی کۆنەپارێزەکان بە توندی توێتوێ ( پلە پلە کراو) بوو؛ هەر چینێکی کۆمەڵگا شوێنی تایبەتیی خۆی و ئەرکی تایبەتیی خۆی هەبوو. ئەوە ئەرکی تایبەتیی چینی باڵا دەست بوو کە فەرمانڕەوایی کۆمەڵگا بکا؛ چینە نزمەکان وا سەیر دەکران کە لێوەشاوەیی پێویستیان بۆ ئەنجامی ئەو ئەرکە نەبێ. مافی دەنگدانی گشتیی، بەردی بناغەی هەموو دێموکراسییەک، لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی هاوکات لە گەڵ بەربەرەکانیی توندی سیاسی لە لایەن ڕاستەکانەوە وەدەست هات. لە سوێد ئەوە هاوکاریی سوسیال دێموکراتەکان و لیبراڵەکان بوو کە دوای دەیان ساڵ کێشەی سیاسی یاسای مافی گشتیی دەنگدانیان لە ساڵی ١٩١٨ چەسپاند. دروست لەو کاتەدا کە بەرهەڵستی ڕێسایی کۆنەپارێزەکان تێکشکا، بەرهەڵستکاریی نوێ دژی دێموکراسی سەریهەڵدا: بەشێک لە باڵی ڕاستی توندڕەوی جووڵانەوەکانی دیکتاتۆریی (نازیسم و فاشیسم) و بەشێکیش لایەنە شۆڕشگێرییەکانی سوسیالیزم کە داوای شێوەی حکومەتی تاکە حیزبییان دەکرد.

لە پێوەندی لەگەڵ لایەنی دواتر دەبێ بگوترێ کە هەرچی سوسیالیزمی ڕاستەقینەیە لە گەڵ دیکتاتۆڕیی و سەرکوتکەریی ناگونجێ. سوسیالیزم وەک جووڵانەوەیەک، دژکردەوەیەک بوو لە بەرامبەر نەبوونی ئازادی و بە دژی ئەو زوڵموزۆرە کە چینی کرێکار لە کۆمەڵگا نادێموکراتیکەکاندا بە ناچار لە گەڵی دەژیان و ئامانجی سوسیالیزم ئازادی خەڵک بوو. ئەوە ئیمکانی نیە لە ڕێگای حکومەتێکی دیکتاتۆڕ وەدی بێ، جا قەی ناکا چ مۆرێکی سەرنج ڕاکێشی لێ بدەی کە جارجار لێشی دەدرێت. سوسیالیزمی ڕاستەقینە دەبێ هەمیشە دێموکراتیک بێ.

ئەمڕۆ، دێموکراسی وەک ئایدیالێک لە لایەن نەیارانی پێشووشی قبووڵ کراوە، ئەگەر گرووپە توندرەوەکانی ڕاست و چەپی لێ دەرهاوێین. بەڵام

کاتێک که باسی دێموکراسی وەک شێوەی حکومەت دەکرێ هاوهەڵوێستیی گەلێک بەهێزە؛ له سەر پانتایی کاریگەریی دێموکراسی ناکۆکییەکی یەکجار بەرچاو له نێوان لایەنە سیاسییەکان هەیە، واتە ئەو پرسیارانەی کە پێکهاتە دێموکراتیکەکان دەبێ مافی بڕیار دانیان له سەری هەبێ.

## داخوازییەکان لە دێموکراسی

وشەی دێموکراسی به مانای حکومەتی خەڵکە. وشەکە بۆ ئەوە کەڵکی لێ وەر دەگیرێ کە وەسفی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە بکا کە لەوێدا هەموو هاوڵاتییانی گەورە ساڵ ئەو مافەیان هەبێ کە لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا بەشداری بکەن: پرسیار بکەن، بیروڕا دروست بکەن، تێبکۆشن کە پشتگیریی کۆبکەنەوە، له هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بە ئەنجومەنە بڕیاڕدەرکان بدەن.

بە واتایەکیتر "دێموکراسی" جۆرێکی تایبەتیی لە بڕیاردان لە سەر ئەو پرسانەیە کە پەیوەندییان بە کۆمەڵگاوە هەیە. کە وابوو دێموکراسی مەسەلەی پڕۆسەی بڕیاردانی جەماوەرییە کە لە سەر مافی تاکیی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتییان دامەزراوە.

بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ باس لە دێموکراسی بکا دەبێ هەندێک داواکاریی بنەڕەتیی دەستووریی جێبەجێ کرابن. داواکارییەکان ئەوانەی خوارەوە دەگرنەوە:

- مافی گشتیی و یەکسانی دەنگدان لە هەڵبژاردنی ئازاد ( کە بە شێوەیەکی شیاو بەڕێوە بچێ)
- ئازادی بیروڕا ( کە ئازادی باوەڕی دینی دەگرێتەوە)
- ئازادی ڕا دەربڕین و ئازادی ڕاگەیاندن

- ئازادی ئەندام بوون لە ڕێکخراوی سیاسی و سەندیکای کرێکاران
- ئازادی دامەزراندنی حیزب و بەشداریی کردن لە هەڵبژاردنەکاندا

ئەگەر یەکێک یا خود بەشێک لەو مەرجانە جێبەجێ نەکرابن ئەو کات مرۆڤ ناتوانێ باسی دێموکراسی بکا.

بەڵام ئایا ئەوەندە بەسە؟

مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئەو مەرجانە هەم پێویستن و هەم بەسن بۆ ئەوەی کە بتوانین لە ڕوانگەی سیاسی و دەستوورییەوە باسی دێموکراسی بکەین، بەڵام بۆ گەرەنتی کردنی کار کردنی دێموکراسی ڕاستەقینە بەس نین.

دیتنی ئەو ڕاستییە کە فاکتەرە ئابووری یا کۆمەڵایەتییەکان بە کردەوە مافە دێموکراتیکە فەرمییەکان لاواز دەکەن شتێکی دژوار نیە. بازاڕی کاری بێ ئاسایش کە لەوێدا زۆر کەس نیگەرانی کارەکانیان بن دەتوانێ گفتوگۆ کردن کپ بکا و زۆر کەس وا لێ بکا کە لە دەربڕینی بۆچوونی ڕەخنەگرانەی خۆیان دڵنیا نەبن.

خوێندەواریی کەم یا لاوازیی لە بواری زمانەوانییەوە، تێگەیشتن لە باسە سیاسییەکان بۆ حاڵیبوون لەو دۆزانەی کە گفتوگۆیان لە سەر دەکرێ و بۆ سەپاندنی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ لە دژی ئەو لایەنانەی کە ئاستی خوێندەوارییان لە سەرترە و بە ڕەوانی دەدوێن، دژوار دەکا.

بۆیە سوسیال دێموکراتەکان لەو باوەڕە دان کە بۆ ئەوەی کە دێموکراسی بە جۆرێکی شیاو کار بکا یەکسانیی، بەو شێوەیە کە مەرجەکەی پێشتر پێناسە کرا، پێویستە. جیاوازیی بەرچاوی ئابووری و کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگادا دێموکراسی لاواز دەکا، ئەگەر بە فەرمییش نەبێ، بە کردەوە ئەو ئاکامەی دەبێ، چونکە هاووڵاتیان ناتوانن لە پرۆسەی سیاسیدا بە شێوەیەکی یەکسان بەشدار بن: بەشێک دەرفەتی ئێجگار زیاتریان لەوانیتر

بۆ سەپاندنی داواکارییە تایبەتییەکانی خۆیان بە سەر کۆمەڵگادا دەبێ. و ئەگەر بەشێکی زۆر هەست بەوە بکەن کە پڕۆسەی دێموکراتیک ناتوانێ بەرژەوەندییەکانی ئەوان بپارێزێ، ئەوسا مەترسیی ئەوە هەیە کە باوەڕی ئەوان بە دێموکراسی لاواز بێ و دەرفەت بۆ جووڵانەوە نادێموکراتیکەکان زیاد بێ.

پاراستنی دێموکراسی دەخوازێ کە مرۆڤ قورس و قایم مەرجە دەرەکییەکانی وەک ئازادی ڕادەربرین، ئازادی ڕاگەیاندن و هەڵبژاردنە ڕێکوپێکە ئازادەکان بپارێزێ، بەڵام ئەوە هەروەها سیاسەتێک دەخوازێ کە دێموکراسی بکاە چەمکێکی زیندوو بۆ هەموو لایەنەکان لە کۆمەڵگادا.

## وزەی دێموکراسی

پاراستنی دێموکراسی هەروەها پرسی پاراستنیووزەی دێمۆکراسییە. مەبەست لە ئازادی بیروڕا و ئازادی هەڵبژاردنی ئازاد و گشتیی ئەوەیە کە بڕیاری وەها بدرێن کە ڕیشەیان زۆر بە باشی لە ناو زۆربەی هاوڵاتیاندا داکوتابێ، وەکو چۆنییەتی بەرێوەبەریی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، بڕیاری ئەتۆ کە هەروەها بتوانن بە شێوەیەکی کرداریی جێبەجێ بکرێن. دروست کردنی بیروڕا و هەروەها بەشداریی کردن لە هەڵبژاردندا، ئەگەر نەبنە هۆی بڕیارگەلێک کە کاریگەرییان لە سەر ژیانی هەنووکەیی هەبێ مانای خۆیان لە دەست دەدەن.

لەو ڕوانگەوە ئەمڕۆ وەک پێشوو هەڕەشەی ڕاستەقینە دژی دێموکراسی لە لایەن جووڵانەوە سیاسییە دیکتاتۆرییەکانەوە ناکرێ. ئێستا ئەم هەڕەشەیە لە لایەن بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتخوازانەی ئابووری جیهانییەوە دەکرێ کە لە نەوەدەکاندا بەهێزتر بوون. ئێمە دەتوانین باسی هەڕەشە لە دوو لاوە بکەین: لە لایەکەوە ئەو مەسەلانەی کە بۆ هاوڵاتییان گرینگن دێنە ژێر کاریگەریی گروپە بە هێزەکان کە بۆ خۆیان ناتوانن هیچ شتێکیان لە بارەیدا بکەن. لە لایەکیترەوە ئەنجامی ئەوە زۆر جار دەبێتە هۆی تەشەنە کردنی جۆرێک دابەش بوون کە خۆی لە خۆیدا هەڕەشەیەکە بۆ سەر دێموکراسی و سەقامگیریی کۆمەڵگا.

بۆیە ئەستاندنەوەی گۆڕەپانی مانۆر لە گروپە لایەنگرەکانی ئابووری جیهانیی بۆ پێکهاتە دێموکراتیکە سیاسییەکان کێشەیەکی یەک لا کەرەوەی ئەو سەردەمەیە.

بەڵام سەرەڕای گۆڕەپانێکی فراوانتری مانۆر بۆ دێموکراسی، پرسیاری پانتایی کاریگەریی دێموکراسی لە جێگای خۆیەتی. ئەو ئۆرگانە سیاسییانەی کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک هەڵبژێراون دەبێ مافی چ

بڕیارێکیان هەبێ؟ و دەبێ دێموکراسی ڕێگای تێکەڵ بوون لە گەڵ کام شتی پێنەدرێ؟

حیزبە ڕاسترەوەکان کە سەردەمێک دژی دامەزرانی دێموکراسی بوون ئێستا بەهێزترین لایەنگرانی شێوەی حکومەتی دێموکراتیکن. بەڵام لە هەمان کاتدا وا وێدەچێ کە هەوڵەکانیان زۆرتر لە پێناو ئەوە دابێ کە دڵنیا بن کە ئەو ئۆرگانانەی کە بە شێوەیەکی دێموکراتیک هەڵبژێراون تا ئەو جێیەی دەکرێ دەسەڵاتیان لە بەرێوەبەریی کاروبارەکاندا کەم بکرێەوە، لە جیاتان بڕیارەکان دەبێ لە لایەن بازاڕەوە بدرێن، لە کۆمەڵگای مەدەنی، لە ناو بنەماڵەدا، هتد.

هەندێک جار مرۆڤ ناتوانێ خۆ لەو بیرە ببویرێ کە بەرهەڵستیی کۆنی چینی باڵادەست لە دژی دێموکراسی تەنیا شێوازی گۆڕیوە: ڕێز لە فۆرمەکان دەگیرێت بەڵام تێدەکۆشن لە هەرچی مانایە بەتاڵیان بکەن. ئەوسا ئەوەی کە ئەوان پێشنیاری دەکەن، بە هەڵکەوت! وا دەر دەکەوێ کە زۆرترین سوودی بۆ هەمان گروپە بەهێز و ڕیشە داکوتاوەکان هەبێ کە دەسەلاتی کۆمەڵگایان بەر لە پەرە ئەستاندنی دێموکراسی بە دەستەوە بوو.

هەموو شتێک مەسەلەی سیاسەت نییە. ئەو ڕاستی‌یە کە سوسیال دێموکراتەکان داخوازی بە نەتەویی کردنیان وەلانا نیشانەی ئەو تێگەیشتنە قووڵە بوو کە پێکهاتە سیاسییەکان ناتوانن بەرێوەبەری هەموو شتێک بن، کە ئێمە لە بەشی دێموکراسی ئابووریدا دەیخەینە ژێر باس. دێموکراسی بە واتای بەرفراوانتری "بەشداری کردن"، شتێکە زیاتر لە پێکهاتە نوێنەرییەکان و پێویستە دەرفەتی زیاتر بۆ هاووڵاتیان، بۆ خۆ نواندن لەو دەرفەتەی کە بۆ ئەوان هەر چوار ساڵ جارێک وەک دەنگدەر دەستەبەر کراوە، دابین بکرێ ( لەو بارەوە لە بەشی کەرتی گشتیی دا زۆرتر دەدوێین).

بەڵام هۆی باش بۆ وریا کردنەوەی خەڵک لەو باسەی کە بەو شێوە گەلاڵە کراوە هەن: "دەوڵەت" ئیجازەی ئەنجامدانی چ شتێکی هەبێ. هەر خودی هەڵبژاردنی وشەکان سەر لێ شێوێنەرن؛ " دەوڵەت" دەسەلاتدارییی باڵا دەگەیەنێ و پرسیارەکە وەها دەنوێنێ کە گوایە باس لە سەر ئەوەیە کە دامودەزگا گشتییەکان چی بکەن. بەڵام ئەگەر وشەی " دەوڵەت" بە "دێمۆکراسی" بگۆڕینەوە ئەو کات دەبینین کە مەسەلەکە ئەوە نییە کە دامودەزگا گشتییەکان دەبێ چی بکەن بۆ خەڵک بەڵکوو پرسیارەکە زۆرتر ئەوەیە کە هاوڵاتییان دەیانهەوێ بە یەکەوە چی بکەن.

دێموکراسی هیچ کات ناتوانێ بڕیار بۆ سنووردار کردنی ئازادی مرۆڤ و مافی مرۆڤ بدا، بەڵام جگە لەمە ئەوە دەگەڕێتەوە سەر هاووڵاتییان کە بۆ خۆیان بڕیار بدەن کە " دەوڵەت" چی بکا. مرۆڤ ناتوانێ یاسای وەها پەسەند بکا کە ئەو مافە لە هاووڵاتییان بستێنێتەوە، ئەوە دەگاتە سنووری پشتگیریی کردن لە بەر تەسک کردنەوەی پانتایی دێمۆکراسی.

بەڵام ئەو باسە زۆر بە سەیری دابەش کراوە. لە لایەکەوە هەندێک کەس هەن کە پێ لە سەر ئەو بۆچوونەدا دەگرن کە خەڵک ئەوەندە تێگەیشتوو و لێوەشاوەن کە بۆ خۆیان بتوانن بە بێ دەست تێوەردانی "دەوڵەت" مشووری کاروباری خۆیان بخۆن. لە لایەکیترەوە وا گریمان دەکرێ کە هەر ئەو خەڵکە تێگەیشتوو و لێوەشاوەیە، کاتێک کە ئەوان وەک دەنگدەر ئەو بڕیارانە بە یەکەوە دەدەن، تەنیا بڕیاری نابەجێ و خراپ دەدەن. ئەوەی کە لێرە دەبینرێ نموونەیەکە لە هەمان بە هێند نەگرتنی دەنگدەران کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست لە بەڵگەکان بە دژی پەسەند کرانی مافی دەنگدانی گشتیی باس دەکرا.

سوسیال دێموکراسی ئێستا، هەروەک پێشدا، باوەڕی بە توانای هاووڵاتیان بۆ دانی بڕیاری ژیرانە پێکەوە هەیە. ئەوە هەروەها مەسەلەی هێڵی نێوان بەرپرسیاریی کۆمەڵگا و بەرپرسیاریی تاکیش دەگرێتەوە. کێ لە دەرەوەی جەماوەری هاووڵاتیان توانای کێشانی ئەو هێڵەی هەیە؟

هەر وەک لە بەشی دەسپێکدا نووسیمان دێموکراسی پڕۆسەیەکی گشتییە کە هاوڵاتییان لەو ڕێگایەوە بڕیار لە سەر دۆزە هاوبەشەکان دەدەن. ژمارەیەک دۆزی هاوبەش هەن کە دەبێ ڕێگا چارەیان بە بڕیاراتێک دیاری بکرێ کە هەموو کەس کارتێکەرییان لە سەر ئەو بڕیارانە هەبێ، دەنا ئاکامەکەی تەنیا ئاژاوە یا خود بێدادیی ڕاستەقینە دەبێ. هەر کام لە ئێمە ناتوانین سیستەمی زێراب بۆ خۆمان دروست بکەین. بازاڕ ناتوانێ هەلی یەکسان بۆ خوێندن بۆ گشت منالێک بە شێوەیەکی یەکسان دابین بکا، ئەوە بارێکی لە ڕاددەبەدەر قورسە بۆ بنەماڵەکان کە بۆ خۆیان ئەرکی ئاگاداریی لە بەساڵداچووەکان بگرنە ئەستۆ و بە هیچ شێوەیەک نابێ بەڕێوەبەریی دادگاکان بدرێتە دەست هێزی بەرگریی هاوولاتیان.

زۆر شت لە ژیانی تاکەکاندا هەن کە شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگا بڕیاری لەسەر دەدا. لە بەر ئەو هۆیە ئێمە هەرگیز خۆمان لە مەسەلەی پڕۆسەی دێموکراتیک، شێوازی بڕیاردانی گشتیی، نابوێرین جا قەی ناکا ئێمە چەندە حەز بە جەخت کردنەوە لە سەر تاکگەرایی و ئەرکی تاکەکان بکەین. هەر بۆیە دەبێ دێموکراسی و هەروەها سیاسەت، ئەو پانتایی کاریگەرییەیان هەبێ تا بتوانن بڕیاری وەها بدەن کە کاریگەرییان لە سەر ڕیکخستنی کۆمەڵگا هەبێ.

## ناکۆکیی لە دێموکراسیدا

هەر چۆنێک بێ، ئەو ڕاستییە کە بڕیارە دێموکراتیکەکان بە جۆرێک پەسەند کراون کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان وەها دروست بکەن کە بۆ گەشە کردن و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی تاکەکان بە سوود بن، بەو مانایە نییە کە هەموو داخوازییە تاکییەکان دەستەبەر دەبن. پڕۆسەی سیاسی جەخت لە سەر تێکۆشان بۆ دیتنەوەی ڕیگا چارەی هاوبەش دەکا کە (بە لەبەر چاو گرتنی ژمارەیەک مەرجی دەرەکی وەک بۆ وێنە سامانە ئابووریەکان)

باشترین ڕێگاچارە بن بۆ زۆرینەی خەڵک. بۆیە دێموکراسی ناتوانێ وەک مافی وەدەست هێنانی هەرچی بتهەوێ پێناسە بکرێ. دێموکراسی مافی بەشدار بوون و بە کار هێنانی دەسەڵاتە بەڵام نەک سەپاندنی بڕیارەکان بە پێی بۆچوونی خۆت؛ بە پێخەوانە، دێموکراسی ڕێز گرتن لەو بڕیارانە دەخوازێ کە دراون، هەر چەند ئەو بڕیارانە بە پێچەوانەی ویستی مرۆڤ بن.

لێرەدا ئێمە گرژییەکی خۆڕسک حەتمی لە ناو دێموکراسیدا دەبینین. لە کۆتاییدا ئامانجی یەکلاکەرەوە، ئازادی و ئاسودەیی تاکە. بەڵام ئامرازی پێویست هاوکاریی گشتییە چونکە مرۆڤەکان وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین و هەر بەو جۆرەش دەمێننەوە کە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاکیی خۆیان پشت بەستوو بە یەکترن. هەڵبەت دەکرێ ئەوە وەک سنووردانانێک سەیر بکرێ.

ئەوەی کە دەبێ بە ڕوونی بگوترێ ئەوەیە کە بەدیلی پڕۆسەی دێموکراتیک کۆمەڵگایەکی بێسەرەوبەرە و ڕێکنەخراوی مەدەنیی نییە کە لەوێدا هەر کەس وەدوای ویستەکانی خۆی بکەوێ ( ئەوە لە ڕاستیدا کۆمەڵگایەکە کە لەوێدا هەر کەس دەبێ بە دژی ئەوانیتر بۆ وەدەستهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی خۆی خەبات بکا و لەوێ بە هێزەکان ئەوانی لاواز وەلا دەنێن). ناکۆکی خۆڕسکی ناو دێموکراسی لە هەمان کاتدا کە بە ڕەنگارییەکی گەورەیە دەشتوانێ ببێتە فاکتەرێک بۆ چالاک کردن و بە هێز کردنی دێمۆکراسی: دروست کردنی سیستەمێک کە لەوێدا هەموو کەس دەرفەتی بەشداربوونی هەبێ و کە لەوێدا سیستەمی کۆمەڵایەتیی بە دەست ئەو گروپانە دروست نە کراوە کە بە پێناسە ژێر دەستی ئەوانیتر بن.

دێموکراسی مەلەسەی مافەکانە بەڵام لە هەمان کاتدا مەسەلەی ئەرکەکانیشە: ئەرکی بەشداریی کردن لە پڕۆسەی دێموکراتیکدا بۆ ئەوەی کە ببێتە پڕۆسەیەکی زیندوو. لە بەر ئەو هۆیە سوسیال دێموکراسی ئەو

بۆچوونە لە سەر دێموکراسی کە زۆرجار تا ڕاددەیەک وەک شێوەیەک لە بازاڕ وەسف دەکرێ ڕەت دەکاتەوە: دەنگدەر دەگەڕێ بە ناو ئەو بۆچوون و بەڵێنییانە کە لە سەر ڕێفۆرم پێشکەش دەکرێن و ئەو بۆچوون و بەڵێنییانە هەڵدەبژێرێ کە بەکەیفی ئەون.

پرسیارەکە ئەوەیە کە کێ بڕیاری داوە کە چ بەدیلێک لە بازاڕدا پێشکەش بکرێ؟

ئەگەر بمانهەوێ وێناکردنێک بە کار بێنین، دێموکراسی وەک مەیدانێکی گشتیی نییە، ئەو زۆرتر وەک خانوویەک دەچێ، خانوویەک کە ئێمە هەموو باس لە سەر نەخشەکەی دەکەین، کە ئێمە هەموو لە دروست کردنیدا بەشداریی دەکەین و ئێمە هەموو بەرپرسیارین بۆ ئەوەی کە دڵنیا بین کە کەرەستەکان بە باشترین شێوە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

## کەرستەکانی شیکردنەوە

## مارکسیزم

ئایدیۆلۆژی‌یەک تەنیا لە بەهاکان پێک نەهاتووە بەڵکوو لە کەرەستەی شی کردنەوەی کۆمەڵگاش پێکهاتووە کە بۆ تێگەیشتن لەو میکانیزمانە بەکار دێ کە دەبێ بگۆردرێن بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بە ئاواتەکانی بگا.

کارل مارکس (١٨٨٣ ـ ١٨١٨) و تیۆرییەکانی دەورێکی سەرەکیی لە هەموو ئەو شیکردنەوانەی کۆمەڵگا کە مۆرکیی سوسیالیستییان پێوەیە دەگێرن، ئەو تیۆری‌یانەی کە تا ڕادەیەکی بەرچاو بە هاوکاریی فرێدریک ئینگێلس (١٨٩٥ ـ ١٨٢٠) گەڵاڵە کراون.

هەر چۆنێک بێ، "مارکسیزم" وەک چەمک شتێکە کە زۆرجار بە هەڵە لێکدراوەتەوە و پێش ئەوەی کە ئێمە باس لە دەوری شی کردنەوەی مارکسیستیی لە گەشەکردنی بیروباوەڕی سوسیال دێموکراسی سوێد بکەین دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا باس لە چەمکی "مارکسیزم" وەک خۆی بکەین.

مارکسیزم، ئەگەر مرۆڤ مەبەستی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی مارکس بێ، ئایدیۆلۆژی‌یەکی سیاسی یا خود بەرنامەیەکی کاری سیاسی نییە. کارل مارکس تیۆری‌یەکی گەشەکردنی دامەزراند کە بناغەکەی فەلسەفەی مێژوو بوو کە لەوێدا خاڵی دەستپێکی، مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئوروپا بوو، کە لەوان ڕا ژمارەیەک ئەنجامی لە بارەی ڕەوتی پێشکەوتن لە داهاتوودا هەڵێنجاون. " هەموو مێژوویەک مێژووی خەباتی چینایەتییە" وەک نموونەیەک لە مانیفێستی کۆمۆنیستی، و خەباتی چینایەتیی لەو چوارچێوەیەدا بە مانای خەباتی ئابووریە: خەبات بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بڵاو کردنەوەی میوەکانی بەرهەمهێنان.

مارکس کۆمەڵگای سوسیالیستی وەک کۆتایی مێژوو دەدیت و مەبەستی کۆمەڵگایەک بوو کە هەموو کێشمەکێشەکان لە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کۆتایی پێ دێ. هەر چۆنێک بێ ئەو خاڵە کۆتاییە بۆ مارکس ئاکامی ئاڵوگۆڕی تەکنیکیی لە سەر هێزەکانی بەرهەمهێنان بوون.

ئەو هێزانەی کە ئەو سامانە مەزنانەیان دروست دەکرد کە بتوانێ ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بۆ هەموو لایەک دابین بکا و بەو هۆیەوە چیتر پێویست بە خەباتی چینایەتی نەکا. بە وتەی مارکس سەرمایەداریی بەو شێوەیە دوایین قۆناغە، بەڵام قۆناغێکی پێویست پێش پەرەساندنی سوسیالیزم؛ ئەوە لە سەرەتادا بە هۆی سەرمایەداریی بوو کە هێزی وەها ئازاد بکرێن کە بتوانێ ئاکامەکەی بەرهەمهێنانی هێندە زۆر بێ کە بتوانێ ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان دەستەبەر بکا.

بەڵام بێتوانایی خۆڕسکی سەرمایەداریی لە ڕێکخستنی ئەو هێزانە و دابەشینەوەی میوەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بە ناچار دەبنە هۆی ئاژاوە و هەرەسهێنان و ئەوکات شۆڕشی کرێکاریی دەست پێدەکا و پاشان کۆمەڵگای بێ چین دروست دەبێ.

بە واتایەکیتر کۆمەڵگای سوسیالیستی وەک ئاکامی بێ ئەملاوئەولای ڕەوتی مێژوو سەیر دەکرا نەک وەک شتێک کە لە ڕێگای چالاکیی سیاسییەوە ڕێک بخرێت. لە ڕاستیدا تیۆرییەکانی مارکسیستیی سیاسەت وەک ئامرازی گۆڕینی کۆمەڵگا بە واتای دروستی خۆی دەر داوێن، چونکە گەشە کردن وا سەیر دەکرا کە لە ژێر کاریگەریی هەندێک پرۆسەی یەک لە دوای یەک بە تایبەتیی لە بواری ئابووری و تێکنۆلۆژیدا دەبێ.

## دووباره وەرگێڕانەوەی مارکسیزم

دانیشتن و چاوەڕێی گەشە کردن بوون (بە تایبەتی ئەگەر مەسەلەی گەشە کردن لە ماوەیەکی زۆر درێژخایەندا بێ) هەر چۆنێک بێ لە ڕوانگەی بەرنامەی تێکۆشانی سیاسییەوە شتێکی دڵخۆشکەر نییە. ئەو چاوەڕوانییە هێندەی‌تر دڵ ناخۆشکەرە کاتێک کە مەرجەکانی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەر لە ڕاددەبەدەر دژوار بێ و داخوازی بۆ ئاڵوگۆڕ تا سنووری تەقینەوە بە هێز بێ. کە وابوو ئەوەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا ڕوویدا گەڵاڵە کردنی ژمارەیەک ستراتێژی سیاسی بە مەبەستی خێرایی دان بەو پڕۆسەیە بوو، ئەوانە دەکرێ وەک سەرخانی سیاسی سەیر بکرێن کە لە سەر تیۆرییە زانستییەکانی مارکسیستی دامەزراون.

هەروەک لە پێشدا وەسفمان کرد، حیزبە سوسیالیستەکان بە سەر دوو ڕەوتی سەرەکییدا دابەش بوون: یەکێکیان ڕەوتی شۆڕشگێریی و ئەوەی تریان ڕیفۆرمیستی، حیزبە شۆڕشگێرییەکان دەیانەویست بە ساز کردنی شۆڕش بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی (توندوتیژیی) سیاسی گەشە کردن خێراتر بکەن، بێ چاوەڕوانیی کردنی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندیی نێوان فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان، کە بە وتەی مارکس پێشمەرجەکانی شۆڕشیان دەستەبەر دەکرد. ڕەوتی فکری ریفۆرمیستیی دەیهەویست پڕۆسەی ئاڵوگۆڕ و چاکسازیی کۆمەڵگا دەست پێبکا بۆ ئەوەی کە بتوانێ داخوازییەکان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و یەکسانیی جێبەجێ بکا بێ ئەوەی کە چاوەڕوانی ئەو شۆڕشە بێ، کە بە وتەی مارکس پێشمەرجی پێشکەوتن بوو.

لانی کەم لە قۆناغی سەرەتایی مێژووی سوسیالیزم هەمیشە باسی وەها دەهاتنە ئاراوە کە کام حیزب بیروباوەڕەکەی دروستترە، کە وەک پێوەر مەبەست ئەوە بوو کە کام حیزب زۆرتر وەفادارە بە مارکس. ئەم جۆرە

گفتوگۆیانه بێسوودن؛ سەر جەم ئەو حیزبانە کە بیروبۆچوونەکانی مارکسیزم بە کار دێنن ئەوانیان گوڵ بژێر کردوون و بۆ هەر کام لەوان لێکدانەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەوە شێوازی کۆنی کۆمۆنیزمی یەکیەتی سۆڤیەتیش دەگرێتەوە، بە پێچەوانەی بانگەشەی خۆیان کە گوایە ئەوان حیزبی ڕەسەنی مارکسیستین.

## باوەڕ بە چارەنووس

گفتوگۆی وەفاداریی بە مارکس، هەر چۆنێک بێ، هۆی زۆر تایبەتیی هەیە: مارکسیزم بانگەشەی سەلماندنی پێویستیی سوسیالیزمی بە شێوەیەکی زانستییانە دەکرد، و لادان لە شێوازی بیرکردنەوەی مارکسیستی بە مانای دانانی کۆسپ لە سەر ڕێگای گەشە کردن بوو. ئەو بەشە ناچارییە لە مارکسیزم (مەبەست لەوە ئەو بۆچوونەیە کە گەشە کردنی مێژوو مەحکووم بە پێوانی ڕەوتێکی لە پێشدا دیاری کراوە) بە داخەوە زەرەری بەرچاوی لە بیروباوەڕی سوسیالیستیی داوە. ئەگەر ڕەوتی گەشەکردن پێشدا دیاری کراوە کە وابوو ئەو کەسانەی کە لەوە تێگەیشتوون و بەو هۆیەوە نوێنەرایەتی "ڕاستیی" دەکەن پێویست ناکا گوێ بدەنە بۆچوون و سەلیقەی ئەوانیتر. ئەوانیتر بە پێناسە هەڵەن و هەر بۆیە گرینگ نین. ئاکامی ئەم جۆرە بۆچوونە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ڕاونانی فکرە ئازادەکان، ئەو کەسانەی کە بەرهەڵستیی ئەو ڕێبازە دەکەن کە وەک "ڕێگای ڕاستەقینە" دیاریی کراوە مۆری دوژمنانی کۆمەڵگایان لێ دەدرێ.

هەموو بۆچوونە ناچارییەکان یا بە واتایەکیتر هەموو ئایدیۆلۆژییە بنئاژۆخوازەکان کە ئەو بۆچوونە بەرز دەکەنەوە کە تەنیا ***یەک*** ڕێگا هەیە و کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی باش دەبێ پەیڕەوی لێبکرێ، لەو ڕوانگەیەوە نادێموکراتیکن. ئەو داخوازییە کە هەموو کەس دەبێ تەنیا

ڕێبازێک بگرنە بەر، دەخرێتە سەرووی داوای دێموکراتیکی ڕێگادان بە خەڵک بۆ هەڵبژاردنی سیاسەتی خۆیان لە گفتوگۆیەکی ئازاد و لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاددا. لە ناو کۆمۆنیزمی سۆڤیەت کە سەرەڕای ئەوەش کە لە سەر تیۆری قۆرخکەری پلەیەکەم لە لێکدانەوەی ڕاستەقینەی مێژوو دامەزرابوو، لایەنە دژە دێموکراتیکەکەی تا ڕاددەیەکی وێرانکەر بە هێز بوو و هەر ئەوە بووە هۆی کەوتنە ناو ڕەوتێک کە دژایەتییەکی ڕاستەوخۆی لە گەڵ بەهاکانی سوسیالیستی وەک ئازادی و یەکسانیی هەبوو.

مارکس تێکۆشا کە گەشەکردنی کۆمەڵگا لە مۆدێلێکی مەزن و سەرنج ڕاکێشدا کۆبکاەوە و وەسفی بکا و ئەو هەوڵە شتێکی باو بوو لە سەدەی ١٩دا. ئەو باوەڕە کە ڕەوتی گەشە کردنی کۆمەڵگا پەیڕەوی لە هەندێک یاسا دەکا و ئەو یاسایانە دەکرێ بدۆزرێنەوە و بە شێوەیەکی زانستیی وەسف بکرێن، لە زۆر بواری هزرییەوە شتێکی ئاسایی بوو و هۆی ئەوەش تا ڕاددەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانە کە لە بواری زانستی سروشت لە سەدەی ١٨ و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە هاتنە ئاراوە. ئەمڕۆ تەنانەت زانایانی بواری زانستی سروشتیش بانگەشەی وەها ناکەن کە بتوانن گەشەکردنی تەواو فیزیایی بە هەندێک یاسا وەسف و لەو ڕێگایەوە وەک سیستەمێک کە بتوانرێ پێشبینی بکرێ، دیاری بکەن، جا چ دەگا بە زانایانی زانستی کۆمەڵایەتیی کە بانگەشەی وەها بۆ بواری زانستی خۆیان بکەن.

تەنیا شتێک کە دەکرێ، بە وتەی ئەوان، ئەوەیە کە هەندێک پەیوەندیی و هەندێک گریمانە بسەلمێندرێن. دەکرێ هەندێک مێکانیزم کە لە ناو ئابووریدا دەوریان هەیە دیاری بکرێن و کاریگەریی ئەو مێکانیزمانە دەکرێ تا ڕادەیەک پێشبینی بکرێن. بەڵام لە ئابووریەکدا و کۆمەڵگایەکدا کە بە میلیۆنان خەڵک تیایدا بەشدارن و لەوێدا ژمارەیەک خولیا و داخوازیی هەردەم لە گۆڕین خۆ ئاشکرا دەکەن و ژمارەیەک هێزی جۆراوجۆر، کە بەشێکیان هاوکاری یەکترن و ژمارەیەکیشیان نەیاری

یەکتر، لە جموجۆڵدان، مرۆڤ قەت ناتوانێ بە دڵنیاییەوە بزانێ کە ڕەوتی گەشە کردن بەرەو کوێ دەچێ. هۆیەکەی ئەوەیە کە لە پێشدا بڕیاری بۆ نەدراوە: ئەوە بەستراوەتەوە بە هەڵسوکەوتی خودی خەڵک.

تیۆرییەکانی مارکسیزم لێکدانەوەیەکی زانستی و ڕیکوپێکن. ئەوەش دەبێ وەک هەموو تیۆری‌یەکی زانستی بە شێوازێکی زانستییانە واتە لە بە لەبەر چاو گرتنی واقیعی ژیان بۆ سەلماندنی دروستی پێشبینییەکانی تاقی بکرێنەوە. ئەو لێکۆلینەوە ڕەخنەگرانە پێشتر دەری خستوە کە مارکسیزم وەک لێکدانەوەیەکی ڕیکوپێک ناتوانێ زیاتر لە سیستەمەکانیتر کە لە سەدەی نۆزدەدا دامەزراون گەشەکردنی دونیا شی بکاەوە و پێش‌بینی بکا. تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر تیۆرییە جیاجیاکان وەک تاک کە خودی لێکدانەوەکە دروست دەکەن، هەندێکیان بەرگەی تاقیکاریی لە دونیای واقیعدا ناگرن. بۆ وێنە ئەوە تیۆری مارکسیستی لە سەر بایخی کار دەگرێتەوە، ئەو تیۆرییە کە دەڵێ بایخی هەر بەرهەمێک پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە گەڵ ڕێژەی ئەو کاتە هەیە کە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو تەرخان کراوە. ئاکامی سەیری ئەو تیۆرییە ئەوەیە کە ڕێکخستنێکی ناکاریگەری شێوەی کار بەرهەمی بایخدارتر دروست دەکا لە ڕێکخستنێکی کاریگەر، چونکە ڕێکخراوێکی ناکاریگەر ماوەیەکی زۆرتر بۆ دروست کردنی هەر بەرهەمێک دەخوازێ.

هەر چۆنێک بێ، بەشێک لە تیۆرییەکانی مارکس بە نرخ بوونی خۆیان وەک ئامرازی پەرەپێدانی تێگەیشتنی ئێمە لە دونیای واقیع نیشان داوە، و ئێستا بەشێکن لەو شتانەی کە بە شێوەیەکی گشتیی لە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان قبووڵ کراون. بەڵام لەو بەشەشدا دەتوانین بڵێین کە مارکس تووشی هەمان چارەنووس بوو کە بیرمەندەکانی‌تری بواری ئابووری و سیاسی لە سەدەکانی ١٨و١٩ وەک ئادام سمیت (Adam Smith) و جان ستیوارت میل (John Stuart Mill) توشی ببون. بەشێک لە تیۆرییەکانیان هیچ ڕەواییەکیان نییە و بەشێکیش ماوەیان بە

سەر چووە. لە گەڵ ئەوەشدا هەندێکیان وەک ئامرازی گرینگی شی کردنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ماونەوە.

لەم کتێبەدا ئێمە مامەڵە لە گەڵ دوو چەمکی سەرەکیی سیستەمی تیۆریکی مارکسیستیی دەکەین، ئەو چەمکانەی کەوا دەوریان لە گەشە کردنی بۆچوونەکان هەم لە ناو سوسیال دێموکراسی و هەم لە ناو سوسیالیزم بە گشتیی هەبووە و کە (بە شێوەیەکی تا ڕاددەیەک پێشکەوتووتر) ئێستاش ئامرازی گرینگن بۆ شیکردنەوە. ئەو چەمکانە ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوو و خەباتی چینایەتیین.

هەر چۆنێک بێ، پێمان خۆشە ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە ئەو تیۆرییانە وەک ئامرازی لێکۆلینەوەی کۆمەڵگا سەیر دەکەین نەک وەک تاقمێک وەڵامی ئامادە بۆ گیروگرفتە سیاسییەکانی سیاسەتی سەردەمی ئێستا. لە بەشێک لە لێکۆڵینەوە سوسیالیستییەکاندا جارجار مارکس کەم تا کورتێک وەک دامەزرێنەری ئایینێک سەیر کراوە کە قسەکانی پرەنسیپە ڕێنوێنییکەرەکان دیاریی دەکەن کە هیچکات نابێ بکەونە ژێر پرسیار و لە هەندێک لە باسەکانی ئەم سەردەمە دا جارێکیتر مەیلێک بۆ دەربڕینی ئەم جۆرە لێکدانەوانە بەدی دەکرێ. مرۆڤ دەبێ هەمیشە بەرامبەر بەو وشکەباوەڕییە بیرتەسکانە وشیار بێ: لانی کەم لە بەر ئەوەی کە مێژووی سوسیالیزم بۆ خۆی پیشانی دەدا کە ئەوە چەندە ترسناکە، و چەندە ئاسان دەتوانێ بکەوێتە ململانێ لە گەڵ وەدیهاتنی بەهاکانی خودی سوسیالیزم. ئەو مێتۆدانەی کە ئێمە لە فکرەکانی ئازادی و یەکسانی نێزیک دەکەنەوە دەبێ تەنیا لە گفتوگۆیەکی ڕەخنەگرانە و بە بیرێکی ئاواڵەوە لە سەر هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهان و ئەو گیروگرفتانەی کە لە گەڵیان ڕووبەڕووین بدۆزرێنەوە، نەوەک لە وەرگێڕانی وشە بە وشە و وشکەباوەڕییانەی بەرهەمەکانی مارکس دا.

## ڕوانگەی ماتریالیستیی لە سەر مێژوو

به پێی کتێبه کۆنەکانی مێژوو، گوستاو ئادۆلفی دووهەم (Gustav II Adolf)[7] بۆ پارێزگاری لە هاودینە پرۆتێستانەکانی لە دژی هەڕەشەی کاتۆلیسیزم تووشی شەڕی ٣٠ ساڵە بوو. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر نوێتر، تێوەگلانی سوێد لە شەڕ وەک هەنگاوێک دەبینرا بۆ هەمان سیاسەتە داگیرکەرییانەی کە پێشدا ببوە هۆی شەڕ لە وڵاتانی باڵتیک و پۆلەند کە بە ئاشکرا هاندەری ئابووری هەبوون.

ئەم دوو شێوە جیاوازەی وەسف کردنی یەک ڕووداو جیاوازی نێوان ڕوانگەی ئایدیالیستی و ماتریالیستی لە سەر مێژوو نیشان دەدەن. بە پێی بۆچوونی ئایدیالیستی لە سەر مێژوو ئەوە فکرەکانن کە دینامۆی گەشە کردن پێکدێنن. لە لایەکی ترەوە بە پێی ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوو ئەوە مەسەلەی پێویستییەکانی ئابووری، ئاڵوگۆڕی تەکنیکی و فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە ئەوانن.

ناوەرۆکی ڕوانگەی مارکسیستیی لە سەر مێژوو ئەو بۆچوونەیە کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان هەروەها بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا یەک لا کەرەوەن،" سەرخانی کۆمەڵایەتیی". لە کۆمەڵگای کۆنی کشتوکاڵیدا ئەوە تەنیا ژیانی کار و مەرجەکانی کار نەبوون کە جیاوازییان لە گەڵ شێوەی کۆمەڵگای پیشەسازیدا هەبوو، هەروەها ڕێکخستنی سیاسی و شێوەی ژیان و بیرکردنەوەش جیاواز بوون. مارکس لە کتێبی" هەڵسەنگاندنی ئابووری سیاسی" دا دەنووسێ: " شێوازەکانی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی بڕیاردەرن بۆ پرۆسەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی، سیاسی و ڕووحیی بە یەکەوە. ئەوە هۆشیاریی خەڵک نییە کە بوونی ئەوان دیاری دەکا، بە

---

[7] یەکێک لە پاشاکانی سوێد کە لە نێوان ساڵەکانی ١٦٣٢ـ ١٥٩٤ی زایینی ژیاوە

پێچەوانە، ئەوە بوونی کۆمەڵایەتیی ئەوانە کە بڕیاردەری هۆشیاریی ئەوانە". مەبەستی مارکس تا ڕادەیەک ئەوەیە کە بۆچوونەکان بڕیاردەری شێوەی داڕشتنی کۆمەڵگا نین، بەڵکوو ئەوە مەرجەکانی ژیانن، کە تێکنۆلۆژی و ئابووری دروستیان کردوون، کە بیروبۆچوونەکان دیاریی دەکەن.

وەک نموونەیەکی ڕوونکەرەوە دەکرێ ئاماژە بە گۆڕانی هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە سوود بکەین. لە سەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاست وەرگرتنی سوود بۆ هەر شتێک کە بە قەرز درابا تاوان بوو، بە تێکنۆلۆژی ئەو سەردەم  ناوەندی گەورەی بازرگانی و پیشەسازیی کە پێویستییان بە بازاڕی دارایی کاریگەر هەبێ نەبوون. هاوتەریب لە گەڵ پرۆژەی مەزن کە تێکنۆلۆژی هەلی بۆ ڕەخساندبوون، پێویستیی قەرز کردنی پارە هەر دەهاتو زیاتر دەبوو؛ و بۆ قەرز کردنی پارە بۆ پرۆژەی پڕ مەترسیی، مرۆڤ ناچار بوو نرخی بۆ بدا. بەم شێوەیە بێزراویی ئەخلاقی دژی سوود لە ناوچوو.

کاتێک کە مەرجەکانی بەرهەمهێنان لە ڕێگای گەشەکردنی تەکنیکیی، لە ڕێگای ئاڵوگۆڕ لە چۆنییەتی بازرگانی کردن و شتیتر دەگۆڕێن، ئینجا دەبێ شێوەی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتییش بگۆڕێ. هاوتەریب لە گەڵ پەرەئەستاندنی کۆمەڵگای پیشەسازیی شێوەی ڕێکخستنی ئەنجوومەنی نوێنەران (دابەش کردنی کورسییەکان بە سەر سێ چینی نەجیبزادە، پیاوانی ئایینی و خەڵکی ئاسایی) شتێکی نامومکین بوو و لە جیاتان شێوەی ڕێکخستنی دوو ئەنجوومەنیی ( ئەنجوومەنی پیران، ئەنجوومەنی نوێنەران) جێگای گرتەوە، لە گەڵ چوونە سەری گرینگیی پیشەسازیی و هەروەها کرێکارانی ناوەندەکانی پیشەسازیی، ئیتر دەرهاویشتنی ئەوان لە بەشدارییکردن شتێکی نامومکین بوو. " لە گەڵ گۆڕانی بناغەی ئابووری، بە دوای ئەودا سەرخانی قەبەی ئابووری تووشی ئاڵوگۆڕێکی کوتوپڕ دەبێ". بۆ ئەوەی کە جارێکیتر ئاماژە بە "لێکدانەوەی ئابووری سیاسی" بکەین.

ڕەنگدانەوەیەکیتری ئەو فکرە کە هێزەکانی ئابووری هەروەها بۆ "سەرخانی (ئابووریش)" بڕیاردەرن ئەوەیە کە زۆر یەک لە بەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان شوێن پێیان دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی ئابووری: " بەرژەوەندیی قەت درۆ ناکا" لە پشت ئایدیۆلۆژی لیبرالیی ئازادی لە سەدەی ١٨ مرۆڤ دەتوانێ زۆر بە ڕوونی شوێن پێی ویستی چینەکانی پەرە ئەستێنەری بازرگان و خاوەن کارخانە بۆ تێکشکاندنی مافە تایبەتییەکانی چینی ئاریستۆکراتی خاوەن زەوی بەدی بکا، کە پێشیان بە گەشەکردنی بازرگانیی و پیشەسازیی گرتبوو. و لە پشت پەرەئەستاندنی داواکارییەکان بۆ ئازادی و یەکسانیی سوسیالیزم مرۆڤ دەتوانێ، بە هەمان شێوە، ویستەکانی چینی ژێردەستی کرێکار بۆ تێکشکاندنی مافە تایبەتییەکانی بازرگان و خاوەن کارخانەکان ببینێ.

شتێکی ئاشکرایە کە ئەوە بە هیچ شێوەیەک لە ڕەوایی ئازادی و یەکسانیی کەم ناکاتەوە و یا دڵسۆزیی ئەو کەسانە کە، زۆرجار بە خستنە مەترسیی خۆیانەوە، خەباتیان بۆ ئەم بیروبۆچوونانە کردووە؛ ئەو ڕاستییە کە تاکەکان لە چالاکییەکانی خۆیاندا بیرێکی بەهێزی ئایدیالیزم هاندەریانە حاشای لێ ناکرێ، جا قەی ناکا مرۆڤ چ هەڵوێستێکی بەرامبەر بە هێزە بڕیاردەرەکانی "مێژوو" هەبێ. بەڵام ئەوە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی گرووپە سیاسییە جیاوازەکان مانای وشەی وەک بۆ وێنە ئازادی وەها جیاواز لێکدەدەنەوە و جەخت لە سەر لایەنە جیاوازەکانی فکری ئازادی دەکەنەوە. جارێکیتر ئەو پرسیارە بەرز دەبێتەوە کە " ئازادی بۆ کێ؟ و بۆچی؟"

ئەوە هەر وەها ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی ئەو لایەنانەی کە بیروبۆچوونی سوسیالیستییان هەیە وەها خولیای ئابووری و ڕێکخستنی ئابوورین: دەکرێ پەیوەندییەکی ئاشکرا لە نێوان چۆنییەتی ڕێکخستنی ئابووری و ژیانی کار، و ئەو دەرفەتانەی کە کۆمەڵگا بۆ وەدیهێنانی خەون و ئاواتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەستەبەریان دەکا ببیندرێ، خەون و ئاواتی وەک دێموکراسی و ئازادی. دێموکراسی ڕاستەقینە، کە لە سەر ئەو بۆچوونە

دامەزراوە کە هەموو کەس وەک هاووڵاتیی یەکسان، دەتوانێ بەشداریی لە پرۆسەی سیاسییدا بکا، مومکین نییە، ئەگەر ژیانی کار خەڵک بە سەر ئەوانەی کە گرنگن و ئەوانەی کە گرینگ نین، بە سەر خەڵکی خاوەن دەسەڵات و بێ دەسەڵات، بە سەر ئەوانەی کە بڕیار بۆ خەڵکیتر دەدەن و ئەوانەی کە تەنانەت ڕێگای بڕیاردان بۆ ژیانی خۆشیان پێ نادرێ دابەش بکا.

ئەو هەڵوێستانەی کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهینان دروستی دەکەن لە ژیانی سیاسیدا دووبارە دروست دەبنەوە: ئەگەر ئێمە دەمانهەوێ دێموکراسییەکی سیاسی بە هاووڵاتیانی سەربەخۆ و بەرپرسیارمان هەبێ، کەوابوو دەبێ ژیانێکی کارمان هەبێ کە لەوێدا کرێکارەکان سەربەخۆ و بەرپرسیارن، نەک ژیانێکی کار کە لەوێدا ئەوان تەنیا فەرمان وەر دەگرن و مافی دەربڕینی هیچ بۆچوونێکیان نییە.

بە پێی ئەو بۆچوونە، دێموکراسی سیاسی دەخوازێ کە یاساکانی ئابووری نابێ تەنیا لە ڕوانگەی قازانجەکانی خاوەن سەرمایەکان، بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە ئەو قازانجانە بە چ نرخێک لە سەر ئەوانیتر دەکەون، دیاریی بکرێن. یاساکان دەبێ لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی و پێداویستییەکانی زۆرینەی دانیشتووانی کرێکار بۆ شتی وەک بارودۆخی کار بە جۆرێک کە تەندروستی خەڵک نەخەنە مەترسییەوە، یا مافی بەکارهێنانی دەسەڵات بە سەر کارەکەی خۆیاندا، یا پاراستن لە دژی ئەوەی کە هەر چۆنی پێیان خۆش بێ هەڵسوکەوتت لە گەڵدا بکەن، و هەروەها دەرفەتی گەشە کردن و زیاد کردنی پلەو پایە دیاریی بکرێن. بە واتایەکیتر ئەگەر ئێمە " سەرخانێکی کۆمەڵایەتییمان" لە ئازادی و دێموکراسی دەوێ، کە وابوو دەبێ ئێمە بناغەی ئابووری، بەرهەمهێنان، بە پێی ئەو خەون و ئاواتانە دارێژین، دەنا خەون و ئاواتەکان شتێک نابن جگە لە یوتۆپیا (مدینە فاضلە).

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بۆ سوسیال دێموکراتەکانی سوێد ئەوە بەو مانایە نییە کە دەبێ خاوەندارێتی تاکیی لە ئاست کۆمپانیاکان قەدەغە بکرێ، و بێگومان بەو مانایەش نییە کە مرۆڤ دەبێ داواکارییە بنەڕەتییەکانی بازرگانیی وەک ئەو ڕاستییە کە داهات و دەرکەوت دەبێ لە گەڵ یەک بگونجێن پشتگوێ بخا. بەڵام ئەوە بەو مانایەیە کە دانیشتووان بە یەکەوە، لە ڕێگای پێکهاتە هەڵبژاردەکانیانەوە، دەبێ بتوانن مەرجە کۆمەڵایەتییەکان ("یاساکانی کایە") بۆ ناوەندە بازرگانییەکان دیاریی بکەن. ئەوە هەروەها دەخوازێ کە کرێکارەکان، لە شوێنەکانی کار و لە ڕێگای سەندیکای کرێکارییەوە، دەبێ بتوانن دەسەڵاتیان بە سەر مووچە و مەرجەکانی کار و هەروەها ڕێکخستنی کاری ڕۆژانەدا هەبێ.

## دەوری بیروباوەڕەکان

بۆ ماتریالیستێکی مێژوویی ڕاستەقینە، فکرەکان، ئایدیۆلۆژییەکان بۆ گەشە کردنی کۆمەڵگا زۆر گرینگ نین، بەڵام سوسیال دێموکراسی ئەم ڕوانگە نەخشەیییەی (schematic view) لە سەر شتی نیە. هەڵبەت مرۆڤ ناتوانێ فکرەکان و خەون و هیواکان وەک ئامرازی بێ گیان بۆ بەرژەوەندیی ئابووری سەیر بکا. فکری وەک ئازادی و یەکسانیی، دادپەروەریی و خێرات لە هەموو سەردەمێکدا هەبوون بە بێ لەبەرچاو گرتنی تەکنیکی بەرهەمهێنان یا شێوەی داڕشتنی ئابووری. هەڵبەت ئەوانە کاریگەرییان لە سەر ئەو شتە کە ئێمە پێی دەڵێین ژیانی کۆمەڵایەتیی هەبووە، خەڵک لە هەموو سەردەمێکدا ئاگادارییان لە پیر و نەخۆشەکانیان کردووە، و لە هەموو کۆمەڵگایەک بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕێگا چارەیەک بۆ پێڕاگەیشتن بەو کەسانە هەبووە کە هیچ خزمێکیان نەبووە کە سەرپەرشتییان بکەن. لەو ڕوانگەیەوە فکرەکان و خەون و ئاواتەکان هەمیشە کاریگەرییەکی سەربەخۆیان لە سەر داڕشتنی کۆمەڵگا هەبووە.

بەڵام لە هەمان کاتدا مرۆڤ دەبینێ کە هەندێک بیروباوەڕ پێشکەوتنی گرینگی سیاسییان بە خۆوە نەدیتوە تا ئەو کاتەی کە ئامرازەکانی ئابووری ئەو وەرچەرخانە بوونیان نەبووە، یا مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، تا کاتێک کە هێزەکانی بەرهەمهێنان هەلەکانیان بۆ نەڕەخساندبێ. سەرهەڵدانی جوتیاران لە سەدەکانی ناوەراست بە دژی مافە تایبەتییەکانی چینی بەگزادە شکستی هێنا، هێرشەکانی سەدەکانی ١٨، ١٩ و ٢٠ لە لایەن بازرگانان و خاوەن ناوەندە پیشەسازییەکان سەرکەوت، چونکە ئەوان نوێنەرایەتیی سیستەمێکی نوێتر و کاریگەرتری بەرهەمهێنانیان لە ئابووری ئاریستۆکراسی خاوەن زەوییەکان دەکرد. پەیوەندیی نێوان ئاڵوگۆڕ لە بواری ئابووری و پێشکەوتنی گرینگی خەون و ئاواتە کۆمەڵایەتییە نوێکان زۆر ڕوونە.

## خەباتی چینایەتی

بە وتەی مارکس گەشەکردنی مێژوو بە خەبات بۆ دەسەڵات بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەش کردنی میوەکانی بەرهەمهێناندا پێکدێ: " هەموو مێژوو، مێژووی خەباتی چینایەتییە". لێرەدا " چین" ئەندامەتیی لە گروپێکی ئابووری دەنوێنێ کە پەیوەندیی بەرامبەر بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دیاریی دەکەن. سنووری یەکلاکەرەوەی چینایەتی لە نێوان خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وەک زەوی، پارە و مەکینەکان و ئەوانەی کە خاوەنی هیچ شتێک نین جگە ( هێزی) کاری خۆیان.

خاوەنی ئەو ئامرازانەی بەرهەمهێنان، کە لە بڕگەیەکی دیارییکراو لە گەشەکردنی تێکنۆلۆژیدا گرنگترینن، هەروەها دەبنە خاوەنی دەسەڵات بە سەر کۆمەڵگادا. ئەوانەی کە دەسەڵاتیان نییە بە دژی ئەم دۆخە شۆڕش دەکەن، بەڵام بە پێی تیۆریی مارکسیستیی، تا تێکنۆلۆژی بەرهەمهێنان

دەست بە گۆڕین نەکا هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینە نایەتە ئاراوە، بۆ ئەوەی کە فاکتەری بەرهەمهێنانی تر زاڵ بن. ئەوسا ئەو دەستەیە (ئەو چینە) کە ئەم فاکتەرانە کۆنترۆڵ دەکا، دەبێتە دەسەڵاتداری نوێ.

کەوابوو "چین" شتێکی بە تەواوی جیاوازە لە تاقمی کۆمەڵایەتی. چەمکی چین کە لە ڕێگای خاوەندارێتی پێناسە کرابێ تەنانەت لە کاتی ژیانی مارکسیشدا نا لێڵ نەبوو، ئەوی ڕاستیی بێ، مارکس ناچار بوو چەمکی "پلەی ناوەڕاست" بۆ ژمارەیەک تاقمی ئابووری پێشکەش بکا کە نە دەکرا وەک سەرمایەداری خاوەن سامان و نە وەک پرۆلێتەری بێ سامان پێناسە بکرێن. لە ئابووری ئەمڕۆدا، کە ئێجگار ئاڵۆزترە، مامەڵە کردن لە گەڵ چەمکی چین زۆر دژوارترە. ئەگەر خاوەندارێتی بۆ ئەندامەتی چین پێوەر بن، ئەو کەسانەی کە داهاتیان زۆرە بەڵام سەرەڕای ئەوەش فەرمانبەرن، پسپۆڕەکانی بازرگانیی کەرتی تایبەت، دەبنە کرێکار، لە کاتێکدا کە خاوەن پیتزاییەک کە تەنیا کرێکارێکی نیوە وەختی هەیە دەبێتە سەرمایەدار.

سەدەی بیستەم نیشانی داوە کە لە پەیوەندی لە گەڵ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان -"چین"- تەنیا خاڵی جیاکەرەوە لە کۆمەڵگا نییە. بە درێژایی مێژوو نێر یا مێ بوون (Gender) خاڵێکی جیاکەرەوە بووە کە هەمان دەوری بەرچاو لە شێوەی پلە پلە کردنی تاقمە جیاوازەکان وەک چین دەگێڕێ، هەر چەند کە ئەو مۆدێلە تایبەتمەندیی دیکەشی هەن. هەروەها ئایین یا پێشینەی ڕەگەزیی دەتوانێ کەم تا کورتێک وەک فاکتەرێکی بە هێزی جیاکەرەوە خۆی بنوێنی.

لەوەش زیاتر، دێموکراسی سیاسی و ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی کرێکاران کاریگەرییان لە سەر شێوەی داڕشتنی دەسەڵات هەبووە؛ خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەی سەدەی نۆزدەهەم خەڵک بە سەر چینی جیا جیادا دابەش ناکا.

هەموو ئەوانە بەو مانایەن کە چەمکی چین بە تەنیا بۆ شیکردنەوەی پۆلێن کردنی کۆمەڵگای مودێرن بەس نییە و کە ئەوان بە تەنیا لە ڕێگای ئاڵوگۆر لە ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا ناتوانن چارەسەر بکرێن. بەڵام چەمکی چین وەک ئامرازێکی شیکردنەوە بە کەڵکە، ئەگەر مرۆڤ ڕێگا بدا کە وەک هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان ژێر دەستیی و سەروەریی هەم لە ژیانی کار و هەم لە ئابووریدا ئاماژەی پێ بکرێ.

هێڵی جیاکەرەوە پێویست ناکا هەموو شتێک بگرێتەوە: هەم کرێکار و هەم خاوەن پشک (Shareholder) لە بەرژەوەندییان دایە کە کۆمپانیاکانی " ئەوان" بە هێز و سەرکەوتوو بن، چونکە ئەوە بناغەی مسۆگەریی کار و دڵنیایی لە گەڕانەوەی سەرمایەیە. بەڵام لەوانەیە جیاوازیی یەکلاکەرەوە لە نێوان لایەنەکان بۆ چۆنییەتی گەیشتن بەو بە هێزییە هەبێ. بردنە سەری ڕێژەی بەرهەمهێنان کە بە نرخی زیاد کردنی زەخت لە سەر کرێکاران تەواو بێ لەوانەیە بۆ خاوەن پشکەکان دڵخواز بێ: کاری زۆرتر بە هەمان مووچە. بەڵام بۆ کرێکارەکان نرخی ئەوە، بە شێوەی زیاد بوونی گوشار و چوونە سەری ئەگەری بریندار بوونیان، دەتوانێ نرخێکی ئێجگار زۆر بەرز بێت.

ئەوەندەی کە پێوەندیی بە باجدەرانەوە هەیە، لەوانەیە تێچوونی چاودێریی لە بریندارەکان، کە بە هۆی ئەو زەختە زۆرە دەبێ بدرێ، وردە وردە لە قازانجی چوونە سەری ڕێژەی بەرهەمهێنان زیاتر دەبێ.

کێشەکانی بنپسانەوەی نێوان لایەنەکانی بازاڕی کار کە لە سەر پرسی یاسای کار دێنە پێش بە هەمان شێوە دەکرێ لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە، یا هەر بەو پێیە لە ڕوانگەی چینایەتییەوە شی بکرێنەوە. ئاخۆ ئەوە خاوەن کارەکانن کە دەبێ ڕێگایان پێ بدرێ کە سەربەخۆ هەواڵی دەرکران بە کەسێک ڕابگەیێنن یا خود بەڵگەکانی ئەو دەرکردنە دەبێ چی بێ؟ یا تەنیا ڕێگا بدرێ کە دەرکردن لە بەر هەندێک هۆی تایبەتیی بێ و دوای وتوویژ لە گەڵ نوێنەری سەندیکای کرێکاریی فەرمانبەرەکان؟

گفتوگۆکان زۆر جار لەڕووی ئەو شتەی کە لەڕوانگەی ئابووری بازرگانییەوە ماقوڵە، ئەنجام دەدرێن بەڵام لە کۆتاییدا، مەسەلەکە ئەوەیە کە دەسەڵات بە سەر کاردا دەبێ بە کام لایەن بسپێردرێت. ئایا کرێکارەکان دەسەڵاتیان بە سەر شوێنی کاری خۆیاندا هەبێ و بوێرن دژی خاوەن کارەکان بوەستن بە بێ ئەوەی کە کارەکەیان بکەوێتە مەترسییەوە، یا خود ئەوان وەک " فاکتەری بەرهەمهێنانی" بێ گیان مامەڵەیان لە گەڵ بکرێ کە دەکرێ کەڵکیان لێ وەرگیرێ یا خود بەپێی بڕیاری یەک لایەنەی خاوەن کارەکان دەر بکرێن؟

ئەوەی کە چەمکی چین فێرمان دەکا ئەوەیە کە ئەو پرسیارە ئاراستە بکەین: لە بەرژەوەندیی کێ دایە؟ کاریگەریی هەندێک کردەوەی دیارییکراو لە سەر لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگا چییە؟ چ جۆرە فەرمانبەرییەک یا فەرمانڕەواییەک بە هۆی هەندێک کردەوی سیاسی دروست دەبێ؟ هەڵبەت دەبێ ئەو پرسیارانە لە پێوەندیی فاکتەرە جیاکەرەوەکانی تریش بکرێن، وەک نێر یا مێ بوون یا بنچینەی ڕەگەزیی.

ئاراستە کردنی ئەم پرسیارانە گرینگن، بە تایبەتی لە سەردەمی ئاڵوگۆڕ وەک سەردەمی ئێمەدا. زۆر نوسخەی کە بە باشی تاقیکراونەوە چیتر کاریگەرییان نییە، هەر بۆیە گرینگە کە نوسخەی نوێ بە بێ تێروانینێکی ڕەخنەگرانە پەسەند نەکەین، تەنیا لە بەر ئەوەی کە نوێن، بەڵکوو لێی بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی کە بزانین بە قازانجی کێن و لە دژی بەرژەوەندیی کێن: کە ئێمە دەبێ لێی بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی کە بزانین ئاخۆ چی بکەین بۆ ئەوەی کە دڵنیا بین کە ئاڵوگۆڕە حەتمییەکان لە بەرهەمهێنان، جیاوازیی چینایەتیی نوێ دروست نەکەن و نەبنە دابەش بوونی نوێ بە سەر ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بە سەر ژیانی کاری خۆیانەوە هەیە و ئەوانەی کە ئەو دەسەڵاتەیان نییە.

مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکی چین دەتوانێ ببینێ کە ئەگەری ئەم جۆرە گۆڕانکارییە گەلێک بەرچاوە. لە کۆمەڵگای پشت بەستوو بە

تێکنۆلۆژی پێشکەوتوو، کە جێگای  کۆمەڵگای پیشەسازیی دەگرێتەوە، زانیاریی دەورێکی یەکجار بەرز دەگێڕێ.

بە کەڵک وەرگرتن لە زاراوەی مارکسیستی، ئێمە دەتوانین بڵێین کە زانیاریی خەریکە زۆر بە خێرایی ببێتە یەکێک لە گرینگترین فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان، کە دەسەڵات بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر دەکا لە کاتێکدا کە ئەو کەسانەی کە خاوەنی زانیاریی نین دەبینن کە دوا دەکەون. لەو حاڵەتەدا ستراتێژیی ڕوونی سوسیال دێموکراسی ئەوەیە کە تێبکۆشێ کە ئەو فاکتەرەی بەرهەمهێنانە بە سەر زۆرینەی خەڵکدا بڵاو بکاوە. هاندەرەکە هەم ئابووریە و هەم ئایدیۆلۆژیکی: ئاستێکی بەرز و هاوپلە لە زانیاریی لە ناو هێزی کرێکار، پێشمەرجێکە بۆ سوێد وەک نەتەوە، بۆ ئەوەی کە پلەی ئابووری و سیستەمی ئاسایشی کۆمەلایەتیی خۆی بپارێزێ. لەوە زیاتر بڵاو بوونەوەی سەرمایەی زانیاریی بە شێوەیەکی یەکسان هەروەها پیشمەرجێکە بۆ یەکسانیی لە ناو هاوولاتیاندا.

## سیاسەت بە کردەوە

بۆچوونە بە میرات گیراوەکانی سوسیال دێموکراسی تەنیا بۆچوونە کلاسیکەکانی ئازادی و یەکسانیی، یا ئامرازە کلاسیکەکانی شیکردنەوە وەک ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوو ناگرنەوە. ئەوە بە هەمان ئەندازە پرسی مێژووی سەد ساڵەی حیزبە: لەو فکرانەی کە بە کاریگەریی دوو لایەنە لەگەڵ داخوازییەکانی سیاسەتی بە کردەوە و فێر بوون لە ئەزموونەکان گەشەیان کردووە.

ئێمە دواتر باسی گەشەکردنی سوسیال دێموکراسی لە هەندێک بواری سیاسییەوە دەکەین. لێرە پێمان خۆشە باسی پرسی کاریگەریی دوولایەنەی ئایدیۆلۆژی و سیاسەتی بە کردەوە بکەین. چونکە کاریگەریی دوولایەنە

دەبێ هەبێ: مرۆڤ قەت ناتوانێ لە پێشدا، بە شێوەی تیۆری، بە وردی شێوەی گەشە کردنی کۆمەڵگا دیاریی بکا، یا تەنانەت دیاریی بکا کە سیستەمی باش دەبێ چۆن بێ. سیاسەتەکان دەبێ بێپسانەوە تاقی بکرێنەوە، بە ئایدیۆلۆژی وەک ئەستێرەی ڕێ نیشاندەر بەڵام بە ئەزموونە پراکتیکییەکان وەک خاڵی دەستپێک بۆ دیاریکردنی ئەو شتانەی کە دەگونجێن و ئەو ڕێگاچارانەی کە ئەگەری جێبەجێ بوونیان هەیە.

هەڵبەت ئەو بیروباوەڕانەی کە باس لە چۆنییەتی دارشتنی کۆمەڵگا دەکەن خاڵی دەستپێکی سیاسەتن: ئەوان ئەو ئامانجانەن کە ئێمە هیوادارین پێیان بگەین. ئەوە بەو مانایە نییە کە مرۆڤ دەتوانێ دەستبەجێ بە هەموو ئەو شتانە بگا. بە هەمان شێوە ئەوە بەو مانایە نییە کە جیاوازیی نێوان ئایدیالەکان و ڕاستییەکانی ڕۆژانە دەبێ وەک خیانەت بە ئایدیالەکان لێکبدرێتەوە.

هەموو سیاسەتێک دەبێ خاڵی دەستپێکی پێشمەرجە واقیعییەکان بێ، بە تایبەت کاتێک کە دەگەڕێتەوە سەر کاروباری ئابووری. ئێمە ناتوانین چاکسازییەکانی ئەمرۆ بەو پارەیە کە ٢٠ ساڵیتر گیرمان دەکەوێ جێبەجێ بکەین: ئەگەر پێشمەرجە پراکتیکییەکان لەبەر چاو نەگیرێن باس کردن لە بەنرخیی ئامانجێک سوودی نیە. ئێمە ناتوانین ئەو سنوورانەی کە داخوازییەکانی ژینگە بو سیاسەت دیاریی دەکەن پشتگوێ بخەین، بۆ وێنە خولی ئابووری (economic cycle) ناونەتەوەیی یا توانای پێشبڕکێی ناوەندەکانی پیشەسازیی. هەڵبەت ئێمە دەتوانین لە نێوان ڕێگا جیاوازەکانی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ ئەو سنوورانە یەکیان هەڵبژێرین بەڵام قەت ناتوانین ڕاستیی هەبونی ئەوان پشتگوێ بخەین تەنیا بەو هۆیە کە ئێمە حەزمان لەو داخوازییانە نییە کە ئەوان دەیخەنە سەر سیاسەت.

بۆ وێنە دەتوانین باسی ئەو کەم هێنانە زەبەلاحەی بودجە لە نەوەدەکاندا بکەین. ئێمە دەتوانین لە نێوان تێکەڵاوێک لە زیاد کردنی باج و کەمکردنەوەی خەرجییەکان بۆ هێنانە خواری ڕێژەی کەم هێنانی بودجە

یەکیان هەڵبژێرین و دەتوانین بردنەسەری ڕێژەی باج و کەم کردنەوەی خەرجییەکان بە چەند شێوە دابەش بکەین. بەڵام ئێمە ناتوانین ڕێگا بدەین کە ئەو کەم هێنانە هەر وەک خۆی بەردەوام بێ. ئەوە دەبێتە هۆی کێشەی ئابووری کە لە کۆتاییدا زەختی گەلێک بەرچاوتر بۆ سەر ڕێکخستنی بودجە دروست دەکا.

ئەوە دەتوانێ وەک ئاکامێکی ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوو سەیر بکرێ: کەرەستە

دەرەکی‌یەکان، واتە پێش‌شەرتەکان چوارچێوەی ئەو شتانەی کە لە بواری سیاسییەوە گونجاون دیاریی دەکەن. گوستاو مۆللێر وەک وەزیری ئاسایشی کۆمەڵایەتیی لە چلەکان و پەنجاکان داهێنەری ڕیفۆرمی گەلێک مەزن بوو: هیچ مرۆڤێک قەت دلسۆزیی قووڵی ناو براویان بەرامبەر بە ئەرکەکانییەوە نەبردۆتە ژێر پرسیار، دڵسۆزییەک بۆ هەژاران و ئەوانەی کە لە بواری کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگا وەلانراون کە لە ئەزموونەکانی سەختی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتبوو. بەڵام گوستاو مۆللێر خۆی لە یەکەم پلانی ڕیفۆرمە مەزنەکەیدا (١٩٤٧) نووسی کە پێشکەوتنی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی داهاتوو دەبێ ببسترێتەوە بە خێرایی گەشەکردنی ئابووری.

هەڵبەت ئەوە ئەرکی سیاسەتە کە بۆ گۆڕینی پێشمەرجە دەرکییەکان هەوڵ بدا، بە جۆرێک کە ئەوان دەرفەتی گەورەتر بۆ هێنانەدی بایخەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکەن. بەڵام ئەوە وەک ڕێسا پرۆژەیەکی گەلێک درێژخایەنە و مرۆڤ ناتوانی قازانجەکانی خۆی پێش وەدەستهێنانیان خەرج بکا. تۆ ناتوانی بۆ خانوویەک بگوێزییەوە کە دیوارەکان و سەربانەکەی ئامادە نەبوون. پێش ئەوەی کە تۆ دەست بە دروست کردنی خانووەکە بکەی دەبێ بناغەکەی ئامادە بکەی و ئەوە لە خۆیدا تێکۆشانی گەلێک قورس و کاتخوازی پێویستە. خەبات بۆ مافی دەنگدانی گشتیی و ٨ کاتژمێر کار لە ڕۆژدا کە لە ساڵەکانی ١٨٩٠ دەستی پێکرد ئاکامەکانی پتر لە ٢٠ ساڵ دواتر دەرکەوتن. ئەو هەوڵانەی کە بۆ باش کردنی باری

ئابووری دەوڵەت لە نەوەدەکاندا ئەنجام دران بۆ مسۆگەر کردنی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی لە درێژخایەندا پێویستن، بەڵام لە کورتخایەندا خۆ بەخت کردنی بێ ئەملاوئەولا دەخوازێ. هەروەها ئەو هەوڵە چڕانەی کە لە نەوەدەکان بۆ پەروەردە و فێر کردن ئەنجام دران بۆ مسۆگەر کردنی کار و سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی لە درێژخایەندا پێویستن، بەڵام ئاکامی ئەوانە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر دەرناکەون.

سیاسەت مەسەلەی ویستنە: ویستن بۆ ئاڵوگۆڕ، ویستن بۆ وەدیهێنانی خەونەکان و ئایدیالەکان. بەڵام بێگومان سیاسەت مەسەلەی جادو کردن نیە! سیاسەت لە ڕوانگەی ڕۆژانەوە ( ئەمرۆ بۆ سبەی) هەرگیز ناتوانێ زیاتر لەوەی کە مەرجە دەرکییەکان ڕێگا دەدەن دەستەبەر بکا، و حاڵەتی وا هەیە کە ئەو مەرجانە بە ڕاستی گەلێک بەرتەسکن. لە ڕوانگەیەکی دوورترەوە سیاسەت دەتوانێ ئەو مەرجانە بگۆڕێ، بەڵام لەو حاڵەتەدا مرۆڤ دەبێ لە بیری بێ کە ئەوە پێویستیی بە کات و زۆر جاریش ئازایەتیی زۆر هەیە.

ئەزموونێکی گرینگیتر ئەوەیە کە ئێمە دەبێ بەرامبەر بە لێکدانەوەی سەرلێشێوێنەرانەی ئامانجەکان وریا بین. بە داخەوە ئەو هەڵەیە زۆرجار هەم لە بەرەی چەپ و هەم لە ناو ڕاستەکاندا ئەنجام دەدرێ. لە لایەنی کۆمۆنیستییەوە ئەوە بووە هۆی ئەو ڕوانگەیە کە ئابووری تەواو حکومەتیی و کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان یەک شت بوون؛ ئاکامەکەشی نەبوونی ئازادی و یەکسانیی بوو. لە لایەنی کۆنەپارێزەکانیشەوە هەمان هەڵە دەکرێ کاتێک کە بازرگانیی کەرتی تایبەت و کاریگەریی ئابووری وەک یەک شت سەیر دەکرێ و هەڕەشەکان لە دژی سەقامگیریی و کاریگەریی ئابووری جیهانی لە لایەن تەوژمە پارەبازییە (speculative) بەربڵاوەکەی سەرمایەی تاکیی لە جیهانی ئەمرۆ پاش گوێ دەخا.

لە ڕوانگەی ئێمەوە کردەوەی سیاسی و هەروەها ستراتیژییە سیاسییەکان هەمیشە دەبێ بەپێی ئەو شتانەی کە دەستەبەریان دەکەن هەڵسەنگێندرێن:

ئاخۆ ئەوان یارمەتی پێشکەوتنێک بەرەو ئەو ئامانجانە کە ئێمە دەستنیشانمان کردوون دەکەن، یا ئەوان ڕەوتەکە بەرەو ڕێبازێکی بە تەواوی جیاواز دەبەن. ئەگەر دەرکەوت کە ئەوەی دواترە ئەوکات زۆر ئاشکرایە کە چاوپێداخشاندن بە سەر ئامرازە کەڵک لێوەرگیراوەکان پێویستە. بە هەمان شێوە مرۆڤ دەبێ ئامادەی پێداچوونەوە بەسەر ئەو بەڵێنییانە دابێ کە دراون: ئایا ئێستاش هەمان ئەرک جێبەجێ دەکەن کە سەردەمێک دەیان کرد، یا بە هۆی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا ئەوان چیتر ئەو ئەرکە بە باشی ڕابردوو جێبەجێ ناکەن یا تەنانەت لەوانەیە ئەوان بەو شێوەیە کە سەردەمێک پێویست بوون چیتر پێویست نەبن؟

وانەی سێهەم ئەوەیە کە کۆمەڵگا قەت بێ کەموکوڕیی نییە. ڕەنگە لە مێشکی گەلێک سوسیال دێموکراتدا پاشماوەی ئەو ڕوانگە مارکسیستییە هەبێ کە کاتێک مێژوو لە کۆمەڵگایەکی ئایدیالدا دێتە کۆتایی، کە لەوێدا هەموو شتێک لە بارودۆخێکی تەبایی (harmony) تاهەتاییدا دەمێننەوە. بەڵام کۆمەڵگا شتێکە کە بێپسانەوە لە گەشەکردن و گۆڕان دایە، کە لەوێدا زۆر هێزی جیاواز لە ئارا دان، کە لەوێدا گیروگرفتی نوێ سەر هەڵدەدەن و جیلی نوێ، بە داخوازیی و ئەزمونی نوێ، پێدەگەن. بەم شێوەیە داخوازییەکان لە کۆمەڵگا، لە پەیوەندیی لەگەڵ ئابووری و سیاسەت لە ئاڵوگۆڕی بێ پسانەوە دان.

## میراتی تێکەڵاوی بیروباوەڕەکان

ئێمە لە بەشی دەستپێکدا نووسیمان کە ئایدیۆلۆژی سوسیال دیموکراسی زۆر سەرچاوەی هەن: لە ڕاستیدا ئەو میراتە فکرییە هەر شتێک بێ یەکشێوە (uniform) نیە. بە یارمەتی ئامێرەکانی شیکردنەوە ئێمە دەتوانین لێ بکۆڵینەوە کە کام شت دەبێ چارەسەر بکرێ و کام ئامانجانە دەتوانن دەستەبەر بکرێن. بەڵام لە سەرەتادا بەهاکان و شیکاریی بەشێک

له هەمان سیستەمی فکریی نەبوون: ئەوان لە کاری سیاسی بە کردەوە و لە گفتوگۆ تیۆریکییەکان لە ماوەی ساڵانی زۆر لەو دەمەوە کە یەکەم مۆدێلەکان دارێژران بە یەکەوە تەنراون. بیروباوەڕەکان لە سەر ئازادی، یەکسانیی و برایەتیی زۆر لە تیۆرییەکانی مارکسیستیی لە پەیوەندیی لەگەڵ خەباتی چینایەتیی و مارشی پێشکەوتن بەرەو سوسیالیزم کۆنترن. لە ڕاستیدا مارکسیزم فەلسەفەی ئەخلاقیی نییە، هەرچەند کە مارکس بۆ خۆی لە ڕەخنە گرتن لە بێدادییەکانی کۆمەڵگا زۆر ڕەوان بێژ بوو. بەڵام هەروەک گوتوومانە مارکسیزم تیۆرییەکە کە بناغەی لە سەر فەلسەفەی مێژوو لە بارەی گەشەکردنی کۆمەڵگا دامەزراوە، و هەر وەک هەموو تیۆرییەکی زانستیی تێدەکۆشێ نیشان بدا کە کام شت ڕاستە، نەوەک کام شت دروستە.

لە ڕاستییدا لە نێوان نەریتی یوتۆپیایی- ئایدۆلۆژیکی، بەو شێوەیە کە لە بەهاکانی وەک ئازادی و یەکسانییدا دەگوترێ و نەریتی "سوسیالیستی زانستی" مارکسیستییدا ناکۆکییەک هەیە. مارکس عادەتێکی هەبوو لە پەیوەندیی لە گەڵ ئەو بە ناو سوسیالیستە یوتۆپیاییانەدا، ئەو لە وتەکانیدا تا ڕادەیەک بە سووکی سەیری ئەوانی دەکرد( هەر چەند کە بەشێک لەوان تا ڕاددەیەک سیاسەتوانی کارامە بوون) چونکە بە بۆچوونی ئەو ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا ناتوانن لە سەر خەون و هیواکان دامەزرێن بەڵکوو دەبێ لە سەر ئەو شتەی کە پلانی مێژوویی بۆ گەشەکردن دەخوازێ دامەزرێن.

ئەو بۆچوونە کە گەشە کردن لە سەر بنچینەی یاسا داندراوە و لە ئەنجامدا کاری سیاسی دەبێ لەو ڕێگاچارانە پێکهاتبێ کە لە گەڵ پلانی شتەکان بگونجێ، زۆرجار لە گەڵ چەمکی بەها ئایدیۆلۆژی‌یەکان ناکۆکی هەبووە. هەڵبەت یەکێک لە ترسناکترین نموونەکانی ئەو ڕوانگەیە سیستەمی سۆڤیەتە، کە لەوێدا وەفاداریی بە پلانی گەشەکردنی "سوسیالیزمی زانستیی" بووە هۆی پێشێلکردنی راستەوخۆی فکرەکانی ئازادی، یەکسانیی و هاوپەیوەندیی. هەر چۆنێک بێ، چەندین نموونە هەن کە چۆن

گفتوگۆ لە سەر ڕێکخستنی "دروست" و شێوازەکان لە باس لە سەر داخوازییەکانی ئازادی و یەکسانیی بەرزتر نرخێندراون. مشتومڕە رادیکاڵەکەی شەستەکان و حەفتاکان کە زۆرجار خاڵی دەستپێکی داخوازیی ئازادی بوو - بۆ وێنە پشتگیریی لە جووڵانەوەکانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بە دژی هێزە داگیرکەرەکان - لە زۆر شوێن بوو بە باسێکی زۆر فەرمیی لە سەر ڕێکخستن، کە لەوێدا داخوازییەکان بۆ ئازادی و یەکسانیی لە قوژبنێک پەستێورابوون.

ئەگەر مرۆڤ، لە گەڵ سوسیال دێموکراسی، ئەو بۆچوونە وەلا بنێ کە گەشە کردن بە هەندێک یاسا بەستراوەتەوە، و لە جیاتان ئەوە وەک ئاکامی ویست و تێکەلاویی خەڵک، هەم وەک تاک و هەم وەک جەماوەر ببینێ، ئەوکات فکرەکان، "یوتۆپیاکان"، دەبنە گرینگترین فاکتەر- ئەگەرچی بە یارمەتی هەندێک ئامیری شیکردنەوەی دیاریکراو. چیتر مەسەلەکە ئەوە نابێ کە کام ڕێکخراو لە هەمووان دروستترە، بەڵکوو بە چ شێوەیەک دەتوانین بۆ پێشخستنی ئایدیالەکانمان کار بکەین، و کام سیاسەت بە باشترین شێوە دەتوانێ دەرفەتەکانی گەشە کردنی درێژخایەن بەرەو ئەو ئامانجانە کە دەمانهەوێ پێیان بگەین دەستەبەر بکا.

لەو ڕوانگەیەوە دەردەکەوێ کە ئەو پرسیارە کۆنە کە سوسیال دێموکراسی حیزبی چینە یا حیزبی خەڵک بە هەڵە داڕێژراوە چونکە لە سەر ئەو بۆچوونە دامەزراوە کە شێوازێکی تایبەتیی سیاسی لەوانیتر سەرنجڕاکێشترە. سوسیال دێموکراسی حیزبێکە کە بۆ ئازادی، بۆ یەکسانیی، بۆ هاوپەیوەندیی و بۆ دێمۆکراسی کار دەکا. زۆر ئاشکرایە ئەم هەولانە هەمیشە خاڵی دەستپێکیان پێداویستییەکانی ئەو کەسانەیە کە کەمترین ئازادیی و زۆرترین ئازار لە دۆخی هەنووکەیی نایەکسانیی دەچێژن. بەڵام کۆمەڵگایەک کە لە سەر ئازادی، یەکسانیی و هاوپەیوەندیی و دێموکراسی دامەزرابێ، قەت ناتوانێ شتێکیتر بێ جگە لە کۆمەڵگایەک بۆ هەمووان.

# سەرمایەداریی

چەمکی "سەرمایەداریی" هەم بۆ گفتوگۆی ناوخۆی ئۆردوگای سوسیالیزم و هەروەها بۆ باسی گشتیی لە سەر ئابووری سیاسی شتێکی سەرەکییە. سەرەڕای ئەوەش پێناسە کردنی ئەو چەمکە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ناڕوونە. ئینسایکلۆپێدیاکانی سەردەم بە ساکاریی سەرمایەداریی وەک بازرگانیی کەرتی تایبەت لە گەڵ ئابووری بازاڕ پێناسە دەکەن. ئەوە زۆر بە زەحمەت ڕاددەی بارگەکراوی ئەو چەمکە لە ڕابردوو و ئێستا شیدەکاتەوە. لە ڕاستییدا ئەوە ئەو لێکدانەوەش نییە کە جووڵانەوەی پەرە ئەستێنی کرێکاریی هەیبوو.

هاندەرە کلاسیکەکانی سوسیالیست قەت کاتی خۆیان بۆ شیکردنەوەی مەبەستیان لە "سەرمایەداریی" بە فیڕۆ نەدەدا. بەڵام مرۆڤ لە نووسراوەکان و وتارەکانیاندا دەبینێ کە مەبەستی ئەوان شتێکی بە تەواوی جیاواز بوو لەوەی کە لە ئینسایکلۆپێدیاکانی هاوچەرخدا هاتووە. پێناسە کردنی ئەوان لە سەرمایەداری زۆر لەو لێکدانەوەیە واتە "سیستەمێکی بەرهەمهێنان کە لەوێدا بەرژەوەندییەکانی خاوەن سەرمایە بۆ قازانج کردن لە سەرووی هەر بەرژەوەندییەکیتر لە بەرهەمهێنان گرینگی پێ دەدرێ" نزیکترە، بەم پێناسەکردنە سەرمایەداریی کەمتاکورتێک دەبێتە پێچەوانەی ئابووری بازاڕ، چونکە پێشمەرجی ئابووری بازاڕ هاوسەنگیی بەرژەوەندییە جۆراجۆرەکانە، حاڵەتێک کە لەوێدا هیچکام لە فاکتەرەکان لە سەرووی ئەوانی تر دانادرێن.

"سەرمایەداریی" بۆ وەسف کردنی کۆمپانیای بازرگانیی تاکیی کەڵکی لێوەر دەگیرا، کە لە پلەی یەکەمدا بناغەی لە سەر کەڵەکە کردنی کەلوپەلی بەرهەمهێنان بە شێوەیەک کە زیاتر لە ئامرازی کاری خاوەنەکەی بێت و لە پلەی دووهەم، هێزی هاندەر خولیای قازانجی زیاتر لە پێویستی

خاوەنەکەی دامەزرابوو، بە واتایەکیتر هەوڵێک بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایەی هەرچی زیاتر.

کەوا بوو ئەوە ئەو خولیای قازانج کردنە بوو کە وەک سەرچاوەی هەموو شتێکی خراپ سەیر دەکرا: چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی کرێکاران، شوێنی ناتەندروستی کار، کەمیی مووچە، شێوەی نایەکسانی دابەشکرانی سامانی کۆمەڵگا. لە بەر ئەو هۆیە دەبوو خولیای سوود کردن لەناو بچێ. ڕێگای دەستەبەر کردنی ئەوەش نەهێشتنی خاوەندارێتی تاکیی فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان بوو کە بناغەی سەرەکیی سەرمایەداریی بوون: کارگەکانی بەرهەمهێنان، سامانی گەورە، مەکینەکان و سامانە سروشتییەکان.

هاندەرانی سوسیالیستیی سەدەی ١٩ بناغەی ڕەخنەکانیان لە سەر ڕەخنەی زۆر کۆنتر لە خاوەندارێتی تاکیی دامەزراندبوو؛ ئەوە بۆ وێنە زۆر بە ڕوونی لە بەرهەمەکانی فیلسوفی سەدەی ١٨ ژان ـ ژاک روسۆدا بەدی دەکرێ کە دەڵێ یەکەم کەس کە پەرژینی بە دەوری پارچە زەوییەکدا لێداو گوتی ئەوە هی منە، بناغەی هەموو نایەکسانییەکانی داهاتووی دارشت. روسۆ لە وتارێکدا نووسی "میوەکانی زەوی هی هەمووانە، بەڵام زەوییەکە هی کەس نییە" وتەیەک کە هاندەرە سوسیالیستەکان دەستیان بە سەر داگرت.

## ناڕوونیی لە بارەی بە نەیەوەیی کردندا

هەروەک پێشدا ئاماژەمان پێکرد، ناکۆکییەک لە سەر ئەوەی کە کام شت جێگای خاوەندارێتی تاکیی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بگرێتەوە هەبوو؛ هەندێک کە بڕوایان بە بەنەتەوەیی کردن هەبوو، بەشێکیتر بە خاوەندارێتی لە ڕێگای سەندیکای کرێکارییەوە و هەندێکیش بە شێوازە جۆراجۆرەکانی بازرگانیی هەرەوەزیی (co-operative enterprise). ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانە لە دژی خاوەندارێتی تاکیی لە ناو بیرمەندانی لیبراڵدا وەک جان ستیوارت میل

هەبوو کە حەزێکی تاکیی بە هێزی بۆ ناوەندە هەرەوەزییەکانی کرێکاران نیشان دەدا.

باسە سەرەتاییەکانی سوسیالیستیی لەوەش ناڕوونتر بوون، کاتێک کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرسیارە کە خاوەندارێتی گشتیی نوێ چۆن دەبێ چارەسەریی هەندێک گیروگرفتی سەرەکیی ئابووری بازرگانیی بکەن، وەک بۆ وێنە: بڕیار لە بارەی وەبەرهێنانی تازە چۆن بدرێن. قەت هیچ تیۆری‌یەکی ڕاستەقینەی سوسیالیستیی لە ئاستی ئابووری بازرگانی بوونی نەبووە.

هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە ڕەخنەی سوسیالیستیی، پرسی ئابووری بازرگانیی یا تەنانەت ئابووریش نەبووە، ئەو جەختی لە سەر دەسەڵات کردووە. ئەوە ڕەخنە لە دابەش کردنی زۆر نایەکسانی دەسەڵات بوو: ڕەخنە لە سیستەمێک کە هەلی بۆ بەرژەوەندیی قازانجخوازانەی خاوەن سەرمایەکان ڕەخساند کە بە سەر هەموو بەرژەوەندییەکانیتری کۆمەڵگا وەک ئابووری، سیاسی و هەروەها کۆمەڵایەتییدا زاڵ بێ. ئەوە ئەو دابەشکردنە نایەکسانەی دەسەڵات بوو کە سوودی بۆ تاقمێکی کەم هەبوو و نادادپەروەریی، چەوساندنەوە و نەبوونی ئازادی دروست کرد. بە گۆڕینی ئەو دەسەڵات دابەش کردنە، بە دانی دەسەڵات بەو کەسانەی کە پێشووتر دەچەوسانەوە، مرۆڤ دەتوانێ نادادپەروەریی و چەوساندنەوە نەهێڵێ بە بێ ئەوەی کە خاوەندارێتی تاکیی لەناو بەرێ. سوسیال دێموکراسی بەو تێگەیشتنە قووڵەوە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دامەزرا و مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئەو ڕێباز گۆڕینە لە کۆنگرەی ١٩٣٢ی حیزبدا بە ئاشکرا چەسپا. ئەو چەشنە فکرانە دەکرێ شوێنەواریان لە گفتوگۆکانی سوسیالیستیی پێشتر وەک بۆ وێنە لە ناو ئەنجوومەنی فابیانی بریتانیانی (British Fabian Society) دا بدۆزرێتەوە.

ئەوە ڕێگا چارەیەک بوو بۆ ئەو گیروگرفتە تەواو پراکتیکییە کە جووڵانەوە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی وەرگێڕانەوەی دروشمی وەک " بە

کۆمەڵگا کردن/ بە نەتەوەیی کردن" بۆ پێوەری واقیعی و کرداریی تووشی ببوو. ئەو کۆسپە مەزنانەی کە یەکیەتی سۆڤیەت لە بواری بەردەوامیی بەرهەمهێنان لە ناوەندە پیشەسازییەکان و لە کشتوکاڵدا تووشیان بوو، و ئەو ئاکارە دزێوانەی کە بۆڵشێڤیکەکان بۆ گەیشتن بەو مەبەستە گرتیانە بەر، دەرکەوت کە گەلێک دڵساردکەرەوە بوون. لە سەرووی ئەوە ئەزموونی خودی حیزب لە بە ڕەواڵەت کۆمیسیۆنی بە کۆمەڵگا کردن بوو، کە دەریخست کە داڕشتنی سیستەمێکی بە تەواوی نوێ لە سەر تەختەی وێنە لەسەر کێشانەوە نامومکینە، نە تەنیا بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیاکان بەڵکوو هەروەها هەڵسوکەوتی نێوان بەرهەمهێنەران و کڕیاران دەبوو کەمتاکورتێک وەلا بندرێ. وەک نیلس کارلێبی بەرپرسی کۆمیسیۆنەکە لە ١٩٢٤دا باسی کرد: " ئەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کاتێک کە باس لەم دروشمانە دەکرێ کە ئێمە بە هۆی پرەنسیپییەوە پشتیوانییان لێدەکەین، پەسەند کردنیان شتێکە و ناو ئاخنکردنی ئەوان بە ناوەرۆکی کرداریی شتێکی بە تەواو جیاوازە".

ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە سوسیال دێموکراسی سەرمایەداریی قبووڵە؟

ئەوە تا ڕاددەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بەوەی کە مەبەستمان لەم وشەیە چییە. ئەگەر مرۆڤ "سەرمایەداریی" وەک " خاوەنداریی تاکیی" پێناسە بکا، ئەوکات وەڵامی ئەو پرسیارە بەڵێیە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ وەک هاندەرە سەرەتاییەکان مەبەستی سیستەمێکە کە لەوێدا قازانجی تاکیی لە سەرەووی هەموو بەرژەوەندییەکانیتر بنرخێندرێ و نە کۆمەڵگا و نە فەرمانبەران هیچ دەسەڵاتێکیان بە سەر ناوەندەکانی بازرگانییەوە نەبێ، ئەوکات جوابەکە نەخێرە. ئەو خاوەندارێتی و بازرگانی ئازادەی کە ئێمە ئەمڕۆ قبووڵمانە شتێکی بە تەواو جیاوازە لەو خاوەندارێتی و بازرگانییە کە کرێکاران لە سەدەی ١٩دا لە گەڵی ڕووبەڕوو بوون؛ ئەو شێوە خاوەندارێتییە تاکییە شتێکە کە ئەوڕۆ جێگای پەسەندی ئێمە نییە، هەر وەک ئەو کات نەبوو. ئەو خاوەندارێتییەی کە ئێمە پەسەندی دەکەین دەبێ لە ژێر مەرجی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیی، یاسای پاراستنی ژینگە، یاسای

بازاڕی کار، یاسای بەکرێدان، یاسای پلان و بنیاتنان و یاسای کڕیار کار دا بکا. ئەوە خاوەندارییەکە بە هاوسەنگێکی بەهێز وەک سەندیکای کرێکاریی بەتوانا و ڕێککەوتننامەکانیانەوە، کە دەسەڵات بە کرێکاران لە بواری مەرجەکانی کار دەبەخشێ. سەرجەمی ئەوانە دەبنە هۆی بەرهەمی دادپەروەرانەتری ئابووری و کۆمەڵایەتیی لەو خاوەندارێتییە بێ سنوور و بێ یاسایەی پیشەسازیی قوماش لە نۆرشۆپینگ لە ١٨٩٤.

ئەو ڕاستییە کە سوسیال دێموکراسی خاوەندارێتی تاکیی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان قبووڵ دەکا هەروەها بەو مانایەیە کە ئێمە هاندەری قازانج کردن وەک هێزی هاندەر لە بەرهەمهێنانی تایبەت سەیر دەکەین. ئێمە دەبێ دان بەوە دابنێین کە قازانج کردن لە سەرمایە یەکێک لە ئامرازەکانی کەڵک وەرگرتنی ماقوڵ لە سامانەکانە، تا ئەو جێیە کە بەرژەوەندیی سەرمایە هاوسەنگ بێ لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی‌تر، بە جۆرێک کە "سوودی" بەرچاو بە یارمەتی کرێکاری کەمووچە یا خود بە فیڕۆدانی سامانە سروشتییەکان وەدەست نەیە. لە سیستەمی سۆڤیەت نرخی سەرمایە بە پێناسە، سفر دیاریی کرابوو، ئەوە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بوو بۆ بەکارهێنانی سامانەکان بە شێوەیەکی ناکاریگەر. کەڵک وەرگرتنی ناکاریگەر لە سامانەکان لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک ئاکامی زۆر کەمتریان دەست دەکەوێ، لەوەی کە دەبێ لە کاری خۆیان وەریگرن. ئەوە شتێکە کە هیچ یارمەتیەک بە ئاسایشی گشتیی چینی کرێکار ناکا.

بەڵام جارێکی‌تر: ئەو ڕاستییە کە سوسیال دێموکراسی هاندەری سوود کردن وەک خۆی قبووڵ دەکا، بەو مانایە نییە کە ئەو هاندەرە لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی‌تر دانێ. ئەگەر بەو شێوە بایە ئەو کات فاکتەرەکانی‌تری بەرهەمهێنان وەک خەڵک و ژینگە بە شێوەیەکی نادروست کەڵکیان لێ وەر دەگیرا. هاندەری سوود کردن دەبێ لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی‌تر هاوسەنگ بێ: دێموکراسییەکی سیاسی کە توانای

کردەوەی هەبێ، ڕێکخراوی بە هێز بۆ کرێکاران، کڕیاری پشتئەستوور بە یاسا.

سوسیال دێموکراسی هەروەها پێی وا نییە کە هاندەری قازانج کردن بۆ گشت جۆرە چالاکییەک هێزی هاندەرە. هاندەری قازانج کردن دەبێ لە سیستەمی داد دا بە تەواوی قەدەغە بکرێ. ئەوە وەک ڕێسایەک و نەک ئامرازێکی شیاو ئەو خزمەتگوزارییانەش دەگەرێتەوە کە نابێ بە پێی مێکانیزمی نرخ دابەش بکرێن، وەک بۆ وێنە پەروەردە و فێرکردن و چاودێریی تەندروستیی.

جگە لەوە سوسیال دێموکراسی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هۆی باش بۆ شێوازیتری خاوەندارێتی هاو تەریب لە گەڵ خاوەندارێتی تاکیی هەن، وەک ناوەندەکانی هەرەوەزیی بەرهەمهێنەران یا کڕیاران. بۆ برەوپێدان بە چالاکیی و گەشەکردنی بازاڕ ئەوە گرینگە کە لایەنیتریش لە مەیدان دابن کە هێزی بزوێنەریتریان هەیە و کە بۆ ئامانجی جیاواز کار دەکەن.

ئەوە هەڵوێستێکی بنەڕەتییە کە سوسیال دێموکراتەکان ڕەچاوی دەکەن: هیچ مۆدێلێکی یەک فۆرمیی نییە کە بۆ هەموو شوێنێک گونجاو بێ و کە بۆ هەموو جۆرە چالاکییەک بە کەڵک بێ. هەندێک ڕێگا چارە شیاوی بەشێک لە چالاکییەکانن، شێوازیتری چالاکیی پێویستییان بە ڕێگا چارەی بە تەواو جیاواز هەیە. ئەوە سروشتی ئەم ئەرکەی کە لە بەر دەست دایە و ئامانجی چالاکییەکانە، کە دەبێ بۆ هەڵبژاردنی میتۆدێک کە باشترین ئاکام دابین بکا بڕیاردەر بێ.

هەڵبەت لەو " ئابووریە تێکەڵە" دا کەموکوڕیی هەن. گشت کات مەترسیی ئەوە هەیە کە هاوسەنگیی هێزەکان بگۆردرێ، کە ئەو پلە و پایەی کە جووڵانەوەی کرێکاریی وەدەستیهێناوە لە کیس بچێ. بەڵام لەو دینامیزمە بێپسانەوەی کە گەشە کردنی کۆمەڵگا خۆی دروستی کردووە، مرۆڤ قەت ناتوانێ خۆی بە تەواویی لە دژی ئاڵوگۆڕ لە هاوسەنگیی ئەو هێزانەی کە لە کاردان بپارێزێ. ئەو ڕێگا چارانەی کە بارودۆخێکی بێ گیروگرفتی

تاهەتایی گەرەنتی بکەن بوونیان نییە. لە بیروباوەڕی سیستەمەکانی جیهانگیری سەدەی ١٩ ـ هەم ئەوانەی کە لە ژێر کارتێکەریی بۆچوونەکانی لیبراڵی و هەروەها ئەوانەی کە لە ژێر کارتێکەریی بۆچوونەکانی سوسیالیستییدا بوون ـ مرۆڤ تووشی چەشنێک لە فەلسەفەی تەبایی (harmony) دەبێ: کاتێک دێ کە مێژوو دێتە کۆتایی و هاوسەنگییەکی پڕئاسودەیی بۆ هەموو داهاتوو پێک دێ. بەڵام مێژوو قەت کۆتایی پێنایە. کۆمەڵگا نە تەکمیلە و نە لەبەر ئەوەش بێ کەموکورییە.

هەر بۆیە ئەوە هۆیەکی یەکلاکەرەوە بۆ ڕەت کردنەوە یا خود هێرش بردنە سەر مۆدێلێکی دیاریکراو کە کەموکوڕیی هەبێ نییە؛ ئەوە بۆ هەموو جۆرە سیستەمێک ڕەوایە. ئەوەی ئێمە دەتوانین بڵێین ئەوەیە کە سیستەمی سوسیال دێموکراسی ئاکامی باشتر لە سیستەمی

"سوسیالیستی ئۆرتۆدۆکس" و هەروەها لە سیستەمی تۆختری "سەرمایەداریی" دەستەبەر دەکا. هەر بۆیە جێی خۆیەتی کە ئێمە واز لەو مۆدێلە نەهێنین.

## "سەرمایەداریی هەڵوەشێنەوە"

ئێستا ڕێگا بدەن لێکۆڵینەوەیەک لە سەر دروشمی "سەرمایەداریی هەڵوەشێنەوە" بە مانای "بازرگانیی کۆمپانیای تاکیی هەڵوەشێنەوە" بکەین. چونکە ڕۆڵێکی گرینگی لە مشتومڕی سوسیالیستییدا گێڕاوە و ئێستاش جارجار سەر هەڵدەدا.

و لێرە یەکەم پرسیار ئەوەیە "چۆن" ؟

له ئابووری به جیهانیی بووی ئەمرۆدا وێناچێ تەنیا هەڵوەشاندنەوەی بازرگانیی تاکیی له سوێد بەس بێ؛ ئێمه دەبێ یاساکانی ئابووری ناونەتەوەییش لەبەر چاو بگرێن. بۆ ئەوەی که له دونیای ئەمرۆ دا به ڕاستیی "سەرمایەداریی هەڵوەشێنینەوە" دەبێ ئەوه له ئاستی جیهانییدا ئەنجام بدرێ. زۆر به ئاسانی دەبینرێ که له داهاتوویەکی چاوەروانکراودا هیچ دەرفەتێک بۆ ئەنجامی ئەم کاره نییه.

تەنانەت ئەم کەسانەی که هیوایان به نەمانی سەرمایەداریی وەک دوایین ئامانجی سوسیالیزم له داهاتوویەکی زۆر دووردا هەیه، تووشی ئەو پرسیاره دەبن که ئێمه چۆن هەڵسوکەوت له گەڵ سیستەمی سەرمایەداریی هەنووکەیی له ماوەی ئەو چەندین ساڵەی که له پێشمانه بکەین. ئێمه هیچ وەڵامێک جگه لەوەی که سوسیال دێموکراتەکان پێشکەشیان کردووه نابینینەوە؛ واته دروست کردنی هاوسەنگییەکی وەها له بەرامبەر هاندەری قازانجی تاکیی که ببێته ئامرازێک بۆ بەکارهێنان له جیاتی بوون به دیکتاتۆر.

ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بیر له کۆمەڵگایەکی بێ بازرگانیی تایبەت بکاەوە، پرسیارێکیتر دیته پێش: "چ شتێکمان له جیات ئەو هەبێ؟"

شێوه سیستەمێک که لەوێدا دەوڵەت به تەواویی خاوەندار و کۆنترۆڵکەر بێ به هۆی زۆر ئاشکرا دەبێ ڕەت بکرێەوە. ئەو ناتوانێ داواکارییەکانی دێموکراسی و ئابووریەکی کارامه جێبەجێ بکا. ئەوەی که دەمێنێتەوە، هەندێک شێوازی خاوەندارێتی ناوچەیی گشتیی، ڕەنگبێ ناوەندی بازرگانیی هەرەوەزیی یا کۆمپانیای شارەوانی. چونکه بۆچوونی کۆنترۆڵی چڕوپڕی دەوڵەت به سەر ئابووریدا ڕەت کراوەتەوە، که وابوو ئەو ناوەنده بازرگانییانه له گەڵ سیستەمێکی بەرهەمهێنان که دەوڵەت ڕێکخەریەتی ناگونجێن. دەبێ ڕێگایان پێ بدرێ که بۆ خۆیان بڕیار له سەر بەرهەمهێنانی و وەبەرهێنانی خۆیان بدەن، به واتایەکیتر: دەبێ ئەوان له هەڵسوکەوت له گەڵ بازاڕدا کار بکەن. واته کڕیارەکان.

هەروەها بۆ ئەوەی کە ئەوان ڕێگەی گەشە کردنیان هەبێ دەبێ بتوانن کەڵک لە سەرمایەی خۆیان بۆ وەبەرهێنان وەر بگرن و ئەوەش بە نۆبەی خۆی هاندەرێکی ئاشکرا دەبێ بۆ ئەوەی کە سەرمایەی پێویست وەدەست بێنن.

کە وابوو جیاوازیی نێوان ئەو مۆدێلە و ناوەندەکانی بازرگانیی تاکیی چییە؟ ئایا ئەوە لە کۆتاییدا بەو مانایە نییە کە، کەمتاکورتێک، ئەو جۆرە مێکانیزمانە کە لە پشت کۆمپانیا بازرگانییە هەرەوەزییەکانن، بە ئاواتی مانەوە لە بازاڕدا، هەر ئەوانەن کە لە پشتی کۆمپانیا بازرگانییەکانی کەرتی تایبەتن؟

کۆماری یوگوسلاوی پێشوو مودێلێکی زۆر تایبەتیی بۆ خاوەندارێتی هەرەوەزیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەڵبژاردبوو، واتە ناوەندی بازرگانیی کە بەڕێوەبەرەکانیان مووچەخۆر بوون. ئەزمونی ئەوان نیشانی دەدا کە هەمان ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان لە نێوان ئەو ناوەندە بازرگانییانە و کۆمەڵگای دەوروبەری ئەوان دێتە ئاراوە، کە دەکرێ لە هەر چەشنە ناوەندی بەرهەمهێنانی کەرتی تایبەت بەدی بکرێ.

بە بێ لەبەر چاو گرتنی شێوەی دیاریکردنی خاوەندارێتی، خەڵک بە گویرەی خاڵی دەسپێکی خۆیان بەرژەوەندیی جیاوازیان لە ئابووریدا هەیە بۆ پاراستن. ناکۆکییەکان شتێکن کە ئێمە قەت ناتوانین خۆمانی لێ ببوێرین. ڕەنگە ئەوە شتێکی دڵخوازیش نەبێ ـ ئامانج و ئاواتی پێچەوانە ڕەنگ بێ ئەو دینامیزمە دروست بکەن کە مۆتۆری پێشکەوتنی زیاترن. خاڵی سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە کە دڵنیا بین کە ئەو ناکۆکییانە نەبنە هۆی ئەوە کە لایەنێک ئەوانیتر بچەوسێننەوە.

بەڵام لەو بوارەدا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ دەرئەنجامی سوسیال دێموکراسی کە ئەوە هەموو مەسەلەی دەسەڵاتە ـ نەک ئەوەی کە کێ خاوەندارە. ئەوە دەسەڵاتە و نەک خاوەندارێتی کە دەبێ دابەش بکرێەوە و هاوسەنگ بێ.

ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو دابەش کردنی دەسەڵاتە دەستەبەر بکەین ئەوسا بازرگانیی تایبەت لە ناو سیستەمی بازاڕ بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەل ـ بەرهەمهێنانێک کە لە ڕێگای میکانیزمی نرخ دابەش کراوە ـ هەندێک لایەنی باشی هەن کە بە زەحمەت لە ستروکتورێکی پیشەسازیی هەرەوەزییدا دەکرێ دروست بکرێتەوە، یەکێک لەو لایەنە باشانە دروست کردنی ناوەندی بازرگانیی نوێیە.

## بازاڕی ئازاد

له ماوەی دەیان ساڵی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیی ـ ئەوەی کە هەندێک جار وەک سەردەمی شەڕی سارد باسی لێوە دەکرێ، هەر چەند ڕێژەی ساردیی دەگۆڕا ـ دوو سیستەم لە بواری سیاسی و هەر وەها لە بواری ئابووریەوە بەرنگاریی یەکتریان دەکرد: دێموکراسییەکانی ڕۆژئاوا لە دژی دیکتاتۆریی ڕۆژهەلات، بازاڕی ئازادی رۆژئاوا لە دژی ئابووری پلان داندراوی رۆژهەڵات. کاتێک کە دیواری بەرلین لە ١٩٨٩ ڕووخا، و لە گەڵ ئەو تەواوی سوسیالیزمی مەوجود لە ڕۆژهەلات، ئەوە سەرکەوتنی دێموکراسی و بازاڕی ئازادیی خستە ڕوو.

بەڵام مەبەست لە دەستەواژەی بازاڕی ئازاد چییە؟

بازاڕ شوێنێکە کە ژمارەیەک فرۆشیاری سەربەخۆ کەلوپەلەکانیان دێنن بۆ ئەوەی کە بە ژمارەیەک کڕیاری سەربەخۆیان نیشان بدەن. و ئەگەر کڕیارێک شتێک ببینێ کە پیویستی پێبێ، بە نرخێک کە بۆ ئەو گونجاو بێ، ئەوسا ئەوان مامەڵەیەک ئەنجام دەدەن. ئەگەر بە پێچەوانە نرخی کاڵایەکە زیاتر لەوە بێ کە کڕیار ئامادە بێ بیدا، فرۆشیارەکە ناتوانێ کاڵاکە لە کۆڵ خۆی بکاوە. لە لایەکیترەوە ئەگەر نرخەکە زۆر نزم بێ، فرۆشیارەکان زەحمەتی هاتنە بازاڕ بە خۆیان نادەن.

بە شێوەیەکی ساکار "بازاڕی ئازاد"، وەک مۆدێلێکی ئابووری، سیستەمێک نیشان دەدا کە لەوێدا دابین کردنی کەلوپەل بە میکانیزمی نرخ دیاری دەکرێ: دابین کردنی کەلوپەل لە خاڵی یەکگرتنەوەی ئەو نرخەی کە کڕیار ئامادەیە بیدا و ویستی بەرهەمهێنەران وەک قازانج لە کارەکەی خۆیان.

پێشمەرجی مودێلەکە ئەوەیە کە هاتن بۆ بازاڕ ئازاد بێ، واتە ئەوانەی کە دەخوازن کەلوپەل بەرهەم بێنن و بیفرۆشن مافی ئەوەیان هەبێ کە بتوانن

ئەو کارە بکەن، و ئەوانەی کە پارەیان بۆ کڕین هەیە بتوانن بە ئازادی ئەو شتە هەڵبژێرن کە دەیانهەوێ پارەی بۆ سەرف بکەن. ئەو "سەوداکردنە ئازادە" وێدەچێ کە هەم بەکارهێنانی کاریگەری سامانەکان بێت، کە لە ئابووریەکی سەرکەوتوودا پێویستە، و هەم فرەلایەنی کەلوپەل، کە ئاسایشی گشتیی و ئازادی هەڵبژاردن دەخوازێت. و ئەوە ئەو کاریگەرییەیە، و ئەو ئاسایشی گشتی/ ئازادی هەڵبژاردنەیە، کە بناغەی ئابووری و ئایدیۆلۆژیکی بۆ پاراستنی بازاڕی ئازاد دەستەبەر دەکا.

بۆیە پێشمەرجی ئابووری ئازاد ئەو شتەیە کە پێی دەگوترێ بازرگانی کردنی ئازاد. بەو واتایە کە هەر کەس کە حەزی لێیە، ئازاد بێ کە ناوەندێکی بازرگانیی بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کەلوپەلە کە ویستیاری هەیە بکاوە و بەڕیوەی بەرێ. هەر بۆیە لە گفتوگۆی سیاسییدا بازاڕی ئازاد وەک هاومانای "بازرگانیی تایبەت" بە کار دێ.

هەر کردەوەیەک کە بە دژی بازرگانیی تایبەت بکرێ یا خود بە دژی هاندەری سودی تاکیی، لە بەر چاو نوێنەرانی ئایدیۆلۆژیکی بازرگانیی تایبەت دەبێتە هێرش بۆ سەر "بازاڕی ئازاد" و هێرش بۆ سەر دێموکراسی.

بەڵام ئەو ڕاستییە کە بازرگانیی تایبەت پێشمەرجی بازاڕی ئازادە هەرگیز بەو مانایە نییە کە گشت چالاکییەک کە بناغەی لە سەر بازرگانیی تایبەت دانراوە بازاڕی ئازادە. هەر نەبێ بە گوێرەی کتێبی پێناسەی ئەو دەستەواژەیە.

ئەوەی کە پێویستە زۆر زیاترە لە بوونی کۆمپانیای بازرگانیی تاکیی بۆ دڵنیا بوون لەوە کە "بازاڕ" بە ڕاستی ببێتە هۆی کەڵکوەرگرتنی کاریگەر لە سامانەکان و ئاسایشی گشتیی و ئازادی هەڵبژاردن مسۆگەر بکا، کە هۆی ئایدیۆلۆژی ـ ئابووری هەبوونی بازاڕە. بۆ وێنە پێویستە دڵنیا بین کە هیچ بەرهەمهێنەرێک بە تەنیا ئەوەندە زاڵ نەبێ کە بە تەواوی دابینکردن و لەو ڕێیەوە کۆنترۆڵی نرخی کاڵاکەی بە دەستەوە بێ، پێویستیی دڵنیا

بوون لە یەکسانیی کڕیاران، بە جۆرێک کە هیچ گرووپێک بە تەنیا دابین کردنی کاڵا بە هۆی داواکاریی تایبەت نەشێوێنێ. دڵنیابوون لەوە کە چوونە سەری ڕێژەی داواکاریی بۆ کاڵایەک هەمیشە بە دابینکردنی ئەو کاڵایە جوابی بدرێتەوە و هەر کەس بتوانێ بە ئازادی تێکەڵاوی کێبڕکێ لە بازاڕێکدا بێ کە وێدەچێ قازانجی تێدا بێ.

هەر وەک نووسەرانی کتێبی ئابووری نەتەوەیی زۆر جار ئاماژەی پێدەکەن، هیچکات حاڵەتێکی وەها نەبووە کە لەوێدا هەموو ئەو مەرجانە لە یەک کاتدا بۆ بازاڕێکی ئازاد لە ئارادا بووبن، "جگە لە حاڵەتی کاتیی لە هەندێک بازاڕی ناوچەیی بەرهەمەکانی کشتوکاڵییدا نەبێ".

لە ڕاستییدا هەموو کڕیارێک وەک یەک بە هێز نین ـ هەندێک دەوڵەمەندتر لە ئەوانیترن و داواکاریی ئەوان لە ڕوانگەی بەرهەمهێنەرانەوە گەلێک سەرنجڕاکێشترە، هەموو بەرهەمهێنەرێکیش وەک یەک بە هێز نین ـ هەمیشە یەکێک هەیە کە لەوانیتر گەورەترە و کە دەتوانێ کارتێکەریی هەم لەسەر نرخ و هەمیش لە سەر چۆنایەتیی کەلوپەل هەبێ. زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە دابین کردنی کەلوپەل تەنیا لە بەر زیاد بوونی داخوازی بۆ ئەوان زیاد بکرێ ـ داواکاری بۆ ئاپارتمان لە ناوچە پڕ حەشیمەتەکانی شارە گەورەکان ئێجگار زۆرە، بەڵام دابین کردنی ئەو داواکارییە مومکین نییە؛ ئەوە ئاساییە کە زەوییەکی زۆر بۆ دروستکردنی خانووی تازە لەو شوێنانە گیر ناکەوێ. هەر چەند کە هاتنە ناو بازاڕ بە قسە ئازادە، بەڵام ئەوە زۆرجار بە کردەوە سنووردارە، هەمیشە وا سادە نیە کە ئەوەندە سەرمایە کۆ بکەیەوە کە کامپیوتێر دروست بکەی، ئەگەر بمان هەوێ نموونەیەک بێنینەوە.

بەڵام بازاڕێکی خاوەن کەمایەسییش (بۆ ئەوەی کە دەستەواژەی جێکەوتوو بەکار بێنن) هەڵبەت بازاڕە، لەو ڕووەوە کە ئەوە نرخە کە هەم دابینکردن و هەم داخوازیی کۆنترۆڵ دەکا. بەڵام، ئەوە زۆر گرینگە، کە لەبەراورد لەگەڵ بازاڕێکی بێخەوش، هەم دابەشکردنی سامانەکانی بەرهەمهێنان و

هەم دابەشکردنی بەرهەمەکان کەمتر کاریگەر و کەمتر دادپەروەرانە دەبێ.

## خەون و هیوا و ڕاستیی

بازاڕەکانی ڕاستەقینە ـ یا ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ ئەوان وەک ئەو بازاڕە کە لە ڕاستیدا بوونیان هەیە ناو ببا ـ زۆر بە دەگمەن لە گەڵ خەون و هیواکانی ئابووری بازاڕ دەگونجێن. ئەوان ڕەنگدانەوەی هێزەکانی ئابوورین کە لە شوێن و کاتی دیارییکراودا لە ئارادان و نەک کاریگەرترین شێوازی دابەشکردنی سامانەکان. هەر وەک زۆر نموونەی ناسەرکەوتوو نیشانی دەدەن، ئەم جۆرە نایەکسانییە لە بازاڕ زۆر جار دەبێتە هۆی ناکارامەیی و هەندێک جار زۆر بە ئاشکرایی دەبێتە هۆی کەڵکوەرگرتنی وێرانکەر لە سامانەکان. کۆمپانیاکانی خاوەن سەرمایەی زۆر بەرچاو، گەلێک جار بێبەزەییانە سامانە سروشتییەکان بە قازانجی خۆیان دەڕووتێننەوە. بەرهەمی زیانبەخش و تەنانەت پڕمەترسیی لە حاڵەتێکدا کە کڕیار لە ئاستێکی ژێردەست دابووە فرۆشراون، وەک ئەو کاتانە کە گەورە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی دەرمان بە شێوەیەکی بێبەزەییانە دەرمان بە وڵاتە هەژارەکان دەفرۆشن، دەرمانێک کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستیی وڵاتە دەوڵەمەندەکانەوە پەسەند نەکراون و پێی قایل نین. لە حاڵەتی وەهادا کە هێزی کرێکار ژێر دەستەیە، ئەوکات مووچەکان گەلێک جار زۆر کەمە و شوێنی کار ناتەندروست و تەنانەت مەترسییدارە.

هەموو ئەوانە ـ بە گشتیی جیا لە بارە ڕەوشتییەکانی لەبەرچاو نەگرتنی تەندروستیی خەڵک ـ بە فیرۆدانی زۆر جیددی سامانەکان ئاشکرا دەکا.

بەشی زۆری ڕەخنەی کلاسیکی سوسیال دیموکراسی لە "بازاڕ" هەروەها بەشێکی بەرچاوی ئەو ڕەخنەیەی کە ئەمڕۆ باس دەکرێ، لە ڕاستییدا ڕەخنە لەو کامایەسییانەیە، ئەو شێواوییانەی کە لە بازاڕەکانی هەنووکەییدا هەیە. کاتێک کە هاندەرەکانی سەدەی نۆزدەهەم هێرشیان دەبردە سەر هێزەکانی بازاڕ، کە ڕێگایان بە بازرگانان دەدا نوقمی نازونیعمەت بن لە کاتێکدا کە منداڵەکانی ژنانی بەرگشۆر تەنانەت نانی خواردنیشیان نەبوو، ئەوان ڕەخنەیان لەو نایەکسانییە ئابووریە دەگرت. بە دابەش کردنی دادپەروەرانەتری داهاتەکان، ژنانی بەرگشۆر هەم توانای کڕینی نان و هەم خواردەمەنیی بووژێنەریان دەبێ لە کاتێکدا کە بازرگانەکان دەبێ لە بەکارهێنانی لە ڕاددەبەدەری کەلوپەل کەم بکەنەوە، بە بێ پێویستیی کەمترین دەست تێوەردان لە میکانیزمەکانی خودی بازاڕ. بە پێچەوانە، ئەم شێوە بڵاو کردنەوەی داهات ڕێگا بە دانیشتووان دەدا کە لە مودێلی نموونەیی بازاڕ نزیک ببنەوە.

ڕەخنە گرتن لەم جۆرە شێواویانە لە بازاڕە ڕاستەقینەکان، کە لادانێکن لە ئابووری بازاڕی نموونەیی، بە هیچ جۆر بە مانای دژایەتیکردن لە گەڵ ئاڵوگۆڕی ئازاد لە نێوان فرۆشیار و کڕیاردا نییە، یا خود دژایەتیکردنی ئازادی هەڵبژاردن بۆ بەکارهێنەر و تەنانەت بازرگانیی تاکیی نییە. بەڵام زۆرجار ئەم جۆرە ڕەخنە گرتنانە لە شێوەی ـ شێواوی ـ کار کردن وەک ڕەخنە گرتن لە یاسای ئابووری بازاڕ سەیر دەکرێ. یا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانەتر: وەک ڕەخنە لە بازرگانیی ئازاد. چونکە گفتوگۆی ئەورۆ بە جۆرێکە کە هەندێک دەخوازن بازرگانیی ئازاد و بازاڕی ئازاد وەک یەک شت سەیر بکرێن، لە ناو نوێنەرانێک کە ڕاشکاوانە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی هەندێک لایەنی ناو کەرتی بازرگانیی دەکەن وا باوە کە لە " بازاڕی ئازاد" وەک پاساوێک بۆ هەنگاوی وەها کەڵکوەر بگرن کە لە سەر حیسابی گروپەکانیتر، بە قازانجی بازرگانان بێ.

بەڵام "بازاڕی ئازاد" داوای دڵسۆزیی یەکلایەنە بۆ بەرژەوەندییەکانی تایبەتیی بازرگانان ناکا. بە پێچەوانە پێشمەرجی بازاڕی ئازاد، بە واتا

ڕاستەقینەکەی خۆی، ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکانی بازرگانان لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی بەکارهێنەران و/ یا کرێاران هاوسەنگ بێ و کە ئەوان هەر بە هەمان شێوە توانایی پشتگیریی لە بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان هەبێ.

بۆ دەستەبەر کردنی ئەو توانابیە، ئەوەی کە پێویستە ڕێگا چارەی جەماوەرییە. یاسای بەکارهێنەران، بۆ وێنە، هەندێک داخوازیی لە بارەی سەلامەتیی بەرهەمدا هەن. سەندیکا کرێکارییەکان هەندێک چاکسازییان لە شوێنی کار دەستەبەر کردوون. هەر دووی ئەو هەنگاوانە دەبنە هۆی کەڵکوەرگرتنی باشتر لە سامانەکانی بەرهەمهێنان، هەم لە بواری ئینسانیی و هەم لە بواری مادییەوە و کەڵک وەرگرتنی کاریگەر لە سامانەکان بەشێکە لەو ئامانجانە کە بازاڕی ئازاد چاوەڕوانیی دەستەبەر کردنی لێدەکرێت.

مێژووی جووڵانەوەی ناوەندی هەرەوەزیی بەکارهێنەران چەندین نموونەی سەرنجڕاکێش دەداتە دەست کە چۆن خەڵک توانیویانە ڕێگا بۆ باشتر کردنی بازاڕی ئازاد لە ڕێگای بە هێز کردنی دەوری مەسرەفکەران خۆش بکەن و هەروەها نیشانیان داوە چۆن مرۆڤ دەتوانێ بە هەندێک ئامانجی گرنگی کۆمەڵایەتیی لە ڕێگای ئەم جۆرە هەوڵانە بگا. ( وەک پەراوێزێک بۆ مێژووی بیروباوەڕەکان جێگای ئاماژە پێکردنە کە بیرمەندانی پێشرەوی جووڵانەوەی ناوەندە هەرەوەزییەکان لە ساڵەکانی ۱۹۳۰، پشتگیریی تێزێکیان دەکرد کە دەیگوت جووڵانەوەی کرێکاریی دەتوانێ و دەبێ لە پرۆگرامە ڕێفورمییەکانی خۆیدا کەڵک لە میکانیزمەکانی بازاڕ وەر بگرێ).

وەک نموونەیەکی کلاسیک مرۆڤ دەتوانێ باسی ئەوە بکا کە چۆن جووڵانەوەی هەرەوەزیی، بە دەسپێکردن بە دروست کردنی چراگڵۆپی خۆیان و ڕۆنی حەیوانیی توانیان شێوازی قۆرخکراوی بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانە لە لایەن بەرهەمهێنەران تێکبدەن و بەو شێوەیە ببنە هۆی

دابەزاندنی نرخ و باشتر بوونی چۆنایەتیی ئەو کاڵایانە بە شێوەیەکی بەربڵاو. ویستی دروست کردنی خانووی باش زۆر لاواز بوو تاکوو HSB ( کۆمەڵەی پاشەکەوت کردن و خانوو دروستکردنی کرێگرتەکان) نیشانیدا کە دەکرێ ئاپارتمانی بچووکی پۆشتە لە بواری کەلوپەلەوە و بە نەخشەی باش کە بە مووچەی کرێکاری ناوەندی پیشەسازیی لە کڕین بێ دروست بکرێ. لە دوای ئەو زۆر کۆمپانیایتر لاسایی ئەوانیان کردەوە.

و لەو دواییانەشدا زۆر نموونە هەن کە نیشان دەدەن چۆن جووڵانەوە جیاوازەکانی بواری ژینگە لە پشتگیرییکردن و سەرخستنی داخوازییەکانی مەسرەفکەران بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای وەها کە زەرەریان بۆ ژینگە کەمتر بێ سەرکەوتوو بوون، سەرەڕای ئەو ڕاستییە کە لە سەرەتادا بەرهەمهێنەرەکان ئەو داخوازییانەیان ڕەت دەکردەوە و دەیانگووت بەجێهێنانی ئەو داخوازییانە لە بواری تەکنیکییەوە مومکین نییە.

هەروەها ژمارەیەک لیبراڵ هەن کە دان بەو بۆچوونەدا دەنێن کە "بازاڕی بە تەواو ئازاد" هەمیشە بە گوێرەی خەون و هیواکانی ئابووری بازاڕ کار ناکەن. بەڵام "بازاڕە نایاسابەندەکان" و ئەو بازاڕانەی کە لەوێدا بەرژەوەندیی ناوەندە بازرگانییەکان و سەرمایە دەسەڵاتی ئێجگار زۆریان هەیە هەمیشە یەک شتن. کەس ناوی "بازاڕێکی نایاسابەند"ی بیستووە کە لەوێدا مەسرەفکەران ئاستێکی زۆر بە هێزیان هەبووبێ؟

ئەوە ڕاستییەکە کە دونیای بازرگانیی هەمیشە بە ویستی خۆی پەیڕەوی لە خەون و هیواکانی بازاڕی ئازاد ناکا. ئەوە شتێکی سروشتییە کە پێشمەرجی بازاڕی ئازاد بازرگانیی ئازادە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە بڵێین بازرگانیی ئازاد خۆی گەرەنتی بازاڕی ئازاد دەکا. بە پێچەوانە، ئەگەر ناوەندە بازرگانییەکانی کەرتی تایبەت بە حاڵی خۆیان وێڵ بکرێن، زۆرجار بە پێچەاونەی ڕێساکانی ئابووری بازاڕ دەجووڵێنەوە.

پێشمەرجی ئابووری بازاڕ پێشبڕكێی چەندین كۆمپانیایە كە لە پێوەندیی لە گەڵ یەكتر سەربەخۆ كار دەكەن، كە لەوێدا هیچ كامیان ئەوەندە گەورە نابن كە بتوانن بۆخۆیان دەسەڵاتیان بە سەر دابینكردن و لەو ڕێگایەوە داخوازیی بۆ بەرهەمێك هەبێ. لە ڕاستییدا زۆربەی كۆمپانیاكان ئەوەی كە لە توانایاندا بێ بۆ خۆبواردن لە پێشبركێ ئەنجامی دەدەن. شتێك كە زۆر باوە ئەوەیە كە ئەوان تێدەكۆشن كە "پلە و پایەی ماركی" تایبەتی بە بەرهەمی خۆیان بدەن بۆ زاڵكردن بە سەر بەرهەمەكانیتردا لە كاتێكدا كە ئەوانیش هەروەك بەرهەمی خۆیان باشن. ئەوە شتێكی شاراوە بۆ كۆمپانیاكان نییە كە بازاڕ لە ناو خۆیاندا دابەش بكەن، یا خود چەند كۆمپانیای بچووك یەكبگرن بۆ ئەوەی كە بگەنە ئاستێكی بە هێزتر و مەترسیی پێشبڕكێ لە بازاڕدا كەمتر بكەنەوە.

هەندێك جار بووە كە كۆمپانیایەكی گەورە، كۆمپانیا بچووكە بەربەرەكانیكەرەكانیان كڕیوە تەنیا بۆ ئەوەی كە ئەوان دابخا و بەو شێوەیە ببێتە تەنیا كۆمپانیا لە بازاڕێكی تایبەتدا.

لە ڕوانگەی كۆمپانیاكانەوە هەمووی ئەوانە بە شێوەیەكی ماقوڵ جێگای بەرگریی كردنن: ئەو ئاستەی ئەوان هەیانە و توانای سوود كردنیان بە هاتنە خواری ڕێژەی بەربەرەكانیكەران مسۆگەر دەبێ. هەر بۆیە ویستێكی سروشتی بەرەو قۆرخ كردن لە ناو بازاڕی ئازاددا هەیە، شتێك كە ماركس زۆر بە ڕوونی نیشانی داوە.

بۆیە یاسا دانان لە دژی كۆسپەكانی سەر كێبڕكێ و لە دژی دامەزراندنی كارتێلی جۆراوجۆر شێوازێكی گرینگە بۆ پاراستنی بازاڕی ئازاد. بە هەمان شێوە دامودەزگا كۆمەڵایەتییەكان ـ وەك یاسا دانان بۆ لە بەر چاو گرتنی مەرجی ڕوون بۆ مامەڵە بازرگانییەكان ـ دەورێكی گرینگ بۆ هەرچی باشتر كار كردنی بازاڕی ئازاد دەگێڕن، ئەوە شتێكە كە توێژینەوەی ئابووری مودێرن هەرچی ئاشكراتر نیشان دەدا. كەڵكوەرگرتن لە یاسای دەوڵەتیی بۆ پشتگیریی لە بازاڕی ئازاد و دڵنیا

بوون لە ئەوە کە بازاڕ بە شێوەیەکی دڵخواز کار بکا وەک پاڕادۆکسێک دەچێ، بەڵام ئەوە تەنیا ئەو شتە نیشان دەدا کە ئێمە لە سەرەوە گوتومانە: بازاڕی ئازاد بە تەنیا ناتوانێ گەرەنتی بازاڕی ئازادی ڕاستەقینە بکا و ئەوە گرینگە کە ئێمە بەرژەوەندیی بازاڕی ئازادی ڕاستەقینە لە گەڵ ئەوەی کە تەنیا بەرژەوەندیی تاکیی بازرگانەکانە لێک جیا بکەینەوە.

## کەموکوڕییەکانی مودێلی بازاڕ

مودێلی بازاڕ، هەروەک گشت مودێلی ئابووری، کەموکوڕی تایبەت بە خۆی هەیە. هەندێک شت هەن کە ئەو ناتوانێ بەڕێوەیان بەرێ، تەنانەت لە حاڵەتی نموونەیی خۆشیدا.

بازاڕ ناتوانێ بەڕێوەبەریی ئەو خزمەتگوزارییانە بکا کە پەتەی نرخی بە سەرەوە نیە، وەک هەوا و ئاو، یا خود ژینگە بە واتایەکی گشتیی. بۆ بازاڕ دژوارە کە کەمایەتییەکان لە بەر چاو بگرێ. چونکە ئەگەر هەر یەک لە تاکەکان توانای کڕینیان بە تەواوی وەک یەک بێ، دیسانیش دۆخی وەها هەن کە قازانجی زۆرتر لەوە دایە کە کاڵایەک بەرهەم بێنی کە لە لایەن سەدان هەزار کەسەوە داوای دەکرێ لە جیات ئەو کاڵایە کە تەنیا لە لایەن دە کەس داوای دەکرێ، مەگەر ئەو دە کەسانە بە یەکەوە بتوانن بڕێک زۆرتر پارە لەو سەدان هەزار کەسەکەیتر بدەن.

ئەو حەزە سروشتییە لە لایەن بازاڕەوە کە جەخت لە سەر ناوەندی گۆرەپان بکاەوە، ئەو شوێنە کە زۆرترین ژمارەی کڕیاران لەوێ دەدۆزرێنەوە، بە تایبەت لە بەشی میدیاکاندا زۆر ئاشکرایە. ئەمرۆ ئێمە ژمارەیەکی زۆر کاناڵی تەلەفزیۆنیمان هەن بەڵام هەموویان جەخت لە سەر دروست کردنی یەک چەشنە پرۆگرام دەکەن- دەنگوباس، وەرزش و بەرنامەی ڕابواردن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاوی بینەران هەر خوازیاری ئەمجۆرە پرۆگرامانەن و ئەوە لەوێیە کە مرۆڤ دەتوانێ

شوێنی ڕێکلام بفرۆشێ. ئەو ئازادی هەڵبژاردنەی کە بازاڕ پێشکەشی دەکا، ئازادی هەڵبژاردن لە نێوان چەندین شێوە پرۆگرامدا نییە، بەڵکوو ئازادی هەڵبژاردنی کاناڵی جۆراوجۆرە کە مرۆڤ دەتوانێ یەک شێوە پرۆگرام چاو لێبکا.

تەنانەت ئەوانەی کە لە باروودۆخی ئاساییدا لایەنگری قورسوقایمی بازاڕی ئازادن ئێستا هەست پێدەکەن کە پێویستە لە جیاتی دانی کۆنترۆڵی گشت کاناڵەکان بە دەستی بازاڕ، هەندێک کاناڵ کە لە کۆنترۆڵی بازاڕ دانین هەر وا بمێننەوە، چونکە ئەو بینەرانەی کە داخوازیی تایبەتییان هەیە دەبێ شتێک هەبێ کە لە ناویاندا هەڵی بژێرن.

بە شێوەیەکی گشتییتر، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە بازاڕ ناتوانێ سامانەکان بە پێی پێداویستییەکان دابەش بکا، بەڵکوو تەنیا بە پێی ئەو داخوازییانەی کە لە ڕیگای پارەوە دەدوێن. ئەوە بەو واتایەیە کە بازاڕ هەمیشە ئەو چەشنە داخوازییانە وەپێش دەخا کە دەتوانن باشترین پارە بدەن.

لایەنگرە بنئاژۆخوازەکانی ئابووری بازاڕ بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو ڕەخنەیە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن کە ئەوە ئاشکرایە کە بەرهەمهێنان دەبێ بۆ ئەو شێوە چالاکییانە بگوازرێتەوە کە لەوێدا زۆرترین ڕێژەی داخوازیی هەیە؛ بیانووی ئەوان ئەوەیە کە داخوازیی زۆر، ڕەنگدانەوەی پێویستیی زۆرە. ئەوە ئەو هێڵە فکرییەیە کە بە تەواوی بایخی جیاوازی توانایی ئابووری لە دیاریکردنی داخوازییەکان پشتگوێ دەخا. ئەو ڕاستییە کە منداڵەکانی شارە کەپرینەکانی ئەمریکای لاتین زۆرجار توانای کڕینی پێڵاویان نییە، لە هەمان کاتدا کە بنەماڵەکانی چینی باڵا دەست جلوبەرگ وەک شێوەیەکی ڕابواردنی ڕۆژانە دەکڕن، بەو مانایە نییە کە پێویستیی منداڵەکان بۆ پێڵاو کەمترە لە پێویستیی جلوبەرگی مۆدێلی لوکسی بنەماڵەکانی چینی باڵا دەست.

تەنیا شتێکی کە ئەوە ئاشکرای دەکا ئەوەیە کە چینی باڵادەست ئێجگار پارەیان لەوە زۆرترە کە خەرجی مەسرەفەکانیانی بکەن.

بێگومان زۆرجار ئەوە دژوارە کە بە شێوەیەکی بێ لایەنانە دیاریی بکەی کە "پێویستییەکان" کامانەن، کاتێک کە دەگەڕێتەوە سەر ئەم بەرهەمە یا ئەویتر. " پێویستیی" کورسی سوور لە گەڵ "پیویستیی" پاسکیلی شین دژوارە بە شێوەی ژمارەیەک پێوەری بێلایەن فۆرمولە بکرێ هەر بەو شێوەیە "پێویستیی" وەجاخی مایکرۆ لە بەراورد کردن لە گەڵ سی‌دی، کالیسکەی سەر بەفر یا گوڵ بۆ باخچەی ماڵ. ئەو چەشنە حەز و خوازیاریی کڕیاران تەنیا دەتوانێ لە بازاڕی ئازاددا خۆی نیشان بدا، کە لەوێدا کڕیاران ( کە کەمتاکورتێک وەک یەک بە هێزن) بۆ خۆیان دەتوانن لە چوارچێوەی داهاتیاندا بڕیار بدەن کە گرنگیی زۆرتر بە کام کەلوپەل بدەن.

بەڵام هەندێک پێویستیی بنەڕەتیی هەن کە ئێمە بە دڵنیاییەوە دەتوانین پێناسەیان بکەین.  یەکێک لەوان پێوستیی خواردەمەنییە، پێویستیی هەوای تازە و ئاوی خاوێن، پێویستیی چاودێری تەندروستیی و پەروەردە و فێر کردن.

لە پەیوەندیی لە گەڵ ئەو شتانەی کە بە شێوەیەکی دەقاودەق شتی سەرەکیین، و کاتێک کە دابین کردنی ئەو شتانە بە هۆی فاکتەری ژینگەیی و ئابووریەوە سنووردارن، ئەو کات ماقوڵ نییە کە ئەوان لە ڕێگای مێکانیزمی نرخەوە دابەش بکرێن، واتە ڕێگا بدرێ بەو کەسانەی کە توانای کڕینی ئەو شتانەیان هەیە وەدەستی بێنن و ئەوانیتر بێبەش بن، لەو حاڵاتانەدا شتێکی زیاتر لە ئابووری بازاڕ پێویستە.

خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتیی، وەک چاودێریی نەخۆشخانە و پەروەردە و فێر کردن نموونەی ئەو جۆرە "شتانەی" سەرەکیین، کە لەوێدا پێویستیی و نەک توانای پارەدان دەبێ بڕیاردەر بێ بۆ دابەش کردنی ئەوان. بەڵام یەکێک لە گرنگترین سامانە سنووردارەکان کە مرۆڤ دەبێ بە وشیارییەکی زۆرەوە کەڵکی لێوەرگرێ ژینگەیە بە واتای بەربڵاوی وشە. هەوای تازە و ئاوی خاوێن شتەهایەک نین کە ئێمە

مشتومڕیان لە سەر بکەین. و هەروەها ڕووباری کەنداو (Golf Stream) کە تا کوێ دەچێ یا ئەستوریی چینی ئۆزۆن (Ozone layer). هەر بۆیە ئەو سامانانە شتێک نین کە مرۆڤ "بە پێی مەرجەکانی بازاڕەوە بەڕێوەبەرییان بکا"؛ لێرەدا پێویستە کە لە پێوەندی لە گەڵ شێوەی هەڵسوکەوتی بازاڕ لە گەڵ سامانە سروشتییەکان یاسای ناچارکەر دابنرێن. ئەوە ئەو یاسایانەن کە بازاڕ قەت خۆی بە تەنیایی ناتوانێ دیارییان بکا. ئەوان دەبێ لە چوارچێوەی پڕۆسەیەکی سیاسیدا دیاری بکرێن، کە خاڵی دەستپێک لەوێدا ئەو باسەیە کە سروشت دەتوانێ چ شتێک تەحەممول بکا، نەک ئەوەی کە "بازاڕ" ئامادەیە چ نرخێک بۆ ژینگەیەکی باش بدا.

هەڵبەت حاڵەتی وەهاش هەن کە مرۆڤ دەتوانێ بۆ بەرگریکردن لە ژینگە کەڵک لە مێکانیزمەکانی بازاڕ وەرگرێ، وەک دیاریکردنی نرخ بۆ چالاکییەکانی خاپورکەر لە بواری ژینگەوە بە شێوەیەک کە هێندە گران بێ کە ئەو کارە چیتر سەرنجڕاکێش نەبێ.

بەڵام ئەو نرخانە شتێک نین کە بازاڕ خۆی بتوانێ دیارییان بکا. ئەوە دەبێ لە دەرەوەی "بازاڕ" بڕیاری بۆ بدرێ، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا.

لە گفتوگۆی سیاسی ئەمڕۆدا مەیلێک بۆ دانانی بازاڕی ئازاد و ئەو ئابووریەی کە لە ڕێگای سیاسەتەوە بەڕێوە دەچێ لە دژی یەکتر هەیە، وەکو ئەم دووانە دوو قەوارەی لە گەڵ یەک نەگونجاو بن. بەڵام بە کردەوە ئەوە پرسیاری ئەم یا ئەو نیە، بەڵکوو زۆرتر پرسیاری هەر دوو بە یەکەوەیە. بازاڕی ئازاد سیستەمێکی هەموار و کاریگەرە بۆ دەستەبەر کردنی داخوازییەکان بۆ کەلوپەلی بەکارهێنان. بەڵام هەندێک جار چالاکیی سیاسی بۆ گەیشتن بە هاوسەنگییەکی دادپەروەرانە لە نێوان کڕیاران و بەرهەمهێنەران و لە نێوان گروپە جیاوازەکانی کڕیاراندا پێویستە، و ئەگەر بمانهەوێ بازاڕ بە پێی پرەنسیپەکانی خۆی کار بکا ئەوە شتێکی پێویستە.

هەندێک شت هەن کە بازاڕ ناتوانێ بەرهەمیان بێنێ. بۆ لەبەرچاو گرتنی پێویستییە گرینگەکانی مرۆڤ، یاسای سیاسی بۆ کەڵکوەرگرتن لەو کەلوپەلەی کە بە چەندین هۆ پەتەی نرخیان پێوە نییە یا خود نابێ لە ڕێگای میکانیزمی نرخەوە دابەش بکرێن پیویستن.

سوسیال دێموکراسی بە شێوەیەکی ئاسایی ئەوە بە ئابووری تێکەڵاو ناو دەبا و ئەوە مودێلێکە کە سوسیال دێموکراسی لایەنگریی لێدەکا.

## دێموکراسی ئابووری

داخوازییەکانی سوسیال دێموکراسی لە ژیانی ئابووری زۆرجار لە ژێر سەردیڕی "دێموکراسی ئابووری" کۆ دەکرێنەوە. ئەوە دەستەواژەیەکی گشتی‌یە بۆ چەندین داخوازی جۆراوجۆر لە سەر شێوەی کار کردنی ژیانی ئابووری لە چوارچێوەی ئابووری تێکەڵاودا. جگە لەوە ئەو داخوازییانە لە چەندین پلەی جیاواز پێکهاتوون نەک تەنیا یەک داواکاریی بۆ هەندێک ڕێگاچارەی دیاریکراوی ڕێکخراوەیی.

هەر وەک ئێمە لە پێشدا چەندین جار ئاماژەمان پێکردووە، داخوازیی کلاسیکی بە نەتەوەیی کردن/ بە کۆمەڵگا کردن پرسی دەسەڵات بوو: دەسەڵات بە سەر کۆمپانیا وەک تاک، ژیانی ئابووری و کۆمەڵگا. لە ماوەی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە کاتێک کە جووڵانەوەی کرێکاریی دەستی بە گەشەکردن کرد، خاوەندارێتی تاکیی دەسەڵاتی بەرچاوی لە هەموو ئەو بوارە جیا جیایانەدا دەستەبەر دەکرد. لە بەر ئەو هۆیە خاوەندارێتی لە ناوەندی ئەو رەخنەیە دا بوو کە لە لایەن جووڵانەوەی کرێکارییەوە پێشکەش دەکرا، و لەبەر ئەو هۆیە ئەو ڕێگا چارەی کە پێشنیار دەکرا نەهێشتنی خاوەندارێتی تاکیی بوو.

بەڵام لە ڕاستییدا کێشەکە نەک تەنیا بردنەوەی دەسەڵات لە سەرمایەدارەکان بوو، بەڵکوو هەروەها بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتیش بوو. ئەوە مەسەلەی دەسەڵات لە زۆر پلەی جیاواز دا بوو، دەسەڵاتێک کە نەدەبوو تەنیا لە کاناڵێکەوە بەکار بێ، بە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ئەو کاناڵە لە هاندەری سوود کردنی تاکیی یا خود خاوەنداریێتی دەوڵەتیی پێکهاتبێ. بەشێک لەو دەسەڵاتە کە خاوەنەکانی ناوەندە گەورەکانی پیشەسازیی سەدەی ١٩ هەیان بوو، هەڵبەت دەبوو بگوازرێتەوە بۆ رێکخراوە مەدەنی و دێموکراتیکەکان، لانی کەم لە ڕێگای ئەو ریفۆرمانەی کە لە بواری مافی دەنگدان هاتنە کایەوە، بە جۆرێک کە بەرژەوەندییتر جگە لە بەرژەوەندیی خاوەن سەرمایەکان کارتێکەرییان لە سەر پرۆسەی یاسا دانان و باج وەرگرتن هەبوایە. بەڵام دۆزەکانیتر بە هیچ شێوە هی گۆڕەپانی سیاسەت نەبوون. مەسەلەکە لەوێدا زۆرتر دابین کردنی سامانی زۆرتر بۆ کڕیاران بوو بۆ ئەوەی کە ئەوان بتوانن کاریگەرییان لە سەر چەشنەکان و چۆنییەتی دابین کردنی کەلوپەل هەبێ. مەسەلەکە هەر وەها دانی دەسەڵات بە فەرمانبەران بوو بۆ ئەوەی کە بتوانن کاریگەرییان لە سەر مووچەکان و مەرجەکانی کار هەبێ.

داخوازیيە کلاسیکەکانی بە نەتەوەیی کردن لە ڕاستییدا زۆر زیاتر سنووردار بوون: ئەوان هیچ ڕێگایەکیان بۆ ئەو فرە چەشنییەی دەسەڵات نەهێشتبۆوە. لە ئابووریەکدا کە بە تەواوی بە نەتەوەیی کرابوو قەرار بوو دەسەڵاتی مووچەخۆران، کڕیاران و هاوڵاتییان لە یەک هێڵەوە کانالیزە بکرێ، ئەوە شتێکە کە ئەنجامدانی مومکین نییە. شێوە جیاوازەکانی دەسەڵات ئامرازی جیاواز دەخوازن و ئەوە گرنگە کە هەموو شتێک بە باشی کار بکەن، دەنا ئاکامەکەی لەوانەیە هەر وەک شێوەی سیستەمی سۆڤیەت ئەوە بێ کە هیچ شتێک کار نەکا.

دێموکراسی ئابووری مەسەلەی ئەو هەموو ڕێگا جیاوازانەیە بۆ دەستەبەر کردنی دەسەڵات و بڕیاردانی بە کۆمەڵ لە سەر بەرهەمهێنان و ژیانی کار. لە بەر ئەو هۆیە ئەو ناتوانێ لە چەند نەخشەی ساکاردا کەپس بکرێ.

ئەوەش بە نۆبەی خۆی بەو مانایەیە کە دێموکراسی ئابووری وەک داواکارییە سەرەتاییەکان بۆ بە نەتەوەیی کردن بەهێز نییە، سەرەڕای ئەو ڕاستییە کە لە بواری ناوەرۆکەوە گەلێک لەو دەوڵەمەندترە.

بێگومان بەشێکی گرنگ لە دێموکراسی ئابووری دەسەڵاتی مووچەخۆرانە بە سەر مەرجەکانی کارەکەیاندا. ئەوە دەسەڵاتێکە کە دەبێ فەرمانبەران لە ڕۆڵی خۆیان وەک فەرمانبەر هەیان بێ، بە بێ ئەوەی کە لە ڕێگای کڕینی پشک لە کۆمپانیاکانیان ڕێگایەکی دوورتر بۆ ئەو مەبەستە بگرنە بەر. بەڵام دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە بۆ کڕیاران و بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش هەروەها بەشێکە لە دێموکراسی ئابووری، هەر وەک دەسەڵاتی هاوڵاتییان بە سەر ئەو بەشانەی ژیانی کار کە بە گشتی بۆ پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتیی گرنگن.

هەر بۆیە دەبێ دێموکراسی ئابووری " لە زۆر پلە و بە شێوازی جیاواز" بەڕێوە بچێ، هەر وەک لە پێڕەو و پرۆگرامی سوسیال دێموکراتەکاندا ئاماژەی پێکراوە.

لە ئاستێکدا ئەوە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی و مەدەنیيە. ئەوە هەم داخوازییەکان بۆ هەندێک ئامرازی ئابووری بۆ کونترۆڵ و هەروەها کۆمەڵێک یاسای تایبەتی دەگرێتەوە: یاسای ژینگە و شوێنی کار، یاسای بڕیاردانی هاوبەش، ئەو یاسایانەی کە سەلامەتیی بەرهەمەکان و زانیاری لە سەر بەرهەمەکان دەگرێتەوە ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەکن. دێموکراسی ئابووری کە بناغەی تەنیا لە سەر یاساکانی کۆمەڵایەتی دانرابێ هەر وەک دێموکراسی سیاسی کە تەنیا لە سەر یاسا و کۆنترۆڵی دامودەزگا گشتییەکانەوە دامەزرابێ، ڕاگرتنیان دژوارە. ئەوە هەروەها مەسەلەی ڕەخساندنی دەرفەتی تاکییە بۆ خەڵک، بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات و هەر وەها شان دانە بەری بەرپرسیاریی، هەم وەک تاک و هەم وەک کۆمەڵ، وەک مووچەخۆر و وەک کڕیار.

له هەندێک بواردا دەبێ دەسەڵاتی مووچەخۆران بە کۆمەڵ کەڵکی لێوەرگیرێ، لە ڕێگای سەندیکای کرێکارییەوە، لە لایەکەوە بەو هۆیە کە ئەوە مەسەلەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانە و لە لایەکی‌تر چونکە ئەوە کردەوەی یەکگرتوویە کە هێزی دانوستاندن دەبەخشێتە مووچەخۆران. ئەو پسپۆڕانەی کە ڕێژەی خوێندەوارییان زۆر لە سەرەوەیە و زۆر داواکارییان هەیە هەڵبەت دەتوانن بۆ وەدەست هێنانی مووچەی باشتر بۆ خۆیان دانوستاندن بکەن بەڵام پاقژکەر، جۆشکار و شاگرد دووکاندارەکان پێویستییان بە یارمەتی سەندیکا هەیە.

بەڵام لە هەندێک بواردا کە وەک حاڵەتی سەرەوە گرنگن ئەوە مەسەلەی تاکە کە چۆن بتوانێت لە کارەکەیدا پێشکەوتن وەدەست بێنێ و چۆن پانتای دەرفەتەکانی خۆی بۆ بەکار هێنانی دەسەڵات لە سەر کارەکەی بەرین بکا. ئەمڕۆ لە پێوەندیی لە گەڵ ئەو مەسەلەیەدا لە سوێد جیاوازی زۆر بەرچاو لە ژیانی کاردا هەیە: هەندێک کار ڕێگای ئازادیی یەکجار زۆر و دەرفەتی بەرچاو بۆ گەشەکردن دەدەن؛ لە هەمانکاتدا ئەوانیتر یەک نەوان، ڕێگای زۆر کەم دەدەن بۆ گەشەکردن و زۆر بە وردی کۆنترۆڵ دەکرێن. ئەوە ڕوانگەی چەسپاوی سوسیال دێموکراسییە کە دەبێ ژیانی کار بە جۆرێک ڕێک بخرێ کە گشت کەس، بە بێ لە بەرچاو گرتنی پلەوپایە، دەرفەتی ئەوەی پێ بدرێ کە کاریگەریی لە سەر کاری خۆی هەبێ، ڕێگای گەشەکردن و بردنە سەری پلە و پایەی پێ بدرێ.

بەڵام بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجە تاکییانە زۆرجار هەوڵی بەکۆمەڵ لە ڕێگای سەندیکای کرێکارییەوە پێویستە!

هەندێک جار دەسەڵاتی کڕیاران زۆر سەرکەوتووانە لە ڕێگای چالاکیی گشتیی بەڕێوە دەچێ، بۆ وێنە لە ڕێگای ئەو هەڵمەتە ڕامیارییانە کە بۆ لەبەر چاو گرتنی بواری ژینگە لە لایەن بەرهەمهێنەرانەوە بەڕێوە دەچن. لە پێوەندی لە گەڵ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەستەیەک کەڵکی لێ وەر دەگرن، بۆ وێنە ئاگاداریی لە مناڵ یا قوتابخانە، لەوێش ئەوە مەسەلەی

دروست کردنی دەسەڵاتە لە ڕێگای گروپێک، بۆ وێنە بۆ دایک و باوکان/ منداڵەکان لە پۆلێک یا خود لە قوتابخانەیەک. دەبێ کەرتی گشتیی بە جۆرێک دارێژرێ کە ڕێگا بە ئەو شێوە دەسەڵاتەی کڕیاران بدرێ.

بەڵام بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتی کڕیاران تاکییە و دەبێ هەر بەو شێوەیەش بمێنێتەوە. هەندێک لەو دەسەڵاتە مەسەلەی دەرفەتی هەڵبژاردن لە نێوان بەدیلە جیاجیاکانە. پێشمەرجی ئەو مافە ئەوەیە کە چەندین بەرهەمی جیاواز دابین بکرێن کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی دەخوازێ کە بەرهەمهێنەران لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە گەڵ کڕیاراندا بن. ئەوە مەسەلەیەکی بە تەواوی جیاوازە کە هەم لە "بازاڕ" و هەم لە ناو کەرتی گشتییدا سنووری ئابووری هەن، ئەگەر چی ئەو سنوورانە دەتوانن شێوەی جیاوازیان هەبێ کاتێک کە دەگەڕێتەوە سەر چ جۆرە بەدیلێک دەتوانرێ پێشکەش بکرێن.

بەڵام پێشمەرجی مافی هەڵبژاردن ئەوەیە کە کڕیار، لە بازاڕدا توانای ئابووری هەبێ کە بتوانێ کاڵا جیاوازەکان لە گەڵ یەک بەراورد بکا، و نەک تەنیا هەرزانترینەکە هەڵبژێرێ. هەر بۆیە دێموکراسی ئابووری پێویستی بە مووچەی گونجاو هەیە!

لە ناو بەشە جیاوازەکانی دێموکراسی ئابووریدا دەتوانێ ناکۆکی بێتە پێش. فەرمانبەرانی ناوەندەکانی خزمەتگوزاری پزیشکی یا ئەوانی کە لە نەخۆشخانەکان کار دەکەن بە یەکەوە لە گەڵ گشت ئەو کەسانەی کە کار دەکەن مافی بەکار هێنانی دەسەڵاتیان لە شوێنی کاری خۆیان و مەرجەکانی کاریان هەیە، بەڵام ئەو مافە دەبێ لە گەڵ مافی نەخۆشەکان و کەسوکاری ئەوان بۆ کاریگەریی لە سەر چۆنییەتی ڕێکخستنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێیان دەکرێ هاوکێش بکرێ. داخوازی گشتیی لە لایەن هاوڵاتییانەوە بۆ لەبەرچاو گرتنی ژینگە دەتوانێ، لانیکەم لە کورتخایەندا، وەک هەڕەشەیەک لە دەرفەتی کار لەو کۆمپانیایانە سەیر بکرێ کە خەرجی ئەوان بە هۆی لەبەرچاو گرتنی ئەو داخوازییانە دەچێتە

سەر. ویستی فەرمانبەران بۆ دڵنیا بوون لە کارەکانیان دەتوانێ ئەوان بەرەو ئاستێک بەرێ کە ئەوان ببنە دژی مافی ئازادی هەڵبژاردنی کڕیاران بۆ هەڵبژاردن لە نێوان بەدیل و بەرهەمی جیاجیا، ئازادییەک کە هەڵبەت دەخوازێ کە هەندێک بەرهەم یا خود هەندێک کۆمپانیا وەلابندرێن و لەوانەیە ئەوە ببێتە لە ناو چوونیان.

ئەو جۆرە کێشانە زۆر بە دەگمەن ڕێگا چارەی ڕوون و ئاشکرایان هەیە. هەر بۆیە زۆر گرنگە کە بەرژەوەندییە جیاوازەکان ڕێگای دەربڕینی دەنگیان لە گفتوگۆکاندا پێ بدرێ و هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێ ڕێگای جیاواز بۆ بەکا هێنانی دەسەڵات هەبن. مرۆڤ دەتوانێ گفتوگۆ لە سەر باشترین ڕێگا چارە بکا، و ئەوە شتێکە کە دەبێ لە گەڵ خودی ئەو کەسانەی کە تێکەڵاوی مەسەلەکەن ئەنجام بدرێ، نەوەک شتێک کە لە لایەن حکومەتەوە داسەپێ.

لە سەرەتاوە بۆچوونێک لە ناو جووڵانەوەی کرێکاریدا هەبوو کە "سوسیالیزم" دەتوانرێ بۆ دروست کردنی کاری بێ مەترسی تاهەتایی کەڵکی لێ وەرگیرێ، بۆچوونێک کە بوونی خۆی لە مشتومڕەکانی سەر دێموکراسی ئابووری دەرخست. ئەوە سروشتییە کە شتێکی نامومکینە: پێشکەوتنی تەکنیکی و ئاڵوگۆڕ لە داواکاریی کڕیاران بەو مانایەیە کە هەمیشە هەندێک کار و هەندێک کۆمپانیا لە ناودەچن لە کاتێکدا کە کۆمپانیای تر دێنە ناو بازاڕ، بەڵام ئەوکات ئەوە گرنگە کە لە بیرمان بێ کە ئەوە بەشێک لە دێموکراسی ئابوورییە کە ئەوانی کە تووشی ئەو ئاڵوگۆڕە بوون یارمەتیان پێ بکرێ کە خۆیان لە گەڵ مەرجە تازەکان بگونجێنن.

کە وابوو دێموکراسی ئابووری فکرێکە کە لە چەند بەش پێکهاتووە، بەڵام ئەو ئامانجە کلاسیکەکانی جووڵانەوەی کرێکاری دەر دەبڕێ: ژیانی ئابووری نابێ لە کۆنترۆڵی بەرژەوەندیی تاکیی خاوەن سەرمایەکاندا بێ،

ئەوە پرسی هەڵسوکەوتی چەند لایەنە لە نێوان گروپە جیاوازەکانە کە کارتێکەریی لە سەریان هەیە.

## بۆچی کۆمۆنیزم هەرەسی هێنا؟

لە ساڵی ١٩١٧ بۆلشێڤیکەکانی لێنین لە ڕوسیا لە ڕێگای ئەوەی کە دواتر بە ناوی شۆرشی ئۆکتۆبر ناوبانگی دەرکرد دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت. ڕوسیا بوو بە یەکیەتی کۆمارە سوسیالیستییەکانی سۆڤیەت، یەکیەتی سۆڤیەت. زەوی، سامانە سروشتییەکان و ناوەندەکانی پیشەسازیی لە لایەن حکومەتەوە دەستیان بە سەر داگیرا، چونکە، بە وتەی ڕێبەرە سیاسییە نوێکان، ئەوە شۆرشی سوسیالیستی پرۆلێتەری بوو کە مارکس پێشبینی کردبوو و کە لەوێدا چینی نوێی کۆمەلایەتی پێکدەهات.

ساڵی ١٩٨٩ ئیمپراتۆری سۆڤیەت لە ژێر فشاری شکستە چڕوپڕەکانی خۆی تێکڕووخا، کە لە دوای خۆی مێژوویەکی سەرسامهێنەری لە زۆرداریی و نەبوونی ئازادی بەجێهێشت کە لە چەند دەورەی درێژی کاتییدا ببوە ڕێژیمێکی تێرۆری تۆخ. ئەو ساختارە کۆمەڵایەتییەی کە لە گەڵ دیواری بەرلین هەرەسی هێنا چینێکی بڕیاردەری کۆمەڵایەتی بوو کە گشت دەسەڵاتی لە ناو تاقمێکی بچووکی زۆرداری چینی باڵادەستدا کۆ کردبۆوە و کە لە هەموو خاڵەکاندا لە دژی بایخەکانی سوسیالیستی: ئازادی، یەکسانیی و برایەتیی بوون، کە کاتی خۆی یەکیەتی سۆڤیەت بە ناو ئەوانەوە بوونی ڕاگەیاندرابوو. "هەموو شتێک ببوە پێچەوانەی خۆی" ئەگەر بمانهەوێ وتەی فەیلەسوفی ئاڵمانی سەدەی ١٩ فرێدرێک هێگێل دووپات بکەینەوە، کە نەخشەی گەشە کردنی دیالێکتیکی ئەو دەوری بەرچاوی بۆ مارکسیزم بینی.

سیستەمی سۆڤیەت زۆر بە جیددی بووە هۆی بێ بڕوایی بە چەمکی "سوسیالیزم"، و زۆر کەس، بە تایبەتی لە لایەن کۆنەپارێزەکانەوە، دەڵێن کە ئەوە لە پێش هەموو شتێکدا نیشانەی نامومکین بوونی بایخەکانی سوسیالیستی وەک یەکسانیی و هاوپەیوەندییە.

بەڵام ئەو ڕاستییە کە ئەگەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نائازاد، نایەکسان و ناهاوپەیوەند هەرەس بێنێ هەڵبەت بە هیچ شێوە مومکین بوون یا نەبوونی ئەو خەون و هیوایانەی کە ناوەرۆکی ئازادی، یەکسانیی و هاوپەیوەندیی پێکدێنن ناگەیەنێ. ئەوەی کە ئاشکرای دەکا ئەوەیە کە ئەو خەون و هیوایانە ناتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی وەها کە بۆ خۆیان لە دژی هەر هەمان خەون و هیوایانەن دەستەبەر بکرێن. یا ئەگەر بمانهەوێ کەڵک لە دەستەواژەی مارکسیستی وەرگرین: ئەگەر هێزەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەیەک ڕێک بخرێن کە پێشمەرجەکانی دەسەڵاتی تاقمێکی بچووک بە سەر زۆرینەوە بێت ـ هەر وەک یەکیەتی سۆڤیەت ـ کە وابوو کۆمەڵگایەکی ئەم چەشنە ناتوانێ دێموکراتیک یا یەکسان بێ.

ئەوە هەمیشە هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای سوسیال دێموکراسی بووە. بە داخەوە شێوەیەکی تایبەتی لە گفتوگۆی سوسیالیستی ئێستاش لە ئارا دایە کە دەیهەوێ ئەو ئەزموونانە بە هەند وەر نەگرێ. لە جیاتان تاوانی هەرەسهێنانی ئابووری پلانداندراو دەخرێتە پاڵ ڕێبەرانی زۆردار، پێکهاتە نادێموکراتیکە کۆنەکان کە لە سەردەمی تێزارەکانەوە بە میرات مابوو، هتد. ئەوە شێواندنی ڕاستییەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە.

هۆی سەرەکی لە ناوخۆی ئایدیۆلۆژی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا، ناسراو بە مارکسیزم ـ لێنینیسم، دایە کە شێوازی ڕێکخستنی سیاسی و ئابووری یەکیەتی سۆڤیەتی بە گشتی داڕشت. ئەو ئەزموونەی کە ناشێ خۆی لێ لابدرێ ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانەی کە دەخوازن بە خەون و هیواکانی سوسیالیستی وەفادار بن دەبێ تێبگەن کە سیستەمێکی یەک پارچە و کۆنترۆل کراو لە ناوەندەوە هەرگیز ناتوانێ ئەو خەون هیوایانە بهێنێتە دی

هەرچەند کە پێکهاتە دەرەکییەکان ـ خاوەندارێتی هەرەوەزیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان ـ بە پێی تیۆرییە کلاسیکەکانی سوسیالیستی بن. ئەو شتەی کە یەکلاکەرەوەیە نەک فۆرم بەڵکو چۆنییەتی کار کردن و ناوەرۆکە.

## شۆڕشی بۆلشێڤیکی

ڕژێمی تزاری روسیا لە مانگی مارسی ١٩١٧ بە دوای چەند ساڵ ئاژاوە و سەرهەڵدانی بەربڵاو لە دژی رژێمی دیکتاتۆری رووخا. دەوڵەتێکی لیبراڵ دێموکرات دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت بەڵام لە نۆڤامبری هەمان ساڵدا بە دەست بۆلشێڤیکەکان، حیزبێکی بچووک بەڵام زۆر باش ڕێکخراو بە ڕێبەرایەتیی ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین دەسەڵاتیان لێ ئەستێندرا. (لەو کاتدا ڕۆژژمێری کۆنی گریگۆری لە روسیا کەڵکی لێوەردەگیرا و بە پێی ئەو ڕۆژژمێرە شۆرش لە مانگی فێورییە و ئوکتۆبر ڕوویاندا. لە کتێبەکانی مێژوودا ئەوانە بە شۆرشی فێورییە و ئوکتۆبر ناسروان).

ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە نۆڤامبردا ڕوویدا کەمتاکورتێک وەک کودەتایەک بوو کە لەوێدا بۆلشێڤیکەکان بە خێرایی دەستیان بە سەر خاڵە گرینگەکانی ناوەندەکانی گەیاندن لە پێتەختی ئەو کات، پێتروگراد، دا گرت و دامودەزگا دەوڵەتییەکانیان داگیر کرد و دەوڵەتیان ناچار کرد کە دەست لە کار بکێشێتەوە. هیچ پشتیوانییەکی بەر بڵاو و تەنانەت سنوورداری جەماوەریی بۆ دەستبەسەر داگرتنی سوسیالیستی لە ئارادا نەبوو. ئەوە شتێکە کە تەنانەت خودی بۆلشێڤیکەکانیش بانگەشەیان بۆ نەکرد. شۆرشەکە بە ناوی خەڵکەوە بەرێوەچوو، نەک لە گەڵ خەڵک، چونکە بۆلشێڤیکەکان بە پێچەوانەی خەڵک بۆ خۆیان دەیانزانی کە چ شتێک بۆ پرۆسەی گەشە کردن پێویست بوو.

ئەو فکرە کە "تاقمێکی پێشڕەو" (elite) کە بە دروستی تێدەگا چۆن ڕاستییەکان وەرگێڕێتەوە، مافی ئەوەی هەیە کە لە جیاتی خەڵک و بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە خەڵک چۆن بیر دەکەنەوە، هەڵسوکەوت بکا، هۆی سەرەکیی ڕێگای سۆڤیەت بەرەو کارەسات بوو. ئەوە بێگومان ئەو تیۆرییە - تیۆری تاقمی پێشەنگ (avant-garde) - بوو کە تەواوی سیستەمی لە سەر دامەزرابوو.

لە پێوەندیی لە گەڵ شۆڕشەکەیان، بۆلشێڤیکەکان تووشی گیروگرفتێکی تیۆریکی بنەڕەتیی ببون: ئەو شۆڕشە پەیڕەویی لە نەخشەی گەشەکردنی مارکسیستی نەدەکرد کە بۆخۆیان داوایان دەکرد. بە پێی ئەو نەخشەیە شۆرشی پرولێتەریی دەبێ دوای قۆناغێکی سەرمایەداریی بێتە ئاراوە. تەنیا دوای دامەزرانی سەرمایەداریی هێزەکانی بەرهەمهێنان دەتوانن ئازاد بکرێن ئەو هێزانەی کە هەل بۆ بەرهەمهێنانێکی وەها بەرچاو دەرەخسێنێ کە کۆمەڵگای بێ چین، کۆمەڵگایەک بێ هیچ خەباتێک لە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، مومکین دەبێ. هەر چۆنێک بێ، سەرمایەداریی ناتوانێ خۆی ئەوە دەستەبەر بکا، چونکە توانای کۆنترۆڵ کردنی ئەو هێزانەی نییە کە خۆی دروستی کردوون؛ ئەو گەشە کردنە شۆڕشێکی کرێکاریی دەخوازێ. ئەو شۆرشە بە دەست کرێکارانی ناوەندە پیشەسازییەکان بەڕێوە دەچێ کە لە سەردەمێکدا زۆربەی دانیشتووان پێکدێنن.

بەڵام ڕوسیای ١٩١٧ کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی سەرمایەداریی نەبوو، بەڵکوو زۆرتر کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیی دەرەبەگیی بوو. سەرهەڵدان و ئاژاوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٠٥ـ١٩١٧ دەکرێ زۆرتر وەک دژکردارێک لە دژی بێ توانایی ئەو ڕێژیمە دەرەبەگییە بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ ئەو شتانەی کە ئابووری پەرەئەستێنی پیشەسازیی و بازرگانیی داوای دەکرد. زۆر بە دژواری دەکرا شتێک کە بکرێ ناوی چینی کرێکاری ناوەندی پیشەسازیی لێبنێی بدۆزییەوە، و بە پێی پێوانەی مارکسیستی، ڕوسیای ١٩١٧ بە هیچ شێوەیەک ئامادەی شۆڕشێکی سوسیالیستی نەبوو.

شۆرشی ئۆکتۆبر لۆژێکی نەخشەی ئابووری مارکسیستی پەیڕەو نەکرد، ئەو جۆرێک کردەوەی سیاسی بوو، کە مارکس بۆخۆی کەمتاکورتێک ئەوی وەک مێتۆدی کارتێخەریی لە سەر ڕەوتی مێژوو دەرهاویشتبوو. شۆرشەکە نوێنگەی ویستی شۆرشگێران بۆ خێراتر کردنی گەشە کردنێک کە بە بڕوای ئەوان لە بواری مێژووییەوە دیاریی کرابوو، لە ڕێگای بازدان بە سەر چەند قۆناغدا بوو. بۆ گونجاندنی ئەو هەوڵە بۆخێراتر کردنی ئاڵوگۆڕەکان لە گەڵ تیۆرییەکانی مارکسیستی، بۆلشێڤیکەکان تیۆری "پێشەنگ" یا ئاڤانگاردیان داهێنا کە وشەی فەڕانسەیی بۆ ئەو دیاردەیە.

## تیۆری تاقمی پێشەنگ (avant-garde)

بە پێی تیۆری ئاڤانگارد ئەوە پێشەنگ، تاقمێکی پێشڕەوی ڕۆشنبیرە کە لە ئامانجەکان و ڕەوتی مێژوو لە گروپەکانیتر باشتر تێگەیشتووە و کە دەتوانی بە ناوی خەڵک پێشخەری پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکان بێ کە سەرەڕای ئەوەش ئامانجی کۆتایی گەشە کردنی مێژوویە.

تیۆرییەکە لە سەر فەلسەفەی ناچاریی (determinism) مارکسیستی دامەزراوە, واتە ئەو ڕوانگەیە کە گەشە کردن بە پێی یاساکانەوە بەڕێوە دەچن، و هەر بۆیە هیچ شوێنێک بۆ گفتوگۆ نەماوەتەوە. بە گوێرەی ئەو دوو بیرۆکانە، گەشە کردن بە پێی قەزاوقەدەر و توانایی تاقمی پێشڕەو بۆ خێرا کردنی پرۆسەکە، شۆرشی کرێکاری توانرا لە کاتێکی زووتر و بەدەست کەمایەتییەکی بچووکەوە بەڕێوە بچێ. بە گوێرەی ئەمە، گشت دەسەڵاتی سیاسی دەبوو بۆ حیزبی کۆمۆنیست واتە "پێشەنگ" تەرخان بکرێ کە توانی چۆنییەتی ڕەوتی پێشکەوتن بە شێوەیەکی دروست لێکداتەوە. حیزبەکانیتر ڕێگەیان پێ نە دەدرا و لە ڕاستییشدا پێویست

نەبوون بە پێی ئەو ڕوانگە جەبرییەی مێژوو: ئەوان تەنیا ڕەوتی گەشەکردن بە لاڕێدا دەبەن.

ئەندامەتیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت قەت کراوە نەبوو. حیزب لە گشت ماوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت، حیزبێکی هەڵبژێرەر بوو؛ ئەو کەسانەی کە پێیان خۆش بوو ببن بە ئەندام دەبوو بۆ ماوەیەکی درێژخایەن نیشان بدەن کە شایانی ئەوەن کە بە تەواوی ببن بە ئەندامی ڕێکخراوەکە. پێوەر بۆ ئەوەی کە مەبەست لە کاندیدای "شایستە" چییە لە لایەن ئەو کەسانە دیاریی دەکرا کە خۆیان پێشدا دەسەڵاتی حیزبیان بە دەستەوە بوو. ئەو کەسانەی کە ڕەخنەیان لە حیزب هەبوو نە ڕێگای دروست کردنی حیزبی تریان بۆ کارتێکەریی لە سەر سیاسەت پێدەدرا و نە مافی ئەوەشیان هەبوو کە ببن بە ئەندامی تەنیا حیزبی چالاک، بۆ ئەوەی کە تێبکۆشن کە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتدا پێک بێنن. ڕێژەی ئەندامانی حیزب بە دژواری لە دە لە سەر سەدی دانیشتووانی یەکیەتی سۆڤیەت تێپەڕ دەبوو و ئەو سنوور دیاری کردنە شتێکی بە ئانقەست لە لایەن حیزبەوە بوو: مەبەست ئەوە بوو کە حیزب، حیزبێک بێ نەک بۆ جەماوەری خەڵک بەڵکوو بۆ تاقمی پێشڕەوی ڕووناکبیری بە مارکسیزم ڕاهێنراو.

تیۆری ئاوانگارد لە بواری ئەقڵانییەوە لە گەڵ ڕوانگەی مێژوو وەک شتێکی لە پێشدا دیاریکراو دەگونجێ: بۆ ئەو کەسانەی کە پێیان وایە کە کۆتایی مێژوو دەبێ بە ناچار بە شێوەیەکی دیاریکراو بێ، ئەوە نامومکین نەبوو کە بگەنە ئەو ئاکامە کە مرۆڤ دەتوانێ بۆ گەیشتنی کەمێک خێراتر بە ئامانجی کۆتایی بە سەر ژمارەیەک قۆناغی ناوەندییدا باز بدا. هەڵبەت هەڵەکە لەوە دایە کە گەشەکردنی مێژوو شتێک نییە کە لە پێشدا دیاریی کرابێ بەڵکوو چالاکیی خەڵک هەم وەک تاک و هەم وەک تاقم کارێگەریی لە سەر هەیە. و ئەو کەسانەی، کە وەک مارکسیست ـ لێنینیستەکان، تەنیا ڕێگا بە شێوەیەکی دیاریکراو لە دەسەڵاتی سیاسی دەدەن، کە لە لایەن کەمایەتییەکی دەسەڵاتدارەوە دامەزراوە و هاوڵاتییان

ناتوانن کۆنترۆڵیان بکەن، بە ناچار تووشی بەریەککەوتن لە گەڵ پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی ئازادی و یەکسانیی دەبن.

جێگای سەر سوڕمانە کە شێوەی تیۆری تاقمی پێشڕەو و تیۆری فەلسەفەی ناچاری مێژوویی لە ناو هەندێک ڕەوتی سیاسی دەستەڕاستیش بەدی دەکرێ. لە ناو ڕاستەکانیشدا مرۆڤ دەتوانێ ئەم چەشنە فکرەی تاقمی پێشڕەو بە دەربڕینی ئەو ڕوانگەیە ببینێ کە دەڵێ دەسەلات و فەرمانڕەوایی دەبێ بۆ ئەو کەسانەی کە زانایی و لێوەشاەیی تایبەتییان هەیە پارێزراو بێ. کاتێک کە باڵی ڕاست لە دژی مافی دەنگدانی گشتیی ڕاوەستا بەو بیانوویە بوو کە هاونیشتمانانی نەزان زۆر بە سادەیی دەبنە قوربانیی هاندەرانێک کە هەست بە بەرپرسایەتیی ناکەن، و ئەوان گەشەکردنێکی هێدی و سەقامگیر کە لە بەرژەوەندیی هاووڵاتییان دایە دەخەنە مەترسییەوە.

لە ناو دارودەستەکانی نوێ لیبراڵیدا زۆر خاڵی سەرەکی فەلسەفەی ناچاریی مێژووی تێدا بەدی دەکرێ؛ لەناو گفتوگۆکانی نەوەدەکاندا دەکرێ بە ساکاری ژمارەیەک وتە ببینییەوە کە لەوێدا ڕا و بۆچوون، تەنانەت ئەوانەی کە زۆرینەی دەنگدەرانی لە پشت بووبێ، لە بەر ئەوەی کە گوایە لە گەڵ داواکارییەکانی "گەشەکردن" ناگونجێن ڕەت کرانەوە. بە تایبەتی هەندێک سیاسەتوانی ناوچەیی کە لە ژێر کارتێکەریی بیری نوێلیبراڵی دابوون، لە مل نەدان بۆ ڕەخنەی تاقمە جیاوازەکانی هاوڵاتییانەوە زۆر باش بوون و ئەیان گوت "مرۆڤی سەر شەقام" تێناگا کە چ باسە. سیاسەتەکانی دەوڵەت بە پێی بیروباوەڕی "تەنیا ڕێگا" بەڕێوە دەچوو کە دەقاودەق تەنیا سیاسەتێک بوو کە بە پێی مەرجەکانی گەشە کردن مومکین بوو. ئەوەی گرنگ بوو نەخشەی ئایدیۆلۆژیکیی بوو، و ئەو ڕاستییە کە گۆرەپانەکە بە کردەوە شتێکی بە تەواوی جیاواز بوو، شتێک بوو کە سەرنجێکی ئەوتۆی پێنەدەدرا.

که وابوو ئەوە تەنیا کۆمۆنیستە ئورتۆدوکسەکان نین کە دەبێ لە سیستەمی سۆڤیەت وانە وەر بگرن: بیروباوەڕی قەزاوقەدەر، ڕوانگەی گەشەکردنی ناچار کە مێژوو دایڕشتووە و نەک شتێک کە بە هۆی چالاکیی خەڵک کۆنترۆڵ دەکرێ، لە گەڵ شێوەی ماقوڵی دیتنەوەی ڕێگا چارەی گیروگرفتەکان یەک ناگرێتەوە و هەر لەبەر ئەوە لە گەڵ دێموکراسیش یەک ناگرێتەوە.

## چینێکی نوێی باڵادەستی ئابووری

شیکردنەوەی هۆی لادانی ڕەوتی پێشکەوتن لە یەکیەتی سۆڤیەت لە خەون و هیواکانی سوسیالیستی کە بانگەشەی دامەزران لە سەر ئەوانی دەکرد، دەبێ لە تیۆری کۆمەڵایەتیی مارکسیست-لێنینیستی‌دا ببینرێتەوە. سیستەمی سۆڤیەت " ئەو سوسیالیزمەی کە بە کردەوە بوونی هەبوو" هەر وەک لە کۆتاییەکاندا وەها ناوزەد دەکرا، پەیڕەوی لە پێوەری مارکسیستی خاوەندارێتی گشتیی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دەکرد بەڵام پەیڕەوی لە هیچکام لە بایخەکانی سوسیالیستی: ئازادی، یەکسانیی، هاوپەیوەندیی و دێموکراسی نەدەکرد. ئەو ئازاد نەبوو چونکە جەماوەر مافی بە ئازادی داڕشتن و دەربڕینی بۆچوونەکانیان و لەو رووەوە بە ئازادی هەوڵدان بۆ کارتێکردن لەو کۆمەڵگایەیان نەبوو کە تێیدا دەژیان. ئەو نایەکسان بوو، چونکە ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا دەژیان خەڵک بە سەر ئەوانی کە خاوەن مافی تایبەتی بوون و ئەوانی کە هیچ مافێکی تایبەتییان نەبوو، بە تاقمی خاوەن دەسەڵاتی دوورە دەست لە ڕووی کۆنترۆڵی جەماوەرییەوە و زۆرینەیەک لە دانیشتووان بە بێ دەسەڵات لە کۆمەڵگادا دابەش کرابوون. ئەو ناهاوپەیوەند بوو، چونکە ئەو کۆنترۆڵە چڕوپڕەی کە لە لایەن خاوەن دەسەڵاتەکانەوە بەرامبەر بە هاوڵاتییانەوە

بەڕێوە دەچوو ببووە هۆی دروست بوونی بێمەتمانەییەک کە هاوکاریی ڕاستەقینە و مەتمانەی نامومکین کردبوو.

هۆی هەموو ئەوانە دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی دێموکراسی، ئەو نەبوونی دێموکراسییە کە لە ناو ئایدیۆلۆژی خودی سیستەمەکەدا دروست کرابوو.

لە گەڵ ئەوەشدا، ئەگەر سیستەمی سۆڤیەت لە پەیڕەوی کردن لە خەون و هیواکانی سوسیالیزمدا نا سەرکەوتوو بوو و لە ڕاستییدا لە نەخشەی گەشەکردنی مارکسیستی کە خۆی وەک نیشانەی ڕاستەقینەی ئەو دەدی دابڕا، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ مێژوو و ڕووخانی ئەو بە پێوەری مارکسیستی شیبکاەوە. ئەوەی کە شۆرشی ئۆکتۆبر دروستی کرد لە ڕاستیدا شێوەیەکی نوێ بۆ بەرهەمهێنان بوو، کە لەوێدا فاکتەری ناوەندیی بەرهەمهێنان ـ کە جێگای زەوی و پارەی گرتەوە ـ دەسەڵاتی سیاسی بوو. ڕیبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیست ئەریستۆکراسییەک بوو لە کۆمەڵگادا و دامودەزگای بەرهەمهێنانی بە گشتی کۆنترۆڵ دەکرد. هەر وەک هەموو ئەریستۆکراسییەک لە گشت بڕگەکانی مێژوودا، ئەوان لە دەسەڵاتی خۆیان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانیان کەڵکیان وەر دەگرت.

یەکیەتی سۆڤیەت نموونەیەکی ئاشکرای کۆمەڵگای چینایەتی بوو بە جیاوازی زۆر ئاشکرا لە بواری دەسەڵات، داهات، مافی تایبەت و دەرفەتەکان بۆ گەشە کردنی تاکیی لە نێوان ئەوانەی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیان کۆنترۆڵ دەکرد و ئەوانەی کە کۆنترۆڵ دەکران.

گەشە کردنی یەکیەتی سۆڤیەت لە بواری پیشەسازییەوە لە سەردەمی کۆمۆنیستیدا دەستی پێکرد و لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانیی لە بواری هەندێک تێکنۆلۆژییەوە، بە گشتی لە بواری چەکوچۆڵ و زانستی بۆشایی ئاسمانەوە پێشەنگ بوو. چەند نموونە لە مێژووی ئابووریدا هەن کە نیشان دەدەن چۆن سیستەمە دیکتاتۆرەکان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر سامانەکانی وڵات بۆ گەشەکردنی تەکنیکیی لە هەندێک بواردا وەگەڕ بخەن: لە حەفتاکان کاتێک کە ئابووری تا ڕادەیەک لیبرالیزە کرا، تەنانەت

هەندێک ئابووریناس لە ڕۆژئاوا لە سەر ئەو باوەرە بوون کە یەکیەتی سۆڤیەت خەریکە بگاتە هەمان ئاستی پێشکەوتوویی ئابووری کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەیبوو. تەنانەت لە ئاخروئۆخرەکانی هەشتاکاندا وەبەرهێنانی ئامریکا لە بواری تێکنۆلۆژی بۆشایی ئاسمان و چەکوچۆڵ - ئەوەی کە بە پڕۆگرامی شەڕی ئەستێرەکان ناوبانگی دەرکردبوو - هاندەرەکەی ترس لە ئەگەری گەشەکردنی ئابووری و توانایی سەربازیی یەکیەتی سۆڤیەت بوو.

بەڵام دیکتاتۆرییەکان ناتوانن هاوتای ئابوورییەکی گەشە ئەستێنەری هاوچەرخ لە مەڕ دابین کردنی جۆراوجۆریی و فرە لایەنیی بن. لە ئابووری چڕوپڕ پلان داندراوی یەکیەتی سۆڤیەت هیچ دەرفەتێک بۆ خۆ ڕێکخستن لە گەڵ داخوازییە هەر دەم لە گۆڕانەکانی کڕیاران نەبوو جا چ بگا بە ئاڵوگۆڕی ڕۆژگار؛ بە هەمان شێوە جێگای زۆر کەم هەبوو بۆ دەستپێشخەریی لە لایەن بەڕێوەبەرانەوە یا خود لە لایەن فەرمانبەرانەوە بۆ دەستەبەر کردنی سیستەمێکی بەرهەمهێنانی کاریگەر و ڕێکوپێک. ناکارامەیی، بە فیرۆدانی سامانەکان و بێ توانایی بەربڵاو بۆ جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی کڕیاران، بوو بە هۆی هەرەس هێنانی ئابووری پلان داندراو. سەیرەکەی ئەوەیە، ئەو هەرەسهێنانە دەکرێ هەروەها بە لۆژیکی مارکسیستی لێک بدرێتەوە. بێگومان حیزبی کۆمۆنیست لە یەکیەتی سۆڤیەت سیستەمی بەرهەمهێنانی وڵاتی سەر لە نوێ دارشتبۆوە و لە ئاکامدا "هێزەکانی بەرهەم هێنەری رزگار کرد بوو"، بەڵام دەوڵەتی تاک حیزبی توانای بەڕیوەبردنی ئەو هێزانەی بە شێوەیەک کە پێداویستییەکانی جەماوەری کرێکار دابین بکا نەبوو. ناکۆکییە خۆڕسکەکانی ناو سیستەمەکە لە کۆتاییدا ئەویان ڕووخاند.

## گەڕانەوەی کۆمۆنیزم؟

کەمتر لە ١٠ ساڵ دوای ڕووخانی ئابووریەکانی پلان داندراو، حیزبە کۆمۆنیستەکان لە چەند وڵاتی ئوروپای خۆرهەڵات گەراونەتەوە سەر دەسەلات یا لە هەندێک لاوە پێشکەوتنی بەرچاویان لە هەڵبژاردنەکاندا وەدەست هێناوە. لە هەندێک شوێن حیزبەکان چاکسازییان تێدا کراوە و لە گەڵ میراتی مارکسیست ـ لێنینیستی خۆیان پاکانە حیسابیان کردووە. لە هەندێک لاوە ئەو بە خۆداچوونەوە جێگای گومانە و لە زۆر شوێنیتر حیزبی وا هەن کە بە ئاشکرا پێ لە سەر خەون و هیوا کۆنەکانیاندا دەگرن.

ئەو ڕاستییە کە حیزبە کۆمۆنیستەکان، سەرەڕای مێژوویان جارێکیتر دەوری سیاسی دەگێرن تا ڕاددەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر ئەو زەختەی کە ڕاهێنانەوەی سیاسی و ئابووری لەو وڵاتانە دروستی کردووە. هەڵبەت زۆر کەس توانیویانە لەو دەرفەتە تازانە کەڵک وەرگرن، دەرفەتی وەها کە ئەوان هەرگیز لە سیستەمی پێشوودا نەیاندەتوانی کەڵکی لێوەرگرن و زۆر خەڵکی تریش بواری ئابوورییان لە جاران باشترە. بەڵام زۆر کەس خۆیان لە دەرەوەی کۆمەڵگا دەبینن: بێکاریی، هەژاریی و گیروگرفتی کۆمەڵایەتیی، لە هەندێک شوێن بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە. سەرمایەداریی بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر خراپترین لایەنەکانی خۆی لە زۆر وڵاتی ئوروپای خۆرهەڵات نیشان داوە.

لە روانگەی ئێمەوە هەندێک وانە هەن کە ئێمە سیاسەتوانی گشت حیزبەکان دەبێ لەو ڕووداوانە فێریان بین.

ئەوە بۆچوونێکی زۆر باوە کە ئابوورییە پلانداندراوەکان بۆیە هەرەسیان هێنا چونکە نەیانتوانی وەڵامدەری داواکارییەکانی هاووڵاتییان بۆ ئاسایشی گشتیی و ئازادی هەڵبژاردن بن. ئەو بۆچوونە دروستە ـ بەڵام ئەو یاسایە هەموو سیستەمێکی ئابووری دەگرێتەوە. ئەگەر ئەوان نەتوانن

داوخوازییەکانی خەڵک بۆ کار، ئاسایشی گشتیی و ئازادی هاتووچۆ دابین بکەن ناتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن جا گرینگ نییە پێڕەو و پرۆگرامەکانیان چەندە جوان بن کە ئەوان بانگەشەی ڕەچاو کردنیانی دەکەن. ئەوە چۆنییەتی هەڵسوکەوتیانە نەوەک ڕەوانبێژییەکانیان کە دیاریی دەکا چۆن خەڵک دەروانێتە سیستەمەکە.

ئەوە شتێکە کە لایەنگرانی بازاڕی ئازاد دەبێ لە بیریان بێ کە ئەمڕۆ دەڵێن بۆ ئەوەی کە ئابووری (بازاڕ) بە باشی کار بکا دەبێ بەشێکی زۆر لە خەڵک ئامادەی قبووڵ کردنی هێنانە خواری مووچەکانیان و ئاستێکی نزمتر لە ئاسایشی کۆمەڵاتیی لە داهاتوودا بن. بۆچی ئەوان پێیان وایە کە خەڵک دەبێ سیستەمێکی ئابووری قبووڵ بکەن کە ئەوان تووشی هەژاری دەکا، بۆ گەشەکردنی ئابوورییە کە خۆیان قەت سوودی لێوەرناگرن؟ بۆچی ئەوان پێیان وایە کە خەڵک دەبێ وەفادار بە سیستەمێک بێ کە ڕێز لە ئاوات و پێویستییەکانی ئەوان ناگرێ؟ دەبێ کەڵک لە کام شێوە بەڵگەهێنانەوەیەک وەرگیرێ بۆ بەرگرییکردن لە سیستەمێکی ئابووری کە وێدەچێ پێشمەرجەکەی ئەوە بێ کە خەڵکی کرێکار نەتوانن چاوەڕوانی سوود وەرگرتن لە هیچکام لە خێروبێرەکانی سیستەمەکە بن، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ڕووخانی سیستەمەکە؟

ئەوە پێڕەو و پرۆگرامی سەرنجراکێش نییە کە پشتیوانی بۆ سیستەمێکی ئابووری یا سیاسی دروست دەکا، بەڵکوو چۆنییەتی کارتێکردنی ئەو پێڕەو و پرۆگرامەیە لە بارودۆخی رۆژانەی خەڵک. ئەوە ئەو وانە گرینگەیە کە دەبێ لە هەرەسهێنانی ئابووری پلاندارێژراو وەرگرێت ـ هەم بۆ حیزبەکانی چەپ و هەروەها بۆ حیزبە ڕاستەکان.

## کۆمۆنیزمی سوێدی

یەکەم حیزبی کۆمۆنیستی سوێدی لە لایەن هەندێک کەس دامەزرا کە لە ساڵی ١٩١٧ لە حیزبی سوسیال دێموکرات جیا ببوونەوە. ئەو تاقمە کۆمۆنیستەی کە جیا بۆوە دەیهەویست بە شوێن ڕێبازی شۆرشگێریی بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی کۆمەڵگا بکەوێ، لە کاتێکدا کە سوسیال دێموکراسی ڕێبازی چاکسازی و دێموکراتیکی هەڵبژارد. حیزبی کۆمۆنیست لە ماوەی ئەو ساڵانەدا چەند جار لەت بووە، لە بیستەکان و هەروەها لە حەفتاکاندا؛ هۆی لەت بوونەکان گشت کات ئەوە بووە کە مرۆڤ دەتوانێ ناویووشکە باوەڕیی (Dogma) لێ بنێ، واتە چۆنییەتی لێکدانەوەی بیروباوەڕی مارکسیستی. یەکەم حیزب، حیزبی کۆمۆنیستی سوێد (SKP)، لە ساڵی ١٩٦٧دا ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە حیزبی چەپی کۆمۆنیستەکان (vpk) و لە ١٩٩٥ ناوی حیزبی چەپی هەڵبژارد. چەند حیزبی بچووک هەن کە خۆیان بە کۆمۆنیست دەناسێنن؛ هەندیکیان تاقمی جیابۆوەن لە حیزبی چەپی کۆمۆنیستەکان (vpk) بەڵام هەندێکیان وەک پەرچەکردارێک لە دژی ئەوەی کە نەبوونی کۆمۆنیزمی ڕاستەقینە لە ناو حیزبدا سەیر دەکرا، دروست بوون.

حیزبی کۆمۆنیستی سوێد (SKP) هەروەک زۆر حیزبە کۆمۆنیستیەکانی ئوروپای ڕۆژئاوا پاشکۆی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو. لە ناو حیزبە کۆمۆنیستییەکانی ئوروپای ڕۆژئاوادا تەنیا حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا و تا ڕادەیەک حیزبی کۆمۆنیستی ئیسپانیا بوون کە کەمتاکورتێك ڕێبازێکی سەربەخۆیان لە پەیوەندیی لە گەڵ مۆسکۆدا هەبوو. لە ڕاستییدا ئەوە بەشێک لە بە ناو "سانترالیزمی دێموکراتیک" بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە هەموو حیزبەکانیتر سەرووتر بوو و لە ئاستێکدا بوو کە ڕێنوێنیی حیزبەکانیتر لە وڵاتانیتر بکا. لە بەر ئەوە پێرەوی حیزبی کۆمۆنیستی سوێد بە تەواوی لە سەر تیۆرییەکانی مارکسیست ـ لێنینیستی دامەزرا بوو و هەروەک حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت پەیڕەوییان لە ڕێسای وەرگرتنی ئەندام بە شێوەی هەڵبژێران دەکرد.

له سه‌ره‌تاكانی شه‌سته‌كان دا هه‌ندێک لایه‌ن له‌ ناو حیزب ده‌ستیانكرد به‌ پرۆسه‌ی ره‌چاو كردنی ڕوانگه‌یه‌كی چه‌پڕه‌وی سوسیالیستی سه‌ربه‌خۆتر. به‌ڵام ئه‌وه‌، هه‌ر چۆنێک بێ، بووه‌ هۆی ناكۆكیی ناوخۆیی به‌هێز و ئه‌و ڕێباز گۆڕینه‌ ناته‌واو مایه‌وه‌ و هه‌ڵوێستیان به‌رامبه‌ر به‌ دێموكراسی هه‌ر وا لێڵ مایه‌وه‌. شه‌سته‌كان و حه‌فتاكان شه‌پۆلێكی چه‌پڕه‌وی ڕادیكاڵ به‌ ڕوانگه‌یه‌كی رۆمانتیكه‌وه‌ به‌رامبه‌ر به‌ كۆمۆنیزمی چینی په‌ره‌ی ئه‌ستاند كه‌ بووه‌ هۆی زیندووكردنه‌وه‌ی فكری "شۆڕشگێڕیی" (له‌ ژێر ناوی كه‌مێک دژواری بیری ماركسیسم-لێنینیسم-مائۆ زێدۆنگ).

هه‌ر چه‌ند كه‌ تاقمێكی هه‌ره‌ بیروباوه‌ڕ په‌رست له‌ حیزبی چه‌پی كۆمۆنیسته‌كان جیا بوونه‌وه‌، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش ئه‌وه‌ به‌و مانایه‌ بوو كه‌ ڕێباز گۆڕین له‌ ناو حیزبی چه‌پی كۆمۆنیسته‌كان تووشی دژواریی نوێ بوو.

دوای تێكڕووخانی ئیمپراتۆری سۆڤیه‌ت، تیۆرییه‌ كۆنه‌كانیش له‌ پێڕه‌و و پڕۆگرامی فه‌رمیی حیزبی چه‌پدا نه‌مان. هیچ به‌روڕووبوونه‌وه‌یه‌كی ڕاسته‌قینه‌ له‌ گه‌ڵ فكره‌كانی ماركسیزم ـ لێنینیزم نه‌هاتۆته‌ ئاراوه‌ و ڕێباز گۆڕینه‌كه‌ش زۆرتر وه‌ک پرسی "چاو لێپۆشین له‌ شته‌كان و درێژه‌دان به‌ ڕه‌وتی پێشوو بووه‌". هه‌ڵوێستی ئایدیۆلۆژیكیی ئه‌مڕۆی حیزبی چه‌پ ناڕوونه‌ و باشترین وه‌سف ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئه‌وان زۆر سه‌رلێشێوێنه‌رن. حیزب هیچ تیۆرییه‌كی چه‌پی سوسیالیستی به‌ باشی پێناسه‌كراوی نییه‌. له‌ جیاتان هه‌وڵێک بۆ زیاد كردنی چه‌ند بیرێكی نوێ وه‌ک پرسی ژینگه‌ و فێمینیزم به‌ پێڕه‌و و پڕۆگرامه‌كه‌یان زیاد بكه‌ن هه‌یه‌، به‌ڵام به‌ بێ ئه‌وه‌ی كه‌ ئه‌وانه‌ تێكه‌ڵاوی بیروباوه‌ڕه‌ بنه‌ره‌تییه‌كانی خۆیان بكه‌ن (جا ئه‌وانه‌ هه‌ر شتێک بن) و به‌رنامه‌یه‌كی سیاسی ڕێكوپێک دروست بكه‌ن. وێڕای ئه‌وه‌، نه‌بوونی توانایی تێگه‌یشتن له‌ تیۆرییه‌ كۆنه‌كان بۆته‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ گفتوگۆی ناوخۆی حیزب هه‌ندێک نیشانه‌ی نیگه‌رانكه‌ر ئاشكرا بكا.

## ئاشتبوونەوە لە گەڵ بیروباوەڕە کۆنەکان

هەڵبەت ئەوە سەیر نییە کە حیزبی چەپ نەیهەوێ خۆی بە ڕابردووەوە هەڵواسێ، و سروشتی سیاسەت خۆی لە خۆیدا دەخوازێ کە مرۆڤ بڕوانێتە داهاتوو لە جیات ڕابردوو. بەڵام بۆ تاک هەر وەک بۆ حیزبەکانیش شتێکی ژیرانەیە کە لە هەڵەکانی ڕابردوو فێر بن: قەرەبوو کردنەوە مەرجێکە نەک تەنیا بۆ ئەوەی کە بتوانی درێژە بە ژیان بدەی بەڵکو هەروەها بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە بە ڕێبازێکی دروستدا دەڕۆی و بۆ دیتنەوەی ڕێبازی دروست مرۆڤ دەبێ بە ڕوون و ئاشکرا بزانێ کە هەڵەی سیستەمی کۆن چی بووە!

مارکسیزم ـ لێنینیزم بە شێوەیەکی وێرانکەر لە خەون و هیواکانی سوسیالیزمی لادا و ئەوە مەسەلەی بەدشانسی یا خود ڕێبەرایەتییەکی هەڵە نییە، ئەوە ئاکامی بێ ئەملاوئەولای خودی تیۆرییەکان بوو. ئەوە زۆر گرنگە کە ئێمە حیسابی خۆمان هەم لە گەڵ فەلسەفەی ناچاریی و بیری تاقمی پێشڕەو (elite) یەکلا بکەینەوە ؛ نەک لە پلەی یەکەمدا ئیعترافێکی ئاشکرا بە تاوانە کۆنەکان بەڵکو لە پێناو دڵنیابوون لەوەی کە خەونەکانی ئازادی، یەکسانیی و برایەتیی قەت جارێکیتر لە لایەن سیستەمێکی سیاسییەوە کە لە دژایەتیی ڕاستەوخۆی ئەو خەون و هیوایانە دایە، کەڵکی خراپی لێوەرنەگیرێ.

مێژووی کۆمۆنیزم بە واتایەک مێژووی چەوت بەکارهێنانی خەونەکان و بیرۆکەکانە. لە ناو ئەوانەی کە بۆ لای جووڵانەوەی کۆمۆنیستی ڕاکێشران زۆر ئایدیالیستی تێدا بوون، زۆر لەوانە لە سەر حیسابی خەونە سوسیالیستییەکانیان تێکەڵی جووڵانەوە بوون و بە ڕاستی لەو باوەڕە دابوون کە ئەوە ڕێگای گەیشتن بەو خەونانەیە. هەڵەی ئەوان ئامانجی ئەوان نەبوو، هەڵەی ئەوان ئەوە بوو کە لایان وابوو کە شێوە و کردار یەک شتن، و ئامراز و ئامانجەکانیش هەروەها یەک شتن. لە ئاکامدا

تیۆرییەکانی مارکسیست ـ لێنینیستی سوسیالیزمیان وەک ئابوورییەکی دەوڵەتیی لە ژێر سەرپەرشتی یەک حیزب پێناسە کرد. هەر بۆیە ئەو شێوازانەی کە کەڵکیان لێوەردەگیرا نە دەتوانرا بخرێنە ژێر پرسیار، چونکە بردنە ژێر پرسیاری ئەوان بە واتای بردنە ژێر پرسیاری ئامانجەکان و بایخە بنەڕەتییەکان بوو.

بەڵام چونکە ئەوان لە لێکدانەوەیان لە سەر ئەوەی کە ئەم شێوازانە بەرەو کوێیان دەبەن سەرکەوتوو نەبوون، یارمەتیان بە سەرنەکەوتنی خەون و هیواکان کرد. هەر بۆیە پێویستە کە ئێمە حیسابی خۆمان لە گەڵ ئەو جۆرە بیرکردنەوە یەکلا بکەینەوە کە بوونە هۆی ئەو شکستە.

ئەوە ئەو پاکانە حیسابە، ئەو تیژ بینییەیە کە ئەورۆ حیزبی چەپ نیەتی. بە پێچەوانە، ئەوەی کە ئەورۆ لە باسەکاندا دەردەکەوێ نموونەیەکە بۆ چۆنییەتی تێکەڵاو کردنە ترسناکە کۆنەکەی شێوە و ناوەرۆکە کە جارێکیتر خۆی نیشان دەدا. ئەوە ساویلکانەیە کە پاساو بێنینەوە و بڵێین کە ئەوانە تەنیا خەونەکان بۆ کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی نموونەیین. تا ئێستا دەبێ ئێمە فێر بووبین کە ئەو خەونە جوانانەی کە پەیوەندییان بە لێکدانەوەیەکی ڕاستەقینەی جیهانەوە نییە دەتوانن ببنە مۆتەکەی ترسناک.

لە نەوەدەکاندا حیزبی چەپ بە هەڵبژاردنی سیمایەکی نوێ وەک حیزبێکی ناڕازی لە بەرەی چەپ هەر گیروگرفتێکی چارە سەر کردبێ لانی کەم گیروگرفتی ئایدیۆلۆژیکی چارە سەر نەکردووە. ئەوان دژی کەم کردنەوەی تێچووە گشتییەکانن کە بۆ هاوتا کردنی بودجە پێویستە، بەڵام ئەوان قەت نەیانتوانیوە ڕێگا چارەیەکی بەردەوام پێشکەش بکەن؛ بە پێچەوانە ئەوان گشت کات چاویان لە ئەو گیروگرفتانەی کە لە گەڵ بەرنامەی ئەواندا نەگونجاوە نووقاندووە. دروشمەکان جێگای لێکدانەوەی گیروگرفتەکانیان گرتۆتەوە، هەم لە کورت خایەن هەم لە درێژخایەندا.

ڕەنگە ئەوە ئەنجامی ئەو ڕاستییە بێ کە ئەوان حیسابی خۆیان لە گەڵ مێژووی ناچاری ڕابووردوی خۆیان یەکلا نەکردووە، مرۆڤ ئێستاش ئەو

فکره دەبینێ کە ڕەوتی پێشکەوتن "کاتێک کە هەموو شتێک گوترا و جێبەجێ کرا" بە ناچار بەرەو چەپ دەڕوات. و هەر کات کە ڕەوتی پێشکەوتن بەرەو ئەوێ نەچێ، بۆ دیتنەوەی هۆی ئەو کارە لە ئاڵوگۆڕ لە شێوەی داڕشتنە بنچینەییەکانی تەکنیکی و ئابووری ناگەڕێن، بەڵکوو ئەوە وەک نەبوونی ورە یا خود نیشانەی شێوازی هەڵەی سیاسەت ـ لەنیکەم لە لایەن سوسیال دێمۆکراسییەوە ـ لێکدەدەنەوە.

لەو ڕوانگەیەوە ئەوان بە نەریتی خۆیان وەفادارن، حیزبی کۆمۆنیستی سوێد/ حێزبی چەپی کۆمۆنیستەکانی پێشوو عادەتیان بوو کە سوسیال دێموکراسی بە نەبوونی پاکیی بیروبڕوا تۆمەتبار بکەن. ئێستا وا دیارە ئەوان هاتوونە سەر ئەو تێژبینییە کە ئەو بیروبڕوا ناپاکەی سوسیال دێموکراتەکان لە ڕابردوو، لە ڕاستییدا دروستتر بووە لە "پاکیی بیروبڕوا"ی ئەوان. لە بەڵگە هێنانەوەکانیاندا تێدەکۆشن خۆیان وەها بنوێنن کە گوایە ئەوان شێوەیەکی "دروستتر" لە سوسیال دێموکراسین تەنانەت لە خودی سوسیال دێموکراتەکانیش.

ئەوان ڕاست دەکەن، کاتێک کە مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن ڕێبەرانی پێشووی ئەوان سوسیال دێموکراسییان وەک لادان لە بیروباوەری "ڕاست و ڕەسەن"ی سوسیالیزم پێشان دەدا. ئەو سیاسەتی ئاسایشی گشتییە کە حیزبی چەپ ئێستا هێندە بۆی بە جۆشە، تەنیا چەند دەیە لەمەو بەر لە بەر چاوی پڕۆپاگەندەچییە کۆمۆنیستەکان نشوستی هێنان بوو و خیانەت بوو بە خەون و هیوا ڕاستەقینەکانی سوسیالیزم، ڕێگایەک بۆ فریودانی جەماوەری کرێکار بۆ ئەوەی کە سەرمایەداریی قبووڵ بکەن.

هەڵبەت ئەوە شتێکی زۆر باشە کە حیزبی چەپ لە مەزنتر بوونی سیاسەتی ڕێفۆرمیستیی گەیشتووە بەڵام مرۆڤ دەخوازێ هەندێک تێگەیشتن لە بەهێزیی بەشەکانی تری نەریتەکانی سوسیال دێموکراسییشدا ببینێ: ئەو بەشانەی، کە باسی ئەو ڕاستییە دەکەن کە گشت سیاسەتەکانی

چاکسازیی، بۆ ئەوەی کە بەردەوام بن، دەبێ بنج و بناوانیان لە ڕاستییەکانی ئابووری بێ. ئەو ئاواتە بەرزە جوانانەی، کە بۆ وەدیهاتنیان پێویستییان بە شێوەیەکی جیاواز لە ڕاستی هەیە کە ئێمە لە دونیای خۆمان دەیبینین، بایخێکی ئەوتۆیان نییە. ئەگەر مرۆڤ تێبکۆشێ ئەو جۆرە دروشمانە جێبەجێ بکا، مەترسییەکی ڕاستەقینە هەیە کە لە جیاتی چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان، مرۆڤ تەنیا گیروگرفتی نوێ دروست بکا.

لەو ڕوانگەیەوە حیزبی چەپ زیندانیی نەریتی خۆی دەمێنێتەوە: ئەو نەریتەی کە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوان ڕاستییەکان بەو شێوەیە کە لە تیۆرییەکانیاندا نیشان دەدرێ ببینن و نەک بەو شێوەیە کە لە ڕاستییدا بەو شێوەیەن. لە بەر ئەو هۆیە ئەوان لە پێوەندی لە گەڵ گیروگرفتەکانی دونیای ڕاستەقینەدا هیچ ڕێگا چارەیەکیان نییە.

## سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەساڵەکانی ١٩٣٠وە بەشێکی سەرەکیی سیاسەتی سوسیال دێموکراسی بووە. ئەگەر بمانهەوێ کەڵک لە وتەیەکی کلاسیکی سوسیال دێموکراسی وەرگرین مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئەوە پرسی دابەش کردنەوەی میوەکانی بەرهەمهێنانە: بە وەرگرتنی باج، پارە بۆ دەوڵەت و ئەنجوومەنی شارەوانییەکان کۆ دەکرێتەوە تەنیا بۆ ئەوەی کە بە سەر بنەماڵەکاندا دابەش بکرێتەوە، یا بە شێوەی پاڵپشتیی ئابووری ڕاستەوخۆ یا خود وەک خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.

هۆکاری ئەو سیاسەتە شتێکە کە ئێمە لە بڕگەی سەرەتاییدا لە سەر بەها بنەڕەتییەکانی سوسیال دێموکراسی باسمان کرد. ئازادی خەڵک بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕەوتی ژیانی خۆیان تا ڕاددەیەک تەناهی ئابووری و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاریی سەرەکیی وەک خزمەتگوزاریی پزیشکی و پەروەردەوفێرکردن دەخوازێ. یەکسانیی دەخوازێ کە ئەو پێشمەرجانەی ئازادی، بۆ گشت هاوڵاتییان دەستەبەر بکرێن. بۆ مسۆگەر کردنی ئەو یەکسانییە و لەو ڕووەوە بۆ ئازادی، پێویستە کە هەموومان، وەک هاووڵاتی، گەرەنتی ئەو پێش‌مەرجانە بە شێوەیەکی هاوپەیوەندییانە بکەین، بە واتایەکیتر ئێمە بە یەکەوە لە ڕێگای دانی باج، پشتیوانیی ئابووری بۆ دابین بکەین.

سوسیال دێموکراسی زۆرجار باس لە سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەک سیاسەتێکی تەناهی دەکا. بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی دروستکردنی تەناهییە لە هەلومەرجی وەها دا کە خەڵک بە هۆی جیاوازەوە ـ نەخۆشیی، بێکاریی، پیریی ـ ناتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن. بەڵام سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەروەها تا ڕاددەیەکی زۆر پرسی دابینکردنی دەرفەتەکانی پێشکەوتنە، ئەو دەرفەتانەی کە لە خوێندن و ڕاهێنان، تیمار کردنی دوای بریندار بوونو نەخۆشیی، ئاگاداریی لە

منالآن که ئەو هەلە دەرەخسێنێ که مرۆڤ بتوانێ ژیانی کار و ژیانی بنەماڵەیی یەک بخات، پشتیوانیی ئەو کەسانەی که سەرەڕای کەمئەندامیی دەخوازن ژیانێکی سەربەخۆیان هەبێ و هتد، بەدی دەکرێن.

بەشێکی بەرچاو لە چاکسازییەکانی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هاوکات لە گەڵ بەرهەڵستکاریی بەهێزی حیزبە غەیرە سوسیالیستەکانی پارلمان پەسەند کراون. ئەوڕۆ پرەنسیپەکانی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خاوەنی پشتیوانییەکی بەرینن، ئەگەر حیزبی مودێراتی[8] لێ دەر هاوێین، که دەخوازێ بەشە گرینگەکانی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە ڕێگا چارەکانی کەرتی تایبەت بگۆڕێتەوە. هەر چۆنێک بێ، پشتیوانیی بەربڵاو لە سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، نابێ ببێتە هۆی ئەوەی که ئێمە باسی کۆمەڵگای خۆشگوزەران نەکەین. ئێمە زەختی زۆرمان لە سەر ئابووری دەوڵەت لە نەوەدەکانەوە هەیە، که لە بەر ناچاریی هەندێک ڕێگاچارەی دژوار هەڵبژێرین، و دەبێ ئەو ڕاستییەمان لە بیر بێ که ئەو گیروگرفتانە لە دەیان ساڵی داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبن، کاتێک که داواکارییەکان بۆ کەرتی فێرکاریی و هەروەها پێویستیی ئاگاداریی لە پیران بەشێکی زۆرتر لە سامانی وڵات دەخوازێ. ئەوە هەروەها سروشتییە که گفتوگۆیەکی بەردەوام لە سەر چۆنییەتی کارکردی سیستەمی ئاسایش و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و پێویستیی ئەوان بە گەشەکردن و گۆڕان بە گوێرەی ئاڵوگۆڕ لە مەرجە دەرکییەکاندا لە ئارا دابێ. ئەوەی که لە پەنجاکان وەک ڕێگا چارەی باش بۆ گیروگرفتەکان سەیر دەکرا لە نەوەدەکاندا هەمیشە ڕێگاچارەی باش نین. لەو بوارەدا سیستەمی ئاسایشی گشتیی قەت "تەکمیل" نییە و ئێمە دەبێ وشیار بین که ئەو چاکسازییانەی که لە بڕگەیەکدا بەرێوەچوون وا سەیر نەکەین که دەبێ تا سەر هەر بەو جۆرە بمێننەوە و قەت ئاڵوگۆڕیان بە سەردا نەیە.

---

[8] گەورەترین حزبی بورژوایی سوێدی (Moderaterna)

## سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی گشتگر

ڕێسایەکی گرنگ بۆ سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سوسیال دێموکراسی ئەوەیە کە لەسەر یەک گشتگرە. ئەو تەنیا ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بە دوای تاقیکردنەوەی ڕێژەی داهاتی هەژارترینەکان پێشکەش دەکرێ نییە، بەڵکوو هەموو دانیشتووان بە شێوەیەکی یەکسان دەگرێتەوە. یارمەتی مناڵان بە هەموو ئەو بنەماڵانەی کە منالْیان هەیە دەدرێ، خانەنشینی بە هۆی چوونەسەری تەمەن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە ٦٥ ساڵ پیرترن و هەروەها خوێندن بە خۆرایی بۆ هەموو مناڵان.

هەندێکجار خزمەتگوزارییەکان بە دوای تاقیکاریی ڕێژەی داهات پێشکەش دەکرێن. ڕێسای گشتگریی دەکرێ بڵێین کاتێک گونجاوە کە پێداویستیی دانیشتووان وەک یەک بێ: مافی خوێندن بۆ گشت مناڵان، مافی چاودێریی نەخۆشخانە بۆ نەخۆشان، مافی خانەنشینی بۆ گشت بە ساڵداچووان. ئەو خزمەتگوزارییانەی کە بە دوای تاقیکاریی ڕێژەی داهات پێشکەش دەکرێن بۆیە پەسەند کراون تا وەڵامدەری هەندێک پێداویستیی تایبەتیی بن: یارمەتی کرێ خانوو بۆ ئەو بنەماڵانەی کە داهاتی زۆریان نییە، یارمەتی تایبەتیی بۆ دەرمان و چارەسەری پزیشکی بۆ ئەو کەسانەی کە ئەغڵەب نەخۆشن، هتد.

ئەو فکرەی کە لە پشت سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی گشتگرە، سادەیە. کاتێک کە ڕیفۆرمەکان سوودی بۆ هەموو کەس هەبێ ئەوکات هەموو حەز دەکەن کە لە دابینکردنی خەرجییەکەیدا بەشدار بن و کاتێک کە گشت کەس لە دابینکردنی خەرجییەکەیدا بەشدار بن، ئەوسا ئێمە توانایی ئابووری دەستەبەر کردنی سیستەمێکی بیمە و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بە چۆنایەتییەکی باشمان دەبێ. ئەوە شتێکە کە ئەو لایەنانەی کە توانایی ئابووری لاوزیان هەیە سوودی لێوەردەگرن.

بۆچوونێک کە هەندێک جار لە ناو حیزبی سوسیال دێموکراتیشدا باسی لێوە دەکرێ، بەتایبەتی کاتێک کە سامانەکان سنووردارن، ئەوەیە کە وا باشترە کە خزمەتگوزارییەکان تەنیا پێشکەش بە کەم داهاتەکان و بێکارەکان بکرێن. بەو شێوەیە ئێمە دەتوانین تواناکانمان بۆ پشتیوانیی ئەو کەسانەی کە دەستکورتن کۆ بکەینەوە و بەو شێوەیە دڵنیا بین کە ئەوان بەڕاستیی بە داخوازییەکانیان دەگەن.

پێشمەرجی ئەو شێوە بیرکردنەوە ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانەی کە داهاتیان زۆرە و بۆ خۆیان لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان هیچ سوودێک وەرناگرن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش حازر بن کە لە ڕێگای دانی باج پشتیوانیی بەر بڵاو بۆ هەژارەکان دابین بکەن. ئەزموونەکان پێمان دەڵێن کە شتەکان بەمجۆرە بەڕێوە ناچن. توێژینەوەکان دەردەخەن کە سیستەمە گشتگرەکان زۆرتر بە قازانجی لایەنە هەژارەکانن تا سیستەمی یارمەتی بە پێی ڕێژەی داهات.

ئەگەر وابێ کە تەنیا هەرە هەژارەکان یارمەتی منداڵان وەرگرن، کەڵک لە چاودێری پزیشکی بە خۆڕایی و خوێندنی بە خۆڕایی وەرگرن تاقمەکانیتر تێدەکۆشن کە ئەو خزمەتگوزارییانە تا دەکرێ هەرزان بن. ئەوان هەموو پاساوێکیان دەبێ بۆ ئەوەی کە تێبکۆشن کە خەرجی ئەو خزمەتگوزارییانە سنووردار بکەن کە بۆ خۆیان کەڵکی لێوە ناگرن و بۆ خۆیان ڕاستەوخۆ ناکەونە ژێر کاریگەریی چۆنایەتیی نزمی ئەو خزمەتگوزارییانە. بەڵام ئەگەر لە لایەکیترەوە، هەمووی ئێمە سوود لەو خزمەتگوزارییانە وەرگرین کە لە ڕێگای باج دابین دەکرێن، ئەوسا بەرژەوەندیی گشتمان لەوە دایە کە شتی وەک خزمەتگوزاریی پزیشکی و قوتابخانەکان بە باشی بەڕێوە بچن، یا بیمەی نەخۆشیی و سیستەمی خانەنشینیی پارێزگارییەکی ئابووری ماقووڵ دەستەبەر بکەن. ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە سوێد بە سیستەمی یەکگرتووی خانەنشینی، کەمترین ڕێژەی خانەنشینی هەژاری هەیە.

نابێ بێڵین کە گشتگریی بەو مانایە بێ کە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی بە تەواوی لە ڕێگای باجەوە دابین بکرێن. هەروەک ئێمە دواتر باسی دەکەین، هەندێک هۆکار بۆ دابین کردنی لانیکەم بەشێک لە خەرجی خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگای دیاریکردنی نرخ بۆیان هەن. بەڵام ئەو بەشەی کە لە ڕیگای باج دابین دەکرێ دەبێ زۆرینەی خەرجییەکان دابین بکا تا ئەو کەسانەی کە باج دەدەن هەست بەوە بکەن کە شتێک لە جیاتی ئەو باجەی کە دەیدەن وەردەگرن و هەروەها ئامادە بن کە درێژە بە دانی باج بدەن.

سیستەمی گشتگر پێش بە کەرت کەرت بوونی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگا دەگرێ و ئەوە خۆی لە خۆیدا بایخە. ئەوە بۆ سوسیال دێموکراسی گرینگە کە سیستەمێکی ئاسایش نەبیتە هۆی دابەش بوونی خەڵک بە سەر ئەوانەی کە وەرگرن و ئەوانەی کە دابینکەری خزمەتگوزارییەکانن: خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی شێوەیەک لە خێری دەوەڵەمەندان بە کەم داهاتەکان نین، بەڵکوو ئەوە شتێکە کە ئێمەی هاووڵاتی بۆ یەکتری دابین دەکەین، شتێکە کە هەمووومان یارمەتی دەکەین بۆ دابینکردنی بە پێی توانامان و هەمووومان بە پێی پیویستییەکانمان کەڵکی لێوەردەگرین.

## لایەنە جیاجیاکانی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی

سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دوو بەشی سەرەکی هەیە: خزمەتگوزارییە گشتییەکان (وەک چاودێریی پزیشکی و شێوازەکانیتری چاودێریی) و یارمەتیەکانیتری ئابووری، واتە ئەوەی کە بە گواستنەوە (transfer) ناوزەد دەکرێن. کە وابوو گواستنەوەکان دوو شێوازی سەرەکین: بەشێکیان یارمەتی ئابوورین کە بە شێوەیەکی گشتیی دابەش دەکرێن، بۆ هەموو کەس وەک یەک (وەک یارمەتی منداڵ و مووچەی خانەنشینیی بۆ بە ساڵداچووان)، و بەشەکەیتر بیمەی کۆمەڵایەتین کە ڕێژەی دراوەکە بەسراوەتەوە بە ڕێژەی داهات.

هەم گواستنەوەکان و هەم خزمەتگوزارییە گشتییەکان تا ڕاددەیەکی زۆر لە ڕێگای باج دابین دەکرێن و بەرێوەبەریی و بەرهەمهێنانەکەیان لە ئەستۆی دامودەزگا دەوڵەتییەکانە. هەم شێوازی دابین کردن و هەم شێوەی بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییەکان گفتوگۆیان لە سەر کراوە و هەم لە هەشتاکان و هەم لە نەوەدەکاندا ڕەخنەیان لێگیراوە بەڵام ئەوە گرینگە کە گومانمان لەو ڕاستییەدا نەبێ کە جیاوازیی لە شێوازەکانی ڕەخنەگرتندا هەیە، بە ڕەگ و ڕیشەی جیاواز و بە ئامانجی جیاوازەوە:

- یەکێک لە شێوازەکانی ڕەخنە گرتن لە لایەن مودێراتەکان/ نوێ لیبڕاڵەکانەوە باس دەکرێ و ئامانجەکەی هەڵوەشاندنی بناغەی ئاسایشی گشتیی و جێنشین کردنی ڕێگا چارەکانی کەرتی تایبەتە.
- شێوازێکی تری ڕەخنە گرتن جەخت لە سەر گیروگرفتەکانی ناو سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە و تێدەکۆشێ پاڵپشتیی ئەو ئاڵوگۆڕانە بکا کە ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکا بە بێ هێرش کردن بۆ سەر بناغەکانی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.
- لە کۆتاییدا، گفتوگۆی سێهەم جەخت لە سەر پێویستیی هاوسەنگییەکی باشتر لە نێوان داهات و دەرکەوتی دەوڵەت دەکا

که له خۆیدا دەبێته هۆی پێویستیی پێکهێنانی ژمارەیەک ئاڵوگۆڕی ئابووری له بەڵێنییەکانی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاڵوگۆری وەها که هەڵبەت کاتێک که ئابووری ڕێگا بدا دەکرێ هەڵوەشێنەوە.

پێویستیی هاوسەنگیی له ئابووری دەوڵەت له زۆر لایەنەوە که ویستوویانه بەشی زۆری سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هاڵوەشێننەوە کەڵکی خراپی لێوەرگیراوە. له هەندێک لای ترەوە پێویستییەکانی ئابووری بووەته هۆی به هێز کردنی باسەکان بۆ ئاڵوگۆڕ، که به بێ ئەوەش ئەو ئاڵوگۆڕانه هاندەری باشیان له پشت بوو. بەڵام ئەوە گرنگه که ئێمه ئەو ڕاستییه له بەر چاو بگرین، لانی کەم له کاتی گفتوگۆ له سەر بۆچوونمان له پێوەندی له گەڵ سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی له درێژخایەندا، که لێرەدا ژمارەیەک هێڵی گفتوگۆی به تەواو لێک جیاواز هەن.

ئەو باسەی که خاڵی یەکەم له سەرەوە دەگرێتەوە باسێکی ئایدیۆلۆژیکی/ رێساییه و لەو خاڵەدا سروشتییه که سوسیال دێموکراتەکان داکۆکی ئایدیۆلۆژیکی له سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکەن. ئەو گفتوگۆیەی که هەڵسوکەوت له گەڵ خاڵی سێهەم دەگرێتەوە به تەواوی به بیری پراگماتیکی/ ئابووری پشت ئەستورە و لەو پەیوەندییه دا سوسیال دێموکراتەکان هەرگیز ناتوانن خۆ لەو بەرپرسیارییه که ئاخۆ ئابووری وڵات توانای دابینکردنی چ شتێکی هەیه دەرباز بکەن.

کەم کردنەوەی ڕێژەی قەرەبوو کردنەوە له سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی تا ٧٥%ی داهات که کەوتۆته بەر گفتوگۆی چڕوپڕ تەنیا هاندەری ئابووری هەیه و بیرخەرەوەیەکی گرنگه: هەر چەند که خاڵی دەسپێکی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەهاکانی سوسیال دێموکراسین، بەڵام تەنیا باوەڕی ئایدیۆلۆژی و نیازپاکی بۆ بەردەوامیی چاکسازییەکانی کۆمەڵایەتی بەس نین. ئێمه دەبێ پارەکەیشمان بۆ دابینکردنی ئەوان هەبێ! ئەگەر ئابووری لاواز بێ، ناکرێ پلەی پارمەتیەکانی ئاسایشی

کۆمەڵایەتی وەک خۆی بمێنێتەوە. ئەوە زۆر ساکارە کە مرۆڤ ناتوانێ ئەو پارەیەی کە بوونی نیە دابەش بکا.

ئەو باسەی کە لە خاڵی دووهەمدا هاتووە بە گشتی بۆ سوسیال دێموکراسی سەرنجڕاکێشە: چۆن دەکرێ ئێمە سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بگۆڕین و پەرەی پێبدەین؟ هاوتەریب لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئابووری و بازاڕی کار، هەروەها داخوازییەکانی سەر سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن. کاتێک کە پلەی مامناوەندی داهات دەچێتە سەر، بواری لەبارتر هەیە کە داوا بکەین تاکەکان ڕێژەیەکی زۆرتر لە داهاتیان بۆ پاشەکەوتی خانەنشینی تەرخان بکەن ـ بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێ وابێ کە ئاڵوگۆڕ لە بازاڕی کار، پێویستیی زیاتر بۆ ڕاهێنانی دووبارە، داخوازی نوێ بخاتە ڕوو لە سەر چۆنییەتی دابینکردنی خەرجی فێر کردن لە لایەن کۆمەڵگاوە.

سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێ بێپسانەوە بە پێویستییەکان و پێشمەرجەکانن گرێ بدرێ هەم هی کۆمەڵگا و هەم هی تاکەکان، ئێستا ئێمە دەبینین کە چۆن هەم پێویستییەکان و هەم پێشمەرجەکان ئاڵوگۆڕیان بە سەر دادێ:

- ڕێژەی بە ساڵداچووان لە زیاد بوون دایە بە داواکاریی زیاتر هەم بۆ مووچەی خانەنشینیی و هەم بۆ خزمەتگوزارییەکان بۆ پیران. داواکارییەکان بۆ ڕاهێنان و خوێندن لە زیاد بوون دایە. لە هەمانکاتدا کۆی گشتیی زەختی باج ناتوانێ زۆر زیاتر بکرێ.
- بازاڕی کار زۆرتر توانای خۆگونجاندن پەیدا دەکات، بە چاوەڕوانیی زیاتر بۆ گوازتنەوە[9]. ئەوە توانایی خۆ گونجاندنی زیاتر لە سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەخوازێ، لە هەمان کاتدا کە داواکارییەکان بۆ سیستەمێک کە بتوانێ وەڵامدەری

---

[9] مەبەست لێرە ئەوەیە کە ئەگەر کەسێکی بێکار لە شوێنێکی تر کاری گیر کەوت، دەبێ ناوبراو ئامادە بێ کە لە شوێنی خۆی ڕا بگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە کاری لێ گیر دەکەوێ.

ئاڵوگۆڕی خێراتری ئابووری کە شوێن لە سەر تاکەکان دادەنێ، لە زیاد بوون دایە.

- هاووڵاتییان خوازیاری دەسەڵاتی زیاتر لە شێوەی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتین کە ئەوان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا کەڵکی لێوەردەگرن.

هەموو ئەوانە هاوسەنگیەکی هەستیارانەتر دەخوازن، هەم لە شێوەی دارشتنی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەلایەتی و هەم لەوەی کە سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کام شتانە بگرێتەوە. ئەوە پرسی بەرگریکردن لە پیویستییە بنەڕەتییەکان بۆ تەناهی و دەرفەتە بنەڕەتییەکانی ژیانە و لە هەموو شتێک زیاتر پاراستنی ئەو خزمەتگوزارییانەیە کە خەڵک بۆیان دژوارە کە بۆخۆیان دابینیان بکەن. سیاسەتی سوسیال دێموکراسی ئەوەیە کە خزمەتگوزارییە گشتییەکان - چاودێریی پزیشکی، خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکردن ـ لە سەرووی هەموو شتێک دانێ لە هەمان کاتدا ئێمە ئامادەین بڕوانینە شێوازی تازەش بۆ یەکخستنی پاشەکەوتەکانی گشتیی و تاکیی لە چوارچێوەی سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتیدا.

بەهەر شێوەیەک بێ، لە پەیوەندی لە گەڵ خزمەتگوزارییەکانی گشتیی پێشکەوتن، شێوازی نوێ دەخوازێ. ئەوە مەسەلەی پێویستیی دەسەڵاتی زیاتری ڕۆژانەیە، خۆ گونجاندنی زیاتر، لە هەمان کاتدا کە ئێمە دەبێ پشتگیریی لە داخوازییەکانی دەست پێڕاگەیشتن و چۆنایەتییەکی باش بۆ گشت لایەک بکەین.

## "بەستراوەیی بە یارمەتی"

هێڵێکی سەرەکیی ڕەخنەگرانە لە لایەن حیزبە غەیرە سوسیالیستەکانەوە بە دژی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی گشتگر ئەوەیە کە دەبێتە هۆی

دروست بوونی "بەستراوەیی بە یارمەتی": خەڵک بە ژیان لە بارودۆخێک ڕادێن کە لەوێدا کۆمەڵگا هەمیشە ئاسایشی ئابووری ئەوان مسۆگەر دەکا و لە ئاکامدا بۆ خۆیان هیچ بەرپرسیارییەک بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتیی خۆیان ناگرنە ئەستۆ.

ئەو ڕەخنەیە هاوتەمەنی خودی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتییە؛ یەکەم پێشنیار بۆ قەرەبوو کردنەوەی دوای ڕووداێکی نەخوازراو لە ناوەندە پیشەسازییەکان لە ساڵەکانی ١٨٨٠ی زائینی لە گەڵ هەمان بیانوو بەرەوڕوو بوون. بێ حاشا کردن لە پێویستیی گفتوگۆ لە سەر چۆنییەتی دابەش کردنی بەرپرسیاریی لە نێوان تاک و کۆمەڵگا، لە گەڵ ئەوەشدا مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە هێڵێکی ئاشکرای بەرژەوەندیی لە پشت ڕەخنەی " بەستراوەیی بە یارمەتی"ــەوە هەیە. ڕەخنەکە زۆرتر لە ناو ئەو تاقمانەی کە داهاتی باشیان هەیە و بە دەسەڵاتن باوە، و ڕووی ڕەخنەکەش لە پێشدا لە ئەو "یارمەتیانەیە" کە دەدرێ بەو لایانانەی کە ڕێژەی داهاتیان لە خوارەوەیە، ئەوانەی کە لە بریندارییی لە ناوەندە پیشەسازییەکان زەرەرمەند دەبن، هتد. هەر ئەو ڕەخنەگرانە داوای زیاد کردنی یارمەتیتر دەکەن، وەک یارمەتی کۆمەڵگا بۆ ناوەندەکانی خوێندن کە کەرتی تایبەت سەرپەرەشتییان دەکا یا هێنانە خواری ڕێژەی باج بۆ خزمەتگوزارییەکانی ناو ماڵ، هەڵبەت ئەوانە زۆرتر بە قازانجی لایەنەکانی دەوڵەمەندن.

لە سوێد خەڵکی وا هەن کە بۆ بژیوی خۆیان بەستراوەن بە کۆمەڵگا. بەڵام ئەوە بەشێک لەو خەڵکە دەگرێتەوە کە بێکارن و بەشێکیش ئەو کەسانەی کە داهاتیان هێندە نییە کە بتوانن بژیوی خۆیانی پێ دابین بکەن. کە وابوو هۆی "بەستراوەیی بە یارمەتی"، نەبوونی کار یا خود داهاتی کەمە، و ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ پێش بە ئەو "بەستراوەییە" بگرێ ئەوکات ئەوە مەسەلەی زیاد کردنی ڕێژەی کار و زیاد کردنی ئەو کارانەیە کە خەڵک بتوانن بە داهاتەکەیان بژین.

مرۆڤ سەری لەوە سوڕ دەمێنێ کە ئەو هەموو قسەکەرانەی کە لە ڕەخنەگرتنی "بەستراوەیی بە یارمەتیەوە" دەنگ بەرزترن لە هەمان کاتدا پشتیوانیی لە پەرەپێدانی جیاوازی لە داهاتەکاندا و چوونە سەری ڕێژەی ئەوکارانەی کە کەم داهاتن دەکەن. هەڵبەت ئەوەی دوایی مەسەلەیەکە کە لە هەموو شتێک پتر دەبێتە هۆی بەستراوەیی بە یارمەتی. هەموو سیستەمێک دەکرێ کەڵکی خراپی لێوەرگیرێ و هەمیشە دەکرێ نموونەی تاوانکاریی بخرێتە ڕوو، هەڵە یا خود نموونەی ساکاری ساختەکاریی. بەڵام ئەو ڕاستییە کە ئەو نموونانە بوونیان هەیە بەو مانایە نییە کە ئەوە شێوازی باوە؛ هەموو لێکۆڵینەوەکان لە سەر چۆنییەتی کارکردی بیمەی بێکاریی و نەخۆشی بە ڕوونی نیشانیان داوە کە ڕێژەی ساختەکاریی لەواندا زۆر کەمە.

هەڵبەت ئێمە دەبێ هێرش بکەینە سەر ساختەکاریی لە هەموو شێوازەکانیدا هەر چەند سنووردارێش بن. ئەوە هەروەها گرینگە کە دان بەوە دابنێین کە سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دوو جۆر خوو و ڕەوشت دروست دەکا.

لە لایەکەوە داوا لە باجدەران دەکرێ کە بە یەکگرتوویی پشتگیریی ئەو کەسانە بکەن کە تووشی نەخۆشیی یا خود بێکاریی بوون. داواکاری دواتر ئەویە کە ئەو کەسانەی کە پێویستیان بەو یارمەتییە هەیە، نابێ هەوڵ بدەن کە یارمەتیی وەها وەر بگرن کە مافی ئەوان نییە و بەو شێوەیە فێڵ لە دۆستان، دراوسێکان، هاوکاران و خزمەکانیان بکەن.

بەڵام سوسیال دێموکراسی هیچ هۆیەکی نییە کە ڕێگا بدا ئەو باسە لە لایەن وەسفەکانی یەک لایەنەی نەرێنی لە سەر ئەنجامەکانی سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەڕیوە بچێ.

ئێمە نابێ تەنیا گوێگری دەنگی ئەو لایەنانە بین کە ڕەخنە لە سیستەمەکە دەگرن بەڵکوو دەبێ هەروەها بە هەمان ڕێژە گوێ بدەینە دەنگی ئەو کەسانە کە شێوازە جیاوازەکانی پشتیوانییان پێویستە و کە هەمیشە ئەوەندە نابیسرێن، چونکە ئەوان لە گەڵاڵە کردنی پێویستییەکانیاندا هێندە باش نین.

ئێمە نە تەنیا دەتوانین ڕەخنەی ئەو کەسانە ببیستین کە - زۆرجار بە بێ ئەوەی کە بۆ خۆیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکی یارمەتی کۆمەڵایەتییان کردبێ - باس لەوە دەکەن کە وەرگرتنی یارمەتیی ئاسایشی کۆمەڵایەتی چەندە ئاسانە. ئێمە زۆرتر گوێمان لەو کەسانە دەبێ کە شاهیدی دەدەن کە چەندە دژوار و ئازاربەخشە کە ناچار بی داوای یارمەتیی بکەی، کاتێک کە خۆت نەتوانی پێویستییەکانی خۆت دابین بکەیت. ئێمە تەنیا گوێ بۆ ئەو کەسانە ڕاناگرین کە باسی ئەوە دەکەن کە چۆن بێکاران لە وەرگرتنی کاری پێشنیارکراو خۆ دەپارێزن چونکە بە لای ئەوانەوە ئەو کارانە ناخۆشن. ئێمە هەروەها دەبێ زۆرتر گوێڕایەڵی ئەو کەسانە بین کە چۆن باسی هەستی نائومێدیی دەکەن کاتێک کە ناتوانن کارێک بدۆزنەوە کە لە توانایان دابێ، و چۆن بێ پسانەوە بەدوای کاردا دەگەڕێن بێ ئەوەی کە بتوانن کارێک بدۆزنەوە.

هەموو راپۆرتەکان بە ڕوونی ئاشکرای دەکەن کە هەموو ئەو کەسانەی کە بێکارن و کە چیتر کۆنترۆڵی ئابووری خۆیان بە دەستەوە نییە، کە چیتر بەشێک لە تۆڕی کۆمەڵگا نین، مەترسی زیان گەیشتن بە هەستی باوەڕبەخۆبوون و توانایی دەستپێشخەریی هەڕەشەیان لێ دەکا. ئایا ئەو ڕاپۆرتانە قەت بڵاو دەبوونەوە ئەگەر ئەوەی کە هەندێک خەڵک دەیڵێن دروست با، کە سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی خەڵک هێندە بەختەوەر دەکا کە ئەوان دەیانهەوێ لە ڕێگای ئەو یارمەتییانە بژین؟ بێگومان نا. ئەگەر ئەوە ڕاست با ئەوکات بێکاریی نەدەبوو بە گیروگرفت بۆ تاکەکان! ئەوە شتێکە کە بە ڕاستیی وایە.

خەڵک دەخوازێ بۆخۆی سەرپەرشتیی ئابووری خۆی بکا و دەوری خۆی لە بازاڕی کار ببینێ و کاتێک کە ئەو دەرفەتەیان لێ زەوت دەکرێ، هەست بە بێزاریی دەکەن: تەنانەت لە ناو ئەو کەسانەی کە بژیویان لە ڕێگای "یارمەتییانەوە" مسۆگەر کرابێ.

له لایەکی ترەوە ئەو ڕاستییەش هەیە کە بێکاریی درێژخایەن هەندێک جار دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک هەرگیز نەتوانن بۆ بازاڕی کار بگەڕێنەوە، و لەو ڕووەوە خۆ لە گەڵ ژیانێک وەک " وەرگرانی یارمەتی" دەگونجێنن. بەڵام هۆی بنەڕەتیی ئەوە نییە کە ئەو یارمەتییانەی کە پێیان دەدرێت زۆر بەخشندانەیە، بەڵکوو هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەوان نەیانتوانیوە کارێک بدۆزنەوە: کێشەی سەرەکیی نەبوونی کارە، نەک هەبوونی یارمەتی بۆ بێکاران.

کاتێک کە ڕێژەی بێکاریی لە کۆتاییەکانی ۱۹۸۰ یەک لە سەر سەد بوو، مرۆڤ هەرگیز نەی دەبیست کە خەڵک لە جیاتی دۆزینەوەی کار پێیان خۆشترە لە ڕێگای یارمەتی ژیانی خۆیان دابین بکەن ...

هەر چۆنێک بێ، مەترسییەک لە سیستەمی دابینکراو لە ڕێگای باجدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە یارمەتییەکان لە وانەیە وەک شتێکی "خۆڕایی" سەیر بکرێن و بۆیە کەڵکی خراپیان لێوەرگیرێ. ئەوە بەو مانایەیە کە تێچوونەکان بە شێوەیەکی نەخوازراو زیاد بکەن و سامانەکان، کە دەکرا لە شوێنیتری سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کەڵکیان لێ وەر گیرێ، بە شێوەیەکی نا پێویست بۆ بوارێکی یارمەتی تەرخان بکرێن. هەر بۆیە ئەوە دەتوانێ ببێتە بەڵگەیەک بۆ پێویستیی هەندێک شێوازی تێچوونی تاکیی وەک ڕۆژێکی بێ داهات، لە سیستەمی یارمەتی نەخۆشیی یا پێویستیی دانی پارەی ویزیت لە کاتیسەردانی پزیشک، بە شێوەیەکی ساکار بۆ ئەوەی کە ئێمە لە بیرمان نەچێ کە یارمەتیی کۆمەڵگا تێچوونی هەیە. شێوەی تێکەڵاوی دابینکردنی گشتیی و تاکیی لە مێژووی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەمیشە بوونیان هەبووە: خەڵک هەمیشە پارەیان بۆ چاودێری منداڵان یا خود چوون بۆ لای پزیشک داوە، خەڵک هەمیشە پارەیان بە سندووقی بیمەی بێکاری داوە، و ئەوە تەنیا لە قۆناغێکی زۆر کورتخایەندا یارمەتیی کاتیی نەخۆشی قەرەبووی تەواوی داهاتی لە کیس چووی دەکردەوە، هتد.

هەر بۆیە سوسیال دیموکراسی هیچ هۆیەکی بۆ ڕەت کردنەوەی فکری تێکەڵاو کردنی بەرپرسیاریی تاکیی و گشتیی بۆ سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا، جێگای خۆیەتی کە بە جوانی بڕوانینە چۆنییەتی دابەشکردنی ئەو بەرپرسیارییە. ئێمە ناتوانین ڕێگا چارەی وەها پەسەند بکەین کە دەبنە هۆی ئەوە کە هەندێک خەڵک بە بێ تۆڕی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بمێننەوە یا خود چۆنیەتی یارمەتییەکانی کە کۆمەڵگا پێشکەشی دەکا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بێ.

پێویستە لە نێوان بەرپرسیارییەکان و مافەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتییدا هاوسەنگی هەبێ. ئەوە بەشێک لە مێژووی فکری ئێمە نییە کە کۆمەڵگا بە هەموو شێوەیەک بەرپرسی ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاکەکان سەیر بکەین: هۆی سەرەکیی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە هاوڵاتییان خۆیان لە بارێکی بێ دەسەڵاتیدا نەبینن کە نەتوانن ئاگاداریی لە ساخڵەمیی خۆیان بکەن یا نەتوانن بواری خوێندن بۆ مناڵەکانیان دابین بکەن، یا کاتێک کە بێکار دبن تۆڕێکی ئاسایشییان نەبێ یا خود دڵە خورپەی چۆنییەتی دابینکردنی بژیوی خۆیان لە کاتی پیرییان نەبێ. ئەوە پرسی دابینکردنی یارمەتیی دوو لایەنەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرپرسیارییانەی کە دەتوانێ بۆ تاک وەک خۆی گەلێک گران بێ، بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک پرسی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ خەڵک نییە کە لە بەشی خۆیان لە بەرپرسیاریە هاوبەشەکان بدزنەوە.

هەندێک بیروڕای شاراوەی تا ڕادەیەک ناخۆش لە ناو حیزبی مودێرات هەن کە دەڵێ "خەڵک دەبێ فێری وەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریی بن" و ئەویش بەو مانایەیە کە ئێمە دەبێ دەست لە وەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریی بەرامبەر بە یەکتر هەڵگرین.

بە هەمان شێوە بۆچوونێکی ترسناک ئەوەیە کە گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی وەک گیروگرفتی تاک گەڵاڵە بکرێن. خەرجییەکانی خانەنشینیی بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی ڕووداوی نەخوازراو لە شوێنی

کار بوون دەکرێتە مەسەلەی ئامادەیی زیانلێکەوتووەکان بۆ وەرگرتنی کار نەک مەسەلەی باشتر کردنی شوێنی کارەکان. ئەو گیروگرفتانەی کە لاوەکان لە هەندێک ناوچەکانی قەراغ شارە گەورەکان بەرەوڕوویان دەبنەوە دەکرێتە بێتوانایی دایکوباوکان بۆ دیاریی کردنی سنوور بۆ چۆنییەتی هەڵسوکەوتی لاوەکان لە هەمان کاتدا کە مرۆڤ لە جیاکردنەوە (segregation) و بێکاری لەو ناوچانەدا چاوپۆشیی دەکا.

بە گۆرینی هەموو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پرسی ویستی تاکەکان، مرۆڤ دەیهەوێ خۆی لە چارەسەر کردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان ببوێرێ: پێویست ناکا ئێمە نیگەرانی شوێنی کارەکان، جیاکرانەوەی شوێنی نیشتەجێ بوون و بێکاریی بین. هەر ئەوەندە بەسە کە داواکاریی لە سەر تاکەکان زیاد بکەین! بەو شێوەیە ئەوان پاساوێک بۆ هێرش بردنە سەر سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبیننەوە: هەوڵدان بۆ یارمەتیکردنی خەڵک بێ مانایە، تەنیا ئاکامەکەی ئەوەیە کە ئێمە ئەوان تەمبەڵ و سست دەکەین و گیروگرفتەکان ئێجگار خراپتر دەکەین. ( ئەوە هەروەها شێوەیەکی زۆر باوی گفتوگۆ لە لایەن حیزبە غەیرە سوسیالیستەکانە: تێکۆشان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بێ سوودە چونکە لە لایەکەوە گوڕانکارییەکان نابنە هۆی هیچ شتێک و لە لایەکی تریشەوە تەنیا شتەکان خراپتر دەکەن. ئەوە ئێستاش ڕازێکی شاراوەیە کە چۆن شتێک دەتوانێ هەم مەترسیدار بێ و لە هەمان کاتدا هیچ ئاکامێکشی نەبێ ..)

ئەوە هەڵەیە ئەگەر بمانهەوێ بەرپرسیاریی تاک بۆ کۆمەڵ لە بیر بکەین. بەڵام ئەوە بە هەمان شێوە هەڵەیە کە ئێمە حاشا لە بەرپرسیاریی هاوبەشمان، بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتییمان بکەین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تاک ناتوانێ مەرجەکانی ژیانی خۆی بە تەنیا دیاریی بکا: کۆمەڵگای شوێنی ژیانی ئەو مەرجانە دیاریی دەکەن.

کە وابوو ژمارەیەک شت هەن کە دەبێ بە کۆمەڵ چارەسەر بکرێن. هەر بۆیە دەبێ ئێمە پشتگیریی ئەو کەسانە بکەین کە تووشی بێکاریی دەبن،

باری تەندروستیی خراپیان هەیە یا کەمئەندامن، لە ڕێگای دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە کە ئێمە بە یەکەوە پێکمان هێناون. ئەوە مەسەلەی کردنی خەڵک بە وەرگری ناچالاکی یارمەتی نییە، بەڵکو دابینکردنی ئەو سامانانەیە کە ئەوان بتوانن بۆ سەر کەوتن بە سەر گیروگرفتەکانیان کەڵکی لێوەرگرن.

## دابین کردن لە ڕێگای باج

دابین کردن لە ڕێگای باج ـ یا بە وردی، ئەو ڕاستییە کە سیاسەتێکی بەرزیخوازی ئاسایشی کۆمەلایەتی پلەیەکی بەرزی باجوەرگرتن دەخوازێ ـ هەمیشە کەوتۆتە بەر ڕەخنە، بە تایبەتی لە لایەن مودێراتەکانەوە. یەکێک لە بەڵگەکان ئەوەیە کە لە سەریەک زەختێکی " زۆر بەرزی" باج پێش بە گەشە کردنی ئابووری دەگرێ. یەکێک لە بەڵگەکانیتر باس لە بە ڕواڵەت "خول خواردنی پارە" دەکا: ئەوەندەی خەڵک بە شێوەی یارمەتییەکانی کۆمەڵایەتی وەریدەگرن بە هەمان ڕێژەیە کە ئەوان دبێ وەک باج بیدەن بە حکومەت، کە وابوو بۆچی ڕێگا نەدرێ بە خەڵک کە بیمەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە گیرفانی خۆیان بدەن؟

باسەکانی پێوەندیدار بە ڕێژەی لە ڕاددەبەدەری باج بە درێژایی مێژوو نەگۆردراوە؛ بە بێ لە بەرچاوگرتنی ڕێژەی باج، و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئابووری چەندە باش یا چەندە خراپ بێ، ڕێژەی باج بە گوتەی حیزبە دەستە ڕاستەکان/ مودێراتەکان، هەمیشە زۆر بەرز بووە. ئەوە بەو مانایەیە کە ڕەنگە بناخەی بەڵگەکان زۆرتر لە سەر ئایدیۆلۆژی مودێرات داڕێژراوە تا ڕاستییەکانی ئابووری.

توێژینەوەی ئابووری هیچ پەیوەندییەک لە نێوان گەشە کردنی ئابووری و ڕێژەی باج نیشان نادا: بێگومان دەکرێ هەر دوو گەشە کردنی باشی ئابووری و ڕێژەیەکی بەرزی باج وەرگرتنمان هەبێ. لە ڕاستیدا ئەو شتەی کە بۆ گەشەکردنی ئابووری یەکلاکەرەوەیە ڕێژەی باج نییە بەڵکو چۆنییەتی داڕشتنی باج وەرگرتن لە کردەوە دایە.

مرۆڤ دەبێ ئەوەش زیاد بکا، باجەکان چۆن کەڵکیان لێوەردەگیرێ. ئەگەر ئێمە بمان هەوێ بەردەوام سیستەمی قوتابخانەی پێشکەوتوو بە چۆنایەتییەکی باشمان بە یارمەتی باج هەبێ، هەڵبەت ئەوە یارمەتی بە گەشە کردنی ئابووری دەکا. لە لایەکیترەوە، ئابووری سوودێکی ئەوتۆی لە ڕێژەی نزمی باج پێ ناگا ئەگەر ئەوە بەو مانایە بێ کە دەبێ سیستەمێکی ناکارامەی خوێندن، سیستەمی دواکەوتووی ڕاگواستن و پێوەندیی ڕێگای دوورمان هەبێ.

لە ڕاستیدا هیچ هۆیەک نییە کە ئێمە خۆمان گیرۆدەی گفتوگۆیەکی وشک لە سەر ڕێژەی زەختی باج بکەین. ڕێژەی "ماقوڵی" باج تەنیا مەسەلەی پلەی ئەو نییە بەڵکو ئێمە بەو باجە چیمان گیر دەکەوێ و چەندەی تێدەچێ ئەگەر ئەو شتانە لە ڕێگایەکیترەوە دابین بکرێن.

هێنانە خواری ڕێژەی باج بەو مانایە نییە کە خەرجی شتی وەک ئاگاداریی نەخۆشخانە، پەروەردە و فێرکردن و خانەنشین بوون لە ناو دەچن، بەڵکوو تەنیا دابین کردنیان دەبێ لە ڕێگایەکی ترەوە بێ. ئەو پرۆپاگەندەی کە لە لایەن حیزبی مودێراتەوە بۆ هێنانە خواری ڕێژەی باج دەکرێ باس لەوە ناکا کە خەڵک بە ڕێژەی داهاتی جۆراوجۆر دەبێ خۆیان چەندە پارە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بدەن کە دەبێ تا ڕاددەیەکی بەرچاو لە بودجەی ماڵەوە دابین بکرێن. ئەوان هەروەها باس لە کاریگەریی ئەو ئاڵگۆڕانە ناکەن ـ بۆ تاک هەر وەک بۆ کۆمەڵگا ـ لەو شوێنانەی کە هەندێک لایەن تەنیا بە هۆی ئابووری دەبێ بە ئاستێکی نزمتر لە خوێندن و سەرپەرشتی تەندروستیی قایل بن.

له هەمان کاتدا ئێمەی سوسیال دێموکرات نابێ بۆخۆمان کارئاسانی بکەین و پێمان وابێ کە هەتا ئامانجەکان باش بن ئێمە دەتوانین ڕێژەی باج وەرگرتن بەرینە سەر. ئەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ڕیژەی باج ناتوانێ تا ئاسمان بەرز بێ. تەنیا ئاسایشی کۆمەلایەتی نییە کە دەبێ لە ڕیگای کۆی داهاتی وڵات دابین بکرێ! و ئەگەرچی یەکخستنی گەشە کردنی ئابووری لە گەڵ ڕێژەی بەرزی باج وەرگرتن مومکینە بەڵام هەر چەندی ڕێژەی باج بەرزتر بێ خۆبواردن لە شێوەی داڕشتنی " نابەجێی" باج دژوارترە.

هەندێک جار داواکارییەکانی جیاواز لە سەر سیستەمی باج لە گەڵ یەکتر ناکۆکییان هەیە. هەتا سەرەتاکانی ساڵی ۱۹۹۰ سوێد سیستەمێکی باجی داهاتی هەبوو کە ڕێژەی باج هاوتەریب لە گەڵ داهات زیادی دەکرد؛ زیاد کردنەکە - بەرەوژووریی[10] (progressivity)- بە شێوەیەکی یەک نەوا درێژەی هەبوو تا گشت پلەی داهات بگرێتەوە. هەر چۆنێک بێ، ئەو بەرەوژوورییە بۆ زیاد کردنی ڕێژەی داهات یارمەتییدەر بوو و هەر لەبەر ئەوەش دەبووە هۆی هەڵاوسانی (inflation) نرخەکان. هۆیەکەی ئەو ڕاستییە بوو کە بەرەوژووریی ( "ڕێژەی سنووری باج"[11] ) هەتا لە سەر پلەی مامناوەندیی داهاتیش کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو، بە شێوەیەک کە زیاد کردنی ڕێژەیەکی بەرچاوی داهات پێویست بوو تا ئەو زیاد کردنە بۆ خاوەنەکەی دەستکەوتێکی تێدابا.

هەڵاوسانی نرخەکان هەمیشە لە ڕوانگەی سیاسەتی دابەشکردنەوە شتێکی خراپە. بە گران کردنی وەبەرهێنان بەرهەمهێنەر لە بەراورد لە گەڵ ئابووری پارەبازیی[12] (Speculative) زیان بە وەبەرهێنان و هەروەها

---

[10] لەو شێوەیەدا ڕێژەی باج لە گەڵ زیاد کردنی داهات زیاد دەکا
[11] لە سوێد پێی دەگوترا marginalskatt کە بە the marginal rate of tax وەرگێردراوەتە
[12] مەبەست لێرەدا ئابورییەکە کە سوودی خێرا هاندەری سەرەکییە

گەشەکردنی ئابووری دەگا. ئەو هەروەها بنچینەکانی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بنکۆڵ دەکا.

لە بەر ئەو هۆیە سیستەمی باج دەبوو دووبارە دارێژرێتەوە. پوختەی ئەو ئاڵوگۆڕانە بە شێوەیەکی ساکار ئەوەیە کە ئێمە ئێستا باجی بەرەو ژوورمان تەنیا بۆ ئەو کەسانە هەیە کە ڕێژەی داهاتیان لە پلەیەکی بەرز دایە و وەک جاران نییە کە کەمتاکورتێک هەموو مووچەخۆرانی دەگرتەوە.

هەر وەک ئەو نموونەیە دەریدەخا سیستەمی باج دوو شێوە کرداری هەیە: بۆ دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بۆ یارمەتیکردنی گەشە کردنی چەسپاوی ئابووری نەتەوەیی. بۆ سوسیال دێموکراسی ئەوە گرینگە کە جەخت لە سەر ڕۆڵی باجەکان بۆ دابەشینەوە بکا، و کە دابەشکردنی یەکسانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەروەها شێوەیەکی کاریگەرە لە ڕوانگەی ئابووریەوە. بەڵام هەروەها دەبێ دڵنیا بین کە کردارەکەیتر هەر دەم لە گەشە کردن دابێ، ئەویش دابینکردنی ئامرازێکی گشتیی بۆ کۆنترۆڵی ئابوورییە. دابینکردنی ئەوە، بەو مانایە نییە کە ئێمە شوێن "سیاسەتەکانی لاباڵە ڕاستەکان" دەکەوین: ئەوە درکاندنی ئەو ڕیالیزمەیە کە پێویست بوو بۆ دروستکردنی بنچینەی پتەوی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی دابەشینەوە.

## "خول خواردنی پارە"

بەشێک لە باجەکان، بە پێی هەندێک لە ڕەخنەگران، تەنیا "خول خواردنی پارەیە"، واتە پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە بڕگەی پێشتردا باجیان داوە. لە ڕاستیدا، ئەوە یەکێک لە ئەنجامەکانی چۆنییەتی دارێژرانی سیستەمەکەیە ـ هەموو لا بەشدارن لە دابین کردنی، هەموو لا بەشێک لە

یارمەتییەکان وەردەگرن و ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئێمە هەموومان پارەی شتێک دەدەین کە هەر بۆ خۆمان دەبێتەوە.

بەڵام ئەوەی کە ئێمە لە ڕێگای باجەوە پارەکەی دابین دەکەین زیاترە لەو یارمەتییانەی کە وەک تاک وەریدەگرین. ئەو شتەی کە ئێمە باجی بۆ دەدەین، ئاکامی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی گشتگر، هەروەها سیستەمێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییە. ئێمە تەنیا باج بۆ ئەوە نادەین کە چاودێریی نەخۆشخانە بۆ خۆمان دابین بکەین، ئێمە هەروەها باج بۆ تەناهی کۆمەڵایەتی دەدەین ـ و بۆ کارامەیی ئابووری ـ کە لەو ڕاستییە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە هەموومان توانای چاودێریی تەندروسیتی خۆمان دەبێ. ئێمە تەنیا بۆ خوێندنی منداڵەکانی خۆمان باج نادەین، ئێمە هەروەها باج بۆ سیستەمێکی پەروەردە دەدەین کە دەرفەتی خوێندن بۆ هەموو کەس دابین دەکا.

بۆ سوسیال دێموکراسی شتی وەک چاودێری تەندروستی، خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و فێرکردن خزمەتگوزاری گشتیین. باش کار کردنی ئەوان لە بەرژەوەندیی گشتمان دایە ـ تەنانەت ئەگەر ئێمە بۆخۆمان پیویستمان بە کەڵکوەرگرتن لەوان نەبێ. هەر لە بەر ئەوەشە کە بەرژەوەندیی هاوبەشمان لەوەدایە کە ئەوان لە ڕێگای دانی باج دابین بکەین ـ هەر چەند ئەوە بەو مانایە بێ کە ئێمە تا ڕاددەیەک بۆ خۆمان پارەکەی بدەین. بەڵام ئەو ڕاستییە کە ئێمە بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی و بەرژەوەندیی تاکیی بە هەمان پارە دەکڕین دەکرێ وەک قازانجێک سەیر بکرێ.

ئەنجامەکانی سیستەمێکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کە لە ڕێگای باج دابین دەکرێ زۆر جیاوازن لە هی سیستەمێک کە کۆششی بەربڵاوی تاکەکان بۆ وەدەستهێنانی چاودێریی تەندروستی باش و خوێندنی باش داخوازن. لەو وڵاتانەی کە دایک و باوکەکان دەبێ پارە بۆ بڕگەی دواناوەندی بۆ مسۆگەر کردنی خوێندنی منداڵەکانیان لە قوتابخانەی باش

بدەن، لە کاتێکدا کە ئەوانی کە هیچ پارەیان بۆ ئەو مەبەستە نییە ناتوانن هیچ داواکارییەکیان لە سەر چۆنایەتیی قوتابخانەکان هەبێ، ئاکامەکەی ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە خەڵک تەنانەت خوێندنی سەرەتایی باشیش ناتوانن بۆ خۆیان دابین بکەن.

لە ڕوانگەی تاکەکانەوە ئەوە بەو مانایەیە کە خەڵکێکی زۆر هەرگیز دەرفەتی پێشکەوتنی تاکیی شیاو یا خود ئازادی هەڵبژاردن لە کاتی هاتنە ناو بازاڕی کاریان پێنادرێ. ئەوە بە نۆبەی خۆی دەبێتە هۆی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی وەک مادده سڕکەرەکان و تاوانبارێتی. لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە ئەوە بەو مانایەیە کە ـ جیا لە تێچوونەکانی مادده سڕکەرەکان و تاونبارێتی ـ هێزی ئابووری وڵات دەتوانێ زەرەرمەند بێ چونکە بەشێک لە هێزی کرێکار ئاستی خوێندەوارییان ناتەواوە.

هەڵبەت سیستەمێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکرێ تا ڕاددەیەکی زۆر لە سەر چارەسەریی کەرتی تایبەت دابمەزرێ کە قەرەبوو کردنەوەی مامناوەندی بۆ بەشێکی زۆر لە دانیشتووان دابین بکا. بەڵام دابەشینەوەی تێچوونەکان و هەر وەها یارمەتییەکان زۆر شێواوتر لە سیستەمێک دەبێ کە زۆرینەی لە سەر وەرگرتنی باج دامەزراوە، ئاکامەکەی هەر وا دەبێ ئەگەرچی مرۆڤ تێبکۆشێ کە لاوازترین تاقمەکان لە ڕێگای پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی بەلاش بپارێزێ. ئەو لایەنانەی کە کەمێک لە سەرووی ئەو پلەیەن کە شیاوی وەرگرتنی خزمەتگوزاریی بەلاش بن، لە سەر یەک وا هەست پێدەکەن کە دانی پارەی بیمەکان بۆ ئەوان بارێکی زۆر گرانە ـ ئەوەندە گران کە بەشێکی بەر چاو خۆ لە بیمە کردن دەبوێرن. لە نیوەی ساڵەکانی ١٩٩٠ نزیکەی ٣٤ میلیۆن ئامریکایی لە ناو سیستەمی بیمەی تەندروستییدا نەبوون!

بۆ تاک، شتێکی ساکارە کە تێچوونەکەی کەمتر نابێ، ئەگەر پارەی بیمە لە جیاتی باج بدرێتە سیستەمێکی کەرتی تایبەت، بە پێچەوانە تێچوونەکە زۆر جار، گەلێک زیاتر دەبێ. جگە لەوەش سیستەمی بیمەی کەرتی تایبەت

مانگانەی زیاتر لەو کەسانە کە وەک " جێی مەترسیی" سەیر دەکرێن وەر دەگرێ. وەک کەمئەندامەکان و ئەوانەی کە بە شێوەی هەمیشەیی نەخۆشن. ئەو کەسانەی کە زۆرترین پێویستییان بە بیمە هەیە هەر ئەو کەسانەن کە زۆر جار بۆیان ئێجگار دژوارە کە دەستیان پێڕا بگا. ئێمە لە سیستەمی بیمەی نەخۆشیی سوێد کەڵک لە ڕێسای پێچەوانە وەر دەگرین: ئێمە پێش بە تێچوونی زۆر بۆ ئەو کەسانەی کە ئەغڵەب پێویستییان بە خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستی هەیە دەگرین.

هەڵبەت چەند هۆی باش بۆ بوونی ئەوەی کە مودێراتەکان وەک "خۆل خواردنی پارە" وەسفی دەکەن هەیە. ئەوە بەو شێوە نییە کە ئەوان دەیانهەوێ نیشانی بدەن، واتە سیستەمێکی ناکارامەی گوازتنەوەی پارە لە نێوان گیرفانەکانی مرۆڤ، ئەوە مەرجێکی پێویستە بۆ سیستەمێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی بە چۆنایەتییەکی باش کە هاووڵاتییان بە کۆمەڵ لە کۆمەڵگا داوای دەکەن، ئەوە مەسەلەی سیاسەتی دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەش دەگرێتەوە.

## بەرهەمهێنانی گشتیی یا تایبەت

ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە ڕێگای باج دابین دەکرێن وەک چاودێریی تەندروستیی، خزمەتگوزارییەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پەروەردە فێر کردن، تا ڕاددەیەکی بەرچاو لە لایەن شارەوانییەکان و ئەنجوومەنی پارێزگا بەرهەم دێن. ئەوە لەو دواییانەدا لە زۆر لاوە کەوتۆتە ژێر پرسیار، هەتا لە لایەن ئەوانەی کە پێیان وایە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی دەبێ لە ڕێگای وەرگرتنی باج دابین بکرێن. بەڵام ئەگەر بە ویستی ڕەخنەگرەکان بێ، پێویست ناکا کە دامودەزگا حکومییە ناوچەیییەکان خۆیان ئەو خزمەتگوزارییانە بەرهەم بێنن؛ دەبێ ئەو خزمەتگوزارییانە بە بازرگانیی ئازاد بسپێردرێن تا ئەوان بە نوێنەرایەتیی

دامودەزگا حکومییە ناوچەییەکان بەرهەمی بێنن. ڕوانگەیەک هەیە کە دەڵێ تێچوونەکان بەو شێوەیە لە ئاستێکی نزمدا ڕادەگیرێن و باجدەرەکان لەو ڕێگایەوە شتی زۆرتریان بۆ ئەو پارەیەی کە دەیدەن گیر دەکەوێ.

هەڵبەت ئەوە لە خۆیدا ئامانج نییە کە خزمەتگوزارییەکانی دابین کراو لە ڕێگای باج دەبێ لە لایەن حکومەتی ناوچەیییەوە بەرهەم بهێنرێن. لە لایەکیترەوە ئامانج ئەوەش نییە کە ئەو خزمەتگوزارییانە دەبێ لە لایەن بازرگانیی ئازادەوە پێشکەش بکرێن. هەڵبژاردنی بازرگانیی ئازاد دەبێ چارەیەکی جێگر بێ، ئەگەر هاتوو ئەوە شێوازێکی مسۆگەر کردنی چۆنایەتیی بۆ خزمەتگوزارییەکانی گشتیی بێ کە نەتوانرێ بە جۆرێکی تر دابین بکرێ.

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئاخۆ مرۆڤ ئەوەی دەست دەکەوێ؟

هەموو بەراوردەکانی ناونەتەوەیی نیشانیان داوە کە ئەوە شوێنی دەسەڵات واتە ـ ئەگەر بەرهەمهێنان لە لایەن کەرتی تایبەت یا خود گشتیی بەڕێوە بچێ ـ نییە کە ڕێژەی تێچوونەکان دیاری دەکات. ئەوەی کە یەکلاکەرەوەیە ئەوەیە کە ئایا کاروبارەکە باش بەڕێوە دەچێ یا خراپ و ئەوەش بە نۆبەی خۆی، بەستراوەتەوە بە ڕێکخستن و نەک خاوەندارێتی.

کەرتی نەخۆشخانە یەکێک لەو نموونانەیە کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان تا ڕاددەیەکی باش پێشکەوتنی بە خۆوە دیتووە، بەڵام وڵاتە جیاوازەکان تێکەڵاویی جیاوازیان هەم لە دابینکردنی تاکیی و گشتیی و هەروەها بەرهەمهێنانی حکومی و بازرگانیی ئازاد هەڵبژاردووە. بەڵام چۆنییەتی پەرە ئەستاندنی تێچوونەکان لە هەموو وڵاتەکاندا تا ڕاددەیەک وەک یەکە، بە بێ لە بەرچاوگرتنی شێوازی سیستەمی هەڵبژێردراو. لە سەرتای ساڵەکانی ١٩٩٠ تێچوونی چاودێریی تەندروستی لە زۆربەی وڵاتان بەرامبەر بووە بە ١٠ تا ١٢ لە سەدی بەرهەمی گشتیی نەتەوەیی (GNP) و لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا چوونە سەری ڕێژەی

تێچوونی چاودێری تەندروستی مەسەلەیەک بوو بۆ باسێکی سیاسی و ئابووری پڕ لە نیگەرانی.

ئەو پرسیارە کە ئایا خزمەتگوزاریی وەک قوتابخانە یا خانەی پیران دەبێ سەرپەرشتیی گشتیی هەبێ یا خود تایبەتی تەنیا مەسەلەی کاریگەریی تێچوونەکان بۆ قوتابخانە یا خانەی پیران وەک تاک نییە. ئەوە بە هەمان ڕێژە مەسەلەی کارامەیی سیستەکەیە بە گشتی. لایەنە جیاجیاکان دەبێ بە یەکەوە بگونجێن و بە یەکەوە پەیوەندییان هەبێ بە بێ کەلێن. گەیشتن بەو شێوە کاریگەرییە لە سیستەمێکدا کە ڕێکخستنێکی یەکگرتووی هەبێ ئاسانترە تا بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر ناوەندی بازرگانیی ئازاد.

دووبارە چاودێریی پزیشکی نموونەیەکە بۆ ئەو شتە. تێچوونەکانی چاودێریی پزیشکیی لە گشت وڵاتانی پێشکەوتوو بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و لە هەموو ئەو وڵاتانە هەندێک هەنگاوی سیاسی بۆ سەندنەوەی بەشێک لە کۆنترۆڵی ڕەوتەکە هەڵگیراون. هەر چۆنێک بێ، سوێد تەنیا وڵاتیکە کە توانیویەتی پێش بە ڕەوتی ڕوو لە زیادبوونی تێچوونەکان بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێگا چارە کە بە مەبەستی وەدەستهێنانی "سوودی زیاتر بۆ پارەی سەرفکراو" دروست کراون بگرێ. ئەو کاریگەرییە لە ڕێگای ئاڵوگۆڕ لە ناو کەرتی گشتیی چاودێریی تەندروستی وەدەست هاتووە نەک لە ڕیگای گرتنە بەری بەرنامەیەک بۆ بە تایبەتیی کردن.

پسپۆرانی ناونەتەوەیی لە بواری ئابووری چاودێریی تەندروستی هاوڕان کە سوێد ئەو ئاکامە باشەی تەنیا بە هۆی ئەوەی کە سیستەمی چاودێریی تەندروستی لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دایە وەدەست هێناوە؛ لەو وڵاتەنەی کە بەشێکی بەرچاوی چاودێریی تەندروستیی لە لایەن کەرتی تایبەت بەڕێوە دەچێ حکومەت لە وە دەستهێنانی کۆنترۆڵی ڕەوتی تێچوونەکان شکستی هێناوە، زۆر سادە بەو هۆیە کە ڕێکخستنەکە زۆر پەرش و بلاوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سیستەمی چاودێریی تەندروستی

سوێدی وەک یەکێک لە کاریگەرترین سیستەم لە دونیادا سەیر دەکرێ. لە لایەکیترەوە سیستەمی ئامریکا، کە زۆرتر بە شێوەی سیستەمی بیمە بەڕێوە دەچێ، وەک یەکێک لە ناکاریگەرترین سیستەمەکانی چاودێریی تەندروستیی سەیر دەکرێ.

هەڵبەت هەندێک کەوکوڕیی لە سیستەمی چاودێریی تەندروستی سوێددا هەیە و ئەوەش تا ڕاددەیەک دەگەڕێتەوە سەر کەم بوونی سەرمایەی ئابووری کە ئەمڕۆ هەستی پێدەکرێ. بەڵام کەموکوڕییەکان زیاتر لە هی ئەو وڵاتانە نییە کە بەشێکی زۆرتر لە داهاتی نیشتمانیی بۆ چاودێریی تەندروستیی خەرج دەکەن. ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر داهاتوو، ئێمە دەبێ چاوەڕوانی ئەو ڕاستییە بکەین کە چاودێریی تەندروستیی پێویستی بە خەرجی زیاتر دەبێ، یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە کە ڕێژەی خەڵکی بەساڵداچوو ڕوو لە زیاد بوونە، ئەو پێویستییە لە سەرانسەری ئوروپا هەستی پێدەکرێ. لە ڕاستییدا سوێد، لە زۆر بارەوە، شوێنێکی دەستپێکی زۆر باشتری هەیە چونکە ئێمە لە پلەیەکی نرمتری تێچوونەکانەوە دەست پێدەکەین. ئەوەش بە نۆبەی خۆی تا ڕاددەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە، کە چاودێریی تەندروستیی تا ڕادەیەکی وەها زۆر مەسەلەیەکی گشتییە. بۆیە پرسیاری گرنگ بۆ داهاتوو ئەوەیە کە، ئێمە چۆن دەتوانین سەرمایەی زیاتر بۆ چاودێریی تەندروستیی وەدەست بێنین- نەک ئەوەی کە چون پەرە بە تایبەتی کردن بدەین کە لە خۆیدا هیچ ڕێگا چارەیەک بۆ کێشە سەرەکییەکە نییە.

## مەسەلە تەنیا تێچوونەکان نییە

ئەو پرسیارەی کە ئایا چاودێریی تەندروستی، خزمەتگوزارییەکان و پەروەردە و فێر کردن دەبێ لە لایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەڕێوە بچن یا خود لە لایەن پێکهاتە گشتییەکان تەنیا مەسەلەی تێچوونەکان نییە. ئەوە هەروەها مەسەلەی چۆینیەتی تاقیکردنەوەی ڕێسا بنەرەتییەکان بە

کردەوەیە، شتێک کە هۆی سەرەکیی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە لە ڕێگای باج وەرگرتنە: ئەوان دەبێ بە شێوەیەکی یەکسان بۆ گشت کەس لە بەر دەست دابن. بڕیاردەری بەرهەمهێنانی ئەوان دەبێ پێویستییەکانی خەڵک بێ، نەوەک ئاستی سوودبەخشیی ئەوان.

بەڵام خاڵی دەستپێکی بازرگانیی ئازاد هەمیشە دەبێ سوودبەخشیی بێ؛ خاوەنەکان دەبێ بە قازانجی ئەوان بژیوی خۆیان دابین بکەن. لە ئاکامدا مرۆڤ تێدەکۆشێ کە تێچوونەکان لە ئاستێکی نزمدا ڕاگرێ نەوەک تەنیا لە ڕێگای کارکردنی کاریگەرتر بە واتایەکی گشتیی بەڵکوو بە خۆ بواردن لە هەندێک کار کە تێچوونی لەوانیتر زیاترە، وەک ئەو نەخۆشانەی کە پێویستییان بە چاودێریی پزیشکیی گران هەیە یا ئەو قوتابییانەی کە پێویستییان بە یارمەتیی تایبەتیی هەیە. لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی کە لایەنەکانی بازرگانیی ئازاد بە هێزن هەمیشە مەیلێک بۆ جیاکردنەوە هەیە، ئەوە بەو مانایە نییە کە گشت ناوەندی چاودێریی تەندروستیی یا کۆمپانیای پەروەردە و فێرکردن بە شێوەیەک کار دەکەن کە خەڵک جیا بکەنەوە، بەڵام کاتێک کە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتیی سەرنج دەداتە سیستەمەکە، ئەو خولیایە زۆر ئاشکرایە. ئەوە شتێکە کە دەبێ لە کاتی گفتوگۆ لە سەر شێوەی بەڕێوەبەریی خزمەتگوزارییەکان کە ئاخۆ گشتیی بن یا خود تایبەتیی لە بەر چاو بگیرێ.

هیچ هۆیەکی سادە بۆ ڕەت کردنەوەی بێ ئەملاوئەولای بازرگانیی ئازاد لە ناو کەرتی کۆمەلایەتییدا نییە. لە سەرووی هەموان هیچ هۆیەک نییە کە ئێمە خۆ بە شتێکەوە گرفتار بکەین کە لە پلەی یەکەمدا شێوازی چارەسەریی ڕێکخستنە، ئەو شێوازانە دەبێ بە لە بەرچاو گرتنی پێویستییەکانی چالاکییەکان داڕێژرێن، و وا وێدەچێ کە هەڵبژاردنی شێواز بەستراوەتەوە بە ئەوەی کە چ شتێک دەبێ بکرێ. بازرگانیی ئازاد لەوانەیە بۆ هەندێک کەرتی خزمەتگوزاریی گشتیی گونجاو بێ بەڵام بۆ هەندێکیتر وا نییە.

بە شێوەیەکی گشتیی، ئێمە پشتگیریی ئەو بۆچوونە دەکەین کە ئەو ڕێگاچارانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەل بە پێی مەرجەکانی بازاڕ گونجاون، ناکرێ بێ ئەملاوئەولا بۆ بەرهەمهێنانی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێویستییەکان بڕیاردەریانن کەڵکیان لێوەرگیرێ؛ مەرجەکان لە هەر دوو حاڵەتدا زۆر جیاوازن. بڕیاردەر بۆ باشیی ڕێگاچارەکان لە پێوەندیی لە گەڵ بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، دەبێ ئەو مەرجە تایبەتییانە بن کە ئەو خزمەتگوزارییانە دەگرنەوە. بڕیار دەر نابێ ئەو مەرجانە بن کە شێوازی بە تەواو جیاوازی بەرهەمهێنان دەگرنەوە.

ئەزمونەکانی سوێدی و ناونەتەوەیی نیشانی دەدەن کە ئەو هۆیەی کە بۆ "تایبەتیی کردن" واتە کەمکردنەوەی تێچوونەکان و زیاتر کردنی گۆڕان/ فرە چەشنی باسی لێوە دەکرێ، لە ناو کەرتی گشتیی بە هەمان باشی و بگرە باشتریش دەستەبەر دەبن. بەو مەرجە کە کەرتی گشتیی بۆ وەڵامدانەوە بەو داواکارییانە ڕێکبخرێ. لە لایەکی ترەوە پێویستیی پێشگیریی لە پەراوێز خستنی ئەو هاوڵاتییانەی کە کەمتر " سوود بەخشن" ، شتێک کە بەرهەمهێنانی گشتیی بە تایبەتیی بۆ خۆ بواردن لەوە دروست بووە، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ناتوانن بە شێوەیەکی دڵخواز جێبەجێی بکەن.

ئاکامەکە ئاشکرایە: بەرهەمهێنانی گشتی دەبێ وەک بەشێکی گرنگی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی تا داهاتوویەکی زۆر دوور بمێنێتەوە. لەو بارەوە پێویستە کۆمەڵگا بڕیاری یەکلاکەرەوەی بۆ خودی بەرهەمهێنان هەبێ، بە تایبەتی کاتێک کە مەسەلەی ڕێژەی گشتگریی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە ڕێگای باج دابین دەکرێن لە ئارا دابێ.

قۆناغی دەوڵەتی غەیرە سوسیالیستی ١٩٩٩ـ١٩٩١ ئەو هەلەی ڕەخساند کە پزیشکان بتوانن نووسینگەی تایبەت بکەنەوە و قوتابخانەی کەرتی تایبەت بە ئازادی دەستبەکار بن. لە ڕاستییدا ئەوە مەسەلەی دەرهێنانی

ئازاد لەسەرمایەی باج بوو: ئەوانەی کە قوتابخانەیەکی تایبەت یا خود نووسینگەیەکی پزیشکییان دەکردەوە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو کە بە ئیشتیای خۆیان داوای قەرەبوو کردنەوە لە حکومەتی ناوچەیی بکەن. ئەوە بە بێ لە بەرچاو گرتنی ئەگەری پێویستیی قوتابخانەکە یا خود نووسینگەکە، لە بەراورد لە گەڵ ئەو پێویستییانەی کە هەبوون و ئەو کێشانەی کە دەبوو چارەسەر بکرێن.

هەر چۆنێک بێ دابینکردن لە ڕێگای باج، سامانێکی بێ سنوور نییە. کاتێک کە تێچوونەکان لە بەشێکی سیستەمەکە زیاد بکەن دەبێ لە هەندێک بەشیتری سیستەمەکە پاشەکەوت بکرێ. ئەوە شتێکە کە لە پرۆسەی سیاسەتی دێموکراتیکی بڕیاردان ئەنجام دەدرێ؛ پێویستییە جیاوازەکان و داخوازییە جیاوازەکان لە گەڵ یەکتر لە چوارچێوەی ئەو سامانانەی کە لە بەر دەستدان بەراورد دەکرێن، بە شێوەیەک کە پارە بە شێوەیەک دابەش بکرێ کە بە باشترین شێوە پێویستییەکان دابین بکا.

ئەوە بەو مانایەیە کە هەموو پێویستییەکان و داخوازییەکان دابین ناکرێن؛ هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا دابینکردن لە ڕێگای باج سامانێکی بێ سنوور نییە، کەوابوو ئەوە سروشتییە کە هەندێک داواکاریی دەبێ ڕەت بکرێنەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایایە کە هەموو کەس وەک یەک دەرفەتی کارتێکەریی لە سەر پرۆسەی بڕیاردانیان هەیە، هیچ کەس مافی لە پێشدا دیاریکراوی پێشترێتی نییە کە گشت پێویستییەکانیتر ژێر پێ بنێ. ئەوە هەروەها بەو مانایەیە کە هاوسەنگییەک لە نێوان داخوازییە جیاوازەکان لە ناو پرۆسەیەکدا دروست دەکرێ کە بۆ پێداچوونەوەی گشتیی کراوەیە، کە لەوێدا بیروڕا دەتوانرێ دروست بکرێ، دەکرێ کەڵک لە کارتێکەریی وەرگیرێ و کە لەوێدا بڕیاری ناتەواو هەر دەم دەکرێ ڕاست بکرێنەوە، ئەگەر بڕیاری نوێ یا هەندێک ئەزموون نیشانی بدەن کە ئەو ڕاست کردنەوانە پێویستن.

بەڵام کاتێک کە حکومەتی ناوچەیی هەر وا بەسادەیی دەکرێتە بەرپرسی دابینکردنی پارە بۆ ئەو خزمەتگوزارییانە کە ئەوان تەنانەت دەسەڵاتی شوێن و چۆنییەتی دامەزرانیان نییە، ئەوکات پرۆسەی دێموکراتیک بەلاڕێدا چووە. تێچوونەکانی دامودەزگاکانی تایبەت پێشترێتی زۆر ئاشکرایان هەیە، بە بێ لەبەر چاو گرتنی گرینگیی ئەوان، لە بەراورد لە گەڵ پێویستییەکانیتر لە ناو قوتابخانەکان یا خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی، دەبێ پارەکەیان بدرێ، و ئاکامەکەی ئەوەیە کە دەبێ لە تێچوونەکانی هەندێک بەشی تری سیستەمەکەدا پاشەکەوت بکرێ.

حیزبە غەیرە سوسیالیستییەکان ئەوە وەک ڕێفۆرمێک وەسف دەکەن کە ئازادی هەڵبژاردن پەرە پێدەدا. هەڵبەت ئەوە ئازادی ئەو لایەنانەی زیاد کرد کە دەیانهەویست قوتابخانەی تایبەتیی خۆیان بکەنەوە و ئەوانەی کە دەیانهەویست دیدەنگەی پزیشکیی خۆیان دامەزرێنن. بەڵام کڕینی ئەو ئازادییە لە سەر حیسابی خەڵکیتر بوو. بۆ ئەو کەسانەی کە ئاواتی درێژەدان بە خوێندن لە قوتابخانەکانی حکومەتی ناوچەییان هەبوو، یا ئەوانی کە کێشەی تەندروستیی ئەوتۆیان هەبوو کە دیدەنگە تایبەتەکان نەیاندەتوانی چارەسەری بکەن، تەنیا ڕێگا چارە قایل بوون بەو کەموکووڕییە بوو کە دامەزراوە تایبەتییە تازەکان بۆیانی بە دیاریی هێنابوو. ئەوان هیچ دەرفەتی گۆڕینی ئەو شێوە بەرێوەبەرییەیان نەبوو.

ئەوە شێوە ڕێکخستنێکی نادروستە. مرۆڤ ناتوانێ باج لە هاوڵاتییان بستێنێ بۆ مسۆگەر کردنی هەندێک خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی وەک قوتابخانە کە بۆ گشت کەس کراوە بێ، و دواتر شێوەیەکی نوێی ڕێکخستن پێشکەش بکا کە بەو مانایە بێ کە باجدەرەکان بە کردەوە ڕێگای هیچ کۆنترۆڵێکیان بە سەر چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لە پارەکە نەبێ.

ئەوە شتێکی جێگای پەسەندە و هەر وەها پێویستە کە فرەلایەنی و جۆراجۆریی لە ناو خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش کراو لە لایەن کەرتی گشتییەوە هەبێ. خەڵک جیاوازن و هەر کام دەبێ دەرفەتی یەکسانیان

هەبێ بۆ دیتنەوەی ئەو شتەی کە بۆ ئەوان باشترینە، کەوابوو دەبێ ڕێگا چارەی جێگر هەبن کە ئەوان لە ناویاندا هەڵبژێرن. بەڵام دەبێ بە ڕوونی بگوترێ کە ئازادی هەڵبژاردن قەت ناتوانێ بێ سنوور بێ چونکە سامانەکان ـ واتە داهاتی باج ـ بێ سنوور نین. هەروەک گوتمان، دێموکراسی ئەوە نییە کە مرۆڤ هەمیشە هەرچی ویستی وەدەستی بێنێ. لە هەمووان کەمتر مافی ئەوەی کە هەرچی پێت خۆش بوو بە پارەی خەڵکیتر بیکەی واتە پارەی باج.

دێموکراسی مافی بەشدار بوون لە پڕۆسەی بڕیاردانە، کە لەو ڕێگایەوە ئێمە وەک هاووڵاتی، بڕیار دەدەین کە کام چارەسەرییانە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی گشتییەوە باشترینن. ئەگەر چی ئەوە بەو مانایە بێ کە هەندێک ویستی تاکیی نەتوانرێ دابین بکرێن، لانیکەم لەو ڕوویەوە کە نەتوانرێ ئەوان لە ڕێگای سیستەمی باج دابین بکرێن.

## بەرپرسیاریی تاکیی

ئەو پێویستییە جیاوازانەی کە دەبێ لە هەر کۆمەڵگایەکدا دابین بکرێن ـ پەروەردە کردنی منداڵان، پێویستیی بەساڵداچووان بۆ پشتگیریی، هەنگاوەکانی دژی بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان ـ هەرگیز ناتوانێ تەنیا لە ڕێگای هەوڵەکانی گشتیی دەستەبەر بکرێن. ئەوەی کە "کۆمەڵگا" دەتوانێ ئەنجامی بدا دابینکردنی مەرجەکانی پێویست بۆ ژیانێکی باش بۆ هاووڵاتییانە. بەڵام "کۆمەڵگا" قەت ناتوانێ بڕیار بدا کە چۆن هاوڵاتییان ئەو دەرفەتانە بە کار بێنن، ئەوە مەسەلەی بەرپرسیاریی خودی تاکە.

"کۆمەڵگا" دەتوانێ دەرفەتی باش بۆ خوێندن بۆ هەموو کەس مسۆگەر بکا ـ بەڵام ئەوە تاکە کە دەبێ هەڵبژێرێ کە چۆن بە باشترین شێوە کەڵکی لێوەر گرێ. "کۆمەڵگا" دەتوانێ بۆ مسۆگەر کردنی مەرجی باش بۆ گەشەکردنی منداڵان و خەڵکی لاو یارمەتیدەر بێ، بۆ وێنە لە ڕێگای دابینکردنی پشتگیریی ئابووری بۆ ئەو بنەماڵانەی کە منداڵیان هەیە و لە

ڕیگای دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئاگاداریی لە منالان کە بە باشی بەڕێوە بچن. هەر چۆنێک بێ ئەوە تاکەکان بۆخۆیانن ـ نەک تەنیا دایک و باوکەکان بەڵکوو هەموو گەورە سالان ـ کە بڕیار دەدەن بەرهەمی ئەو دەرفەتانە چی بێ، و ئەویش بە تەرخانکردنی کات و گرنگییدان بە منالان، بە دانانی سنوور کاتێک کە سنووردانان پێویستە، بە ئاگادار بوون لەو ڕاستییە کە ئەوەی ئەوان خۆیان ئەنجامی دەدەن کارتێکەریی دەبێ لە سەر منال و لاوەکان. "کۆمەڵگا" دەتوانێ سیستەمێک بۆ ئاگاداریی کردن لەو کەسانەی کە هۆگری ماددە سڕکەرەکان و سەرخۆشکەرەکانن دروست بکا، ئەو دەتوانێ شێوازی جیاجیا بۆ پێشگرتن لە کڕین و فرۆشی ماددە سڕکەرەکان بە کار بێنێ و دەسەلاتی خۆی بۆ ئاڵوگۆڕ لە عادەتی خەڵک لە پەیوەندی لە گەڵ خواردنەوەی سەرخۆشکەر بە کار بێنێ. بەلام ئەوە خەڵک بۆ خۆیانن کە دەبێ بۆ پێشگیریی لە بلاو بوونەوەی گیروگرفتی ماددە سڕکەرەکان شان وەبەر بەرپرسیاریی بدەن ـ چونکە ئەوە ئەو هەموو داخوازییە تاکییە بۆ خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان، ( تەنانەت بۆ ماددە سڕکەرەکانیش)، لە ژیانی کۆمەلایەتیی، لە ژیانی بازرگانیی، لە خولەکان و کونفرانسەکانە کە دەبێتە هۆی گیروگرفت بۆ خەڵک وەک تاک، ئەو گیروگرفتانەی کە "کۆمەڵگا" دەبێ تێبکۆشێ لە ڕێگای دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێرانە چارەسەریان بکا.

لەبەر ئەو هۆیە کەرتی گشتیی نابێ بە شێوەیەک ڕێکبخرێت کە هەست بە بەرپرسیاریی لە خەڵک بستێنێتەوە، ئەو نابێ گیروگرفتەکانی کۆمەلایەتی بکاتە ئەرکی فەرمانبەرانی پسپۆر بە تەنیایی. هۆی باش هەن بۆ ئەوەی کە سوسیال دێموکراتەکان بە چاوێکی ڕەخنەگرانە بڕواننە خۆیان. بێگومان قۆناغی وا هەبوون کە سوسیال دێموکراتەکان هەڵوێستیان لە دژی دەستپێشخەرییەکان بۆ دامەزراندنی ناوەندی هەرەوەزیی چاودێریی منالان لە لایەن دایک و باوکان، چالاکیی خۆبەخشانە لە ناو کەرتی کۆمەلایەتی، یا خەڵکی لاو کە حەزیان لە گرتنە دەستی بەرێوەبەریی ناوەندەکانی لاوان بە پێچەوانەی بەشێک لە بڕگەکانی یاسای بیناسازی هەیە گرتووە. ئێمە لەوانەیە لەبیرمان کردبێ کە کاتێک کە باس لە

"بەرپرسیاریی کۆمەڵگا" دەکەین، ئەو کۆمەڵگایە فەرمانبەرە پسپۆرەکانی دەوڵەتیی یا حکومەتی ناوچەیی نین بە پێچەوانە ئەوە هاوڵاتییان بۆ خۆیانن.

سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەندێک ماف بۆ خەڵک دابین دەکا. بەڵام ئەو هەروەها داخوازیشی هەن. "بۆ هەمووان بە پێی پێویستییەکان، لە هەمووان بە پێی توانا" وتەیەکی بەناوبانگی لویس بلانک (Louis Blanc)، سوسیالیستی فەرانسەوی سەدەی نۆزدەیە، ئەو وتەیە نیشان دەدا کە ئەوە هەم مەسەلەی مافەکانە و هەم بەرپرسیارییەکان.

کە وابوو بە شێوەیەکی ئاشکرا، کەرتی گشتی دەبێ جۆرێک کار بکا کە ڕێگا بە خەڵک بدا کە ئەو بەشە پێویستەی بەشداریی تاکیی، لەو بوارانەدا کە خۆیان دەگرێتەوە بە کار بێنن، مناڵەکان و دایک و باوکان لە قوتابخانەکان، نەخۆشەکان و کەسوکاری ئەوان لە چاودێریی پزیشکی، لە هەوڵە خۆبەخشەکانی بواری وەک کاری لاوان و یارمەتیی بە پیران. ئەگەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان ببنە شتێک کە بە شیوەیەکی سست و نا چالاکانە کەڵکیان لێ وەرگرێ، و بەرپرسیارییەک کە مرۆڤ تا ڕاددەیەک بە ناچاریی لە ڕێگای دانی باج خۆی لێدەرباز بکا، ئەو کات ئێمە هەڵوێستێکی بێلایەنانە و نا بەشدارانە لە کۆمەڵگا بە گشتیی دروست دەکەین، کە لە کۆتاییدا، لەوانەیە دێموکراسیش بگرێتەوە. بەڵام ئەگەر کەرتی گشتیی، پێشمەرجەکەی ڕاددەیەک لە بەشداریی تاکەکان و تێوەگلانی ئەوان بێ ئەوکات ئەوە هەم هەست بە بەرپرسیاریی و هەم بەشداریی لە کۆمەڵگا دروست دەکات.

هەڵبەت چالاکییە خۆبەخشەکان قەت ناتوانن جێگای بەرپرسیاریی کۆمەڵگا یا بەرپرسیاریی گشتی لە مسۆگەر کردنی خزمەتگوزاریی وەک چاوەدێریی پزیشکی، پەروەردە و فێر کردن و خزمەتگوزارییەکانی کۆمەلایەتی پڕ بکەنەوە. نەشتەرگەریی ڕیخۆڵەکوێرە دەبێ لە نەخۆشخانە بەڕێوە بچێ. ئەوانەی کە تووشی هەڵاوانی ڕیخۆڵەکوێرە دەبن نابێ

پێویست بکا کە پشت بە یارمەتیی خۆبەخشانەی هەڤاڵەکان و خزمەکانیان بۆ بەرێوەچوونی نەشتەرگەرییەکە ببەستن. ئەوە شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە کاتێک کە دەڵێین ئێمە وەک مرۆڤێک دەتوانین ئەرکی نەخۆشەکان و پیران کە هەست بە تەنیایی دەکەن بگرینە ئەستۆ. بەڵام لە ڕوانگەی کەسێکی نەخۆشەوە، بێگومان بێ مەترسییترە ئەگەر خەڵک لە لایەن ڕێکخراوی یارمەتیی ماڵ (سەر بە ئەنجومەنی شار) لە کاتی دیاریکراو بێن و یارمەتیی پێشکەش بکەن، لە جیاتی پشت بەستن بە بەزەیی کرێکاری خۆبەخش. ئەوە هەروەها گرنگە کە لەبیرمان بێ کە ڕێکخراوێکی ناپێشکەوتووی کۆمەڵایەتی بۆ چاودێریی پزیشکیی، ئەرکی ئێجگار قورس دەخاتە سەر شانی خزم و کەسی ئەو کەسانەی کە پێویستییان بە پێڕاگەیشتنی تایبەتیی هەیە و هەروەها ئەوانی کە کەسێکی نێزیکیان بە سەختی کەمئەندامە: بەرپرسیارییەک کە بە کردەوە زۆرجار دەکەوێتە سەر شانی ژنان و کە دەبێتە هۆی سنووردار کردنی ئازادی هەڵبژاردنی ئەوان.

کێشەیەکی کە ئێمە لە داهاتوودا بەرەوڕووی دەبینەوە ئەوەیە کە هاوسەنگییەکی شیاو لە نێوان بەرپرسیاریی گشتیی وەک کۆمەڵ و بەشداریی تاکەکان ببینینەوە. بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر گرینگیی پەرەپێدانی شێوازی بەشداریی هاوڵاتییان لەو خزمەتگوزارییانەی کە بۆ خودی هاوڵاتییان زۆر گرینگن. بەڵام هەروەها لە بەر ئەوەی کە دەتوانێ سەرمایەکان بۆ پەرە پێدانی کەرتی پەروەردە و فێرکردن و هەوڵی زۆرتر بۆ چاودێریی پیران ئازاد بکا، دوو شوێن کە ئێمە دەزانین کە لە دەیان ساڵی داهاتوودا داخوازی بۆ ئەوان لە زیاد بووندا دەبێ و دوو شوێن کە بێگومان لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە گەلێک گرینگن.

کە وابوو ئەوە هەڵەیە کە کەرتی گشتیی وەک شتێک کە پێچەاونەی "کۆمەڵگای مەدەنی" و بەشداریی هاوڵاتییان سەیر بکرێ. لە ڕاستییدا ئەوان دوو ڕووی یەک سکەن. کەرتی گشتیی و بەشداری تاکەکان ناتوانن جێگای یەکتر بگرنەوە؛ مەسەلەکە زۆرتر بەوشێوەیە کە ئەوان بە یەکتر

بەستراونەوە. بەشداریی هاوڵاتییان لە خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتییدا بۆ دێموکراسی پێویستە. بەڵام ئاسایشی ئابووریی سەرەکیی و کۆنترۆڵی مرۆڤ بە سەر ژیانی خۆیدا، کە لە ڕێگای خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتییەوە دابین دەکرێن، بە نۆبەی خۆی مەرجێکە بۆ توانایی خەڵک بۆ زاڵبوون بە سەر کێشەکانی ژیان و بۆ بەشدار بوون. هیچ شتێک وەک هەستی بێ دەسەڵاتیی خەڵک سست و ناچالاک ناکا، کاتێک کە دەردەکەوێ کە خەڵک چیتر کۆنترۆڵیان بە سەر ژیانی خۆیاندا نییە.

## سەردەمێکی نوێ

جووڵانەوەی کرێکاریی منداڵی کۆمەڵگای پیشەسازییە. ئەو وەک شۆڕشێک بە دژی بێدادیی زۆر قووڵی سەرەتای کۆمەڵگای پیشەسازیی سەری هەڵدا. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە سەرمایەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیی بوون کە ئەو دەرفەتەی بۆ جوڵانەوەی کرێکاریی دروست کرد کە کۆمەڵگا بگۆڕێ.

لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٤٠ قۆناغێکی درێژخایەنی چاکسازیی دەستی پێکرد، قۆناغێک کە پتر لە ٣٠ ساڵی خایاند؛ ئەو قۆناغە هەندێک جار پێی دەگوترێ قۆناغی دروێنەی سوسیال دێموکراسی. لەو قۆناغەدا بوو کە بیمەی کۆمەڵایەتی دامەزرا، خوێندنی سەرەتایی هاتە ئاراوە و خوێندنی ناوەندی پەرەی پێدرا، خانوە کۆنەکانی گەڕەکی هەژاران لە ناو چوون، یاسای کار پەسەند کرا، چاودێریی پزیشکی بە شێوەیەکی بەرفراوان پەرەی پێدرا هەر وەها چاوەدێریی منداڵان و چاودێری پیران. هەموو ئەو چاکسازییانە ڕەنگدانەوەی ویستی سیاسی بوون، ویستی باشتر کردن، پر ئاسایشتر کردن، دادپەروەرانەتر و یەکسان کردنی کۆمەڵگا بۆ خەڵکێکی زۆر لە ژیانی کاردا. ئەوە بەهاکانی سوسیال دێموکراسی بوون کە ئەو سیاسەتەی بۆ دابەشکردنەوەی دادپەروەرانە داڕشت، بەڵام ئەوەی کە سەرمایەی بۆ ئەو دابەشینەوە دەستەبەر کرد، بێگومان ئەو سامانانە بوون کە کۆمەڵگای پەرە ئەستێنی پیشەسازیی دروستی کردبوون.

دەیان ساڵ پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، هەموو دونیای ڕۆژئاوا قۆناغێکی بەردەوامی گەشە کردنی ئابووریی بە خۆیەوە دیت. لە پشت ئەو گەشەکردنە ئاوەدان کردنەوەی ئوروپایەکی وێران دوای شەڕی جیهانی بوو، بەڵام بەشێکیش دەگەڕێتەوە سەر پێشکەوتنی تەکنیکی، بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵی کەلوپەلی وەک ئوتۆمبێل، بەفرگر و تەلەفزیۆن. چەندین فاکتەر وەسەر یەک کەوتن و ئەو هەلەیان بۆ سوێد ڕەخساند تا بە شێوەیەکی

سەرسوڕهێنەر کەڵکیان لێ وەرگرێ. باشیی و لێهاتوویی پیشەسازیی سوێدی هەڵبەت بەردی بناغە بوو، بەڵام فاکتەرێکی زۆر گرینگی تریش هەبوو کە دواتر بە "مودێلی سوێدی" ناسرا. ئەو بناغەی لە سەر هاریکاریی لایەنەکانی بازاڕی کار دامەزرابوو کە لە گەڵ سیاسەتی ئابووری، لە سەر یەک سەقامگیریی و کاریگەریی دروست کرد؛ ئەو مۆدێلە هەنگاوەکانی برەودان بە وەبەرهێنان و کەڵکوەرگرتنی کاریگەرتر لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە گەڵ سیاسەتی دابەشینەوە تێکەڵاو کرد، کە هەموو کەس بەشێکی لە پێشکەوتنی ئابووری بەرکەوت. لە ئاکامدا خەڵک حازر بوون کە زەختی ئابووریی پیشەسازیی بۆ ئاڵوگۆڕ قبووڵ بکەن.

لە ناوەڕاستەکانی حەفتاکاندا ئەو ڕەوتە هێواش بۆوە. بە شێوەیەکی زۆر ساکار، ڕێژەی ئەو گەشە کردنە ئابوورییە لەبەر ئەو هۆیە دابەزی چونکە ئەو چەشنە داخوازییانەی کە گەشە کردنی ئابووری لە ئاستێکی بەرز ڕاگرتبوو بە ئاکامی خۆی گەیشتبوو. لە سەرووی ئەوە گۆڕانکاریی تریش لە ئارا دابوون:

- پێشکەوتنی تەکنیکی کە بووە هۆی ئەوە کە ناوەندە پیشەسازییەکان بتوانن بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی مرۆیی کەمتر، ڕێژەی بەرهەمهێنانیان زیاد بکەن.
- شێوازەکانی نوێی بازرگانیی ناونەتەوەیی و زیاد بوونی کێبڕکێ لە لایەن نەتەوەکانی نوێی پێشکەوتوو لە بواری پیشەسازییەوە.
- شارەزایی زیاتر لەو بارەوە کە شێوەی کۆمەڵگای پیشەسازیی تا ئێستا، زەختی ئێجگار قورسی خستۆتە سەر ژینگە و سامانە سروشتییەکان و کە دەبێ هەم بەرهەمهێنان و هەم بە کار هێنان لە گەڵ توانای ژینگە و ڕێژەی سامانە سروشتییەکان بگونجێن.

ئەگەر بمانهەوێ دەستەواژەی مارکسیستی بە کار بێنین، مرۆڤ دەتوانێ باس لە ئاڵوگۆڕی بەربڵاو لە هێزەکانی بەرهەمهێناندا بکا. ئەو چەشنە ئاڵوگۆڕانە شوێنی نوێی دەسەڵات لە ئابووری و سیاسەتدا دروست دەکەن و گۆڕانکاریی لە پێکهاتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێ. ئەوە

بەو مانایەیە کە ئامرازە کۆنەکانی سیاسی چیتر وەک پێشدا کاریگەر نابن، و دەبێ ستراتیژی نوێ بە لەبەر چاو گرتنی ڕاستی نوێ داڕێژرێن.

## ئەوەی گۆڕانکاریی نایخوازێ

سوسیال دێموکراسی کێشەی تێگەشتن لە پێویستیی بیری نوێی هەبووە. دوای دەیان ساڵ سەرکەوتنی بێپسانەوە و هاوکات بوونی ئەو هەستە کە ئێمە بە سەر ئامرازی گەیشتن بە هەرچی پێویستمان بێ زاڵین، ڕەنگبێ هەندێک بەربەستمان دروست کردوون کە پێش لەوە دەگرن کە ئێمە هەست بەوە بکەین کە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو ڕێبازێکی نوێ وەرسوڕاوە، و کە ئەمڕۆ ئێمە لە گەڵ کێشەی نوێ بەرەوڕووین.

باس لە سەر ئەو پێویستیی بۆ ئاڵوگۆڕ لە بەر ئەو ڕاستییە دژوار بوو کە حیزبە غەیرە سوسیالیستییەکان گیروگرفتەکانی ئابووری سوێدی وەک ئاکامی سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی گشتیی وەسف دەکەن، هەر چەند هەڵسەنگاندنێکی خێرای بارودۆخی باقی جیهانی ڕۆژئاوا، نیشانی دەدا کە گیروگرفتەکان لە هەموو وڵاتانیتر هەر وەک یەک بوون. پێویستیی لێکدانەوەیەکی نوێ لە سەر ڕاستییەکان لە لای زۆر کەس وەک پێویستیی پێداچوونەوە بە سەر بەهاکانی یەکسانیی و دادپەروەریی و خۆبەدەستەوەدان بەرامبەر بیری کۆنەپارێز سەیر دەکرا. بەڵام گیروگرفتەکانی سوێد لە نەوەدەکاندا لەو ڕاستییەوە سەرچاوەیان نەگرتبوو کە ئێمە سەرمایەگوزاری "ئێجگار زۆر"مان لە ئاسایشی کۆمەڵایەتییدا کردبوو یا کۆمپانیاکان ئازادی " ئێجگار کەم"یان لە هەڵسوکەوت کردندا هەبوو و کە هەموو کێشەکان تەنیا بەوە چارەسەر دەکران کە ئێمە هاوسەنگیی نێوان سیاسەتی ئاسایشی گشتییمان گۆڕیبا و هەڵوێستی باشمان بەرامبەر بە بازرگانیی ئازاد گرتبا. هەندێک دیاردەی تاکیی لە سیاسەتەکانی پێشووی ئێمەدا هەن کە دەکرێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ، بەڵام

گرینگترین هۆ بۆ گیروگرفتەکانی ئەمڕۆی ئێمە دەگەڕێتەوە سەر ئەو ئاڵوگۆڕە بنەرەتییانەی کە لە سیستەمی تەکنیکی و ئابوورییدا هاتوونە پێش ـ توێژەرەکان زۆرجار ئەوە وەک "خاڵی وەرچەرخان" ناو دەبەن. سیاسەتەکانی سوسیال دیموکراسی لە شەستەکان و حەفتاکاندا بۆ هەڵسوکەوت لە گەڵ بارودۆخی ئێستا گونجاو نین، بەڵام داخوازییەکانی نوێ لیبراڵییش کە لە داخوازییەکانی ساڵەکانی ١٩٢٠ بۆ ئازادی بێسنووری سەرمایەداریی وەرگیراون گونجاو نین. سیستەمی نوێی بەرهەمهێنان پێویستیی بە جیاوازیی کۆمەڵایەتی زیاتر نییە، بە پێچەوانە ئەو پێویستی بە شێوازی نوێی بەرهەڵستییکردن و کەمتر کردنەوەی ئەوان هەیە.

بە ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر ڕابردوو ئێمە دەبینین کە ئامرازە سیاسییە کلاسیکەکانی حکومەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەر لە حەفتاکانەوە کاریگەریی خۆیان لەکیسدا، چونکە ئەو پەیوەندییە تەکنیکی و ئابوورییانەی کە سیاسەتی ئاسایشی کۆمەڵایەتییان لە سەر دامەزرا بوو، دەستیان بە گۆڕین کردبوو. کۆنەپارێزەکان ئەوەیان وەک بەڵگەیەک بۆ ئەو ڕاستییە وەرگێڕایەوە کە ڕەخنەی ئەوان لە سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی دروست بووە، و ڕێگا چارەش گرتنە بەری سیاسەتێکی زۆرتر "ڕوو لە بازاڕە". بەڵام بە ئاوڕدانەوەیەک بۆ سەر ڕابردوو دەبینین کە لە هەشتاکان، کاتێک کە ئەو ڕێگا چارەیە لە لایەن وڵات لە دوای وڵات بەڕێوە چوو هیچ یەك لە گیروگرفتە ئابوورییەکان چارەسەر نەکران. بە پێچەوانە لە هەشتاکان زۆر کێشەی نوێ و گەلێک دژواری کۆمەڵایەتیی سەریان هەڵدا. بێگومان پێناسە کردنی سەرەتایی گیروگرفتەکە هەڵە بوو.

دەوڵەتی غەیرە سوسیالیستی لە سوێد ١٩٩٤ـ١٩٩١، کە بە چاویلکەی ئایدیۆلۆژیکی سەیری ڕاستییەکانی دەکرد، بە سیاسەتەکانیان نموونەیەکی ئاشکرایان خستە ڕوو کە چۆن لێکدانەوەی چەوتی گیروگرفتەکان تەنیا

بووە هۆی قوولْتر بوونی خێرای ئەو قەیرانانەی کە ئەوان پێیان وابوو چارەسەری دەکەن.

سوسیال دێمۆکراسی ڕێگایەک بۆ نوێکردنەوەی ڕێگاچارە کۆنەکانی کۆنەپارێزەکان بۆ گیروگرفتەکان دەبینێتەوە. ئەو ئەرکە گرانەی کە ئێمە بەرەوڕووی دەبین، دیتنەوەی ئەو شێوازانەیە کە بە لەبەرچاو گرتنی پێکهاتەکانی سیاسی و ئابووری ئەمڕۆ، بۆ گەشەپێدان بە ئامانجەکانی ئازادی، یەکسانیی و هاوپەیوەندیی کاریگەر بن.

ئەمڕۆ گەڕان بە دوای "ڕێگا چارەی گشتگر"ی نوێ هیچ مانایەکی نییە، لە شێوەی سیاسەتەکانی بازاڕی کار و بەڕێوەبەریی ئابووری ساڵەکانی ١٩٥٠. ئەو ڕێگاچارانە کاتێک گونجاو بوون کە شێوەی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی ستاندارد بە شێوەیەکی بەر بلاّو و بۆ بازاڕە جەماوەرییەکان بە سەر ناوەندەکانی پیشەسازیی و بازاڕی کاردا زاڵ بوون. ئەوان لە سیستەمێکی پیشەسازیی کە لە سەر ڕێژەی کەمی بەرهەمی جیاجیا دامەزراوە کار ناکەن، یا بۆ بازاڕێکی کار کە لەوێدا کەرتی خزمەتگوزاریی بە داخوازییەکانی بۆ خۆ گونجاندن و لێهاتوویی هەمەلایەنە ئەو فاکتەرە سەرەکییانەن کە بەرەوڕوویان دەبین. لە جیات گەڕان بە دوای ڕێگاچارەی گشتگری بەربلاّو ئێمە دەبێ دەست بکەین بە دانانی بەشەکانی پازڵ لە پەنای یەکتر: ئەوە چەندین جۆر میتۆد لە پلەی جیاوازن کە بە سەر یەکەوە ئەنجامەکان دەستەبەر دەکەن.

## گەڕانەوە بۆ ساڵەکانی ١٨٩٠

ئێمە لە سەرەتادا وەسفی مەرجەکانی ژیانی کرێکاریی ناوەندە پیشەسازییەکان لە ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستامان کرد. ئاڵوگۆڕی ئێجگار زۆر لە پێوەندیی لە گەڵ ئەو مەرجانەدا هاتوونە ئاراوە، بەلاّم هەرچەند

ئاڵوگۆڕی گەلێک بەرچاو لە مەرجە دەرەکییەکاندا پێکهاتووە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئێستا لە کۆتایی ساڵەکانی ۱۹۹۰، سوسیال دێموکراسی بەرەڕووی هەمان شێوە گیروگرفتانە دەبێ کە لە سالەکانی ۱۹۹۰دا تووشی هاتبوو. ئەگەر سوسیال دێموکراسی کەڵکی لە قۆناغی دروێنەی نێوان ساڵەکانی ۱۹٤۰ و ۱۹۷۰ وەرگرت کە کاتی چنینەوەی میوەکانی هەوڵەکانی دەیان ساڵی پێشوو بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا بوو، ئێستا جارێکیتر خۆمان لە قۆناغێکدا دەبینینەوە کە دەبێ سەر لە نوێ ڕێگا بۆ دووپات بوونەوەی ئەو ئەزموونە خۆش بکەین. سیاسەت چیتر مەسەلەی کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتانە نییە کە لە پێشدا ئامادە کراون. سیاسەت دەبێ جەخت لە سەر دروستکردنی مەرجی نوێ بۆ سیاسەتی یەکسانیی و دادپەروەریی بکا. ئێمە ئەورۆ، هەروەک ساڵەکانی ۱۸۹۰، لە دۆخێک داین کە سیستەمێکی نوێی بەرهەمهێنان سەر هەڵدەدا، کە لەوێدا ئاڵوگۆڕی تەکنیکی و ئابووری پەیوەندیی نوێی دەسەڵات، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی نوێ و مەرجی نوێ بۆ سیاسەت دروست کردووە. ئێمە ئێستا، هەر وەک ئەو دەم، دەبینین کە چۆن ئەو کەسانەی کە بەر لە هەموو کەس کەڵکیان لەو دەرفەتانە وەرگەتووە کە تێکنۆلۆژی نوێ فدەستەبەری دەکا، هەر ئەو کەسانەن کە توانیویانە دەسەڵات و دارایی خۆیان زیاد بکەن.

ئێستا هەر وەک ئەوکات، ئێمە دەبینین کە چۆن کەلێنی نێوان ئەوانی کە لە سیستەمی نوێدا سەر دەکەون و ئەوانی کە دەدۆڕێن دەردەکەوێ. ئێستا هەر وەک ئەوکات، ئاڵۆزیی نوێ وەک ئەنجامی ئەو کەلێنانە لە کۆمەڵگادا سەر هەڵدەدەن؛ ئەوکات، خەڵک بە شێوەیەکی پڕ لە نیگەرانی باسیان لە "مەسەلەی کۆمەڵایەتی" و ئەو هەڕشەی کە لە لایەن چینی ژێر دەستی کرێکارەوە خۆی دەنواند دەکرد، ئەمرۆ نیگەرانییەکان جیا کردنەوە (segregation)، بێکاریی درێژ خایەن و پەرە ئەستاندنی توندوتیژی و تاوانکارییە. ئەوکات خەڵک بۆ "سیستەمی کۆمەڵایەتی دامەزراو" بە پەرۆش بوون؛ ئەوڕۆ ئێمە بۆ دێموکراسی بە پەرۆشین.

ئەورۆ وەک ئەوسا، هەستێکی ڕەشبینیی بەرامبەر بە داهاتوو لە ناو زۆر پیشە و پلەی کۆمەڵایەتییدا هەیە، ڕەشبینییەک کە لە گیروگرفتەکانی پرۆسەی گۆڕانکاریی سەرچاوەیان گرتووە، و خەڵک هەست دەکەن کە هیچ چارەسەرییەک بۆ ئەوان بەدی ناکرێ. لەوانەیە خەڵک هەست بکەن کە شتێکی کە ئەوان لە لایەن گەلێک گرینگ بوو، خەریکە لە ناو بچێت بە بێ ئەوەی کە لە جیات ئەو شتێکی تریان دەست کەوێ.

ئەو ڕەوتەی کە ئەوڕۆ ئێمە بەرەوڕووی دەبینەوە ڕیسک و مەترسیی زۆری تێدان، هەر وەک سەد ساڵ لەمەوبەر. ئەوە گرینگە کە ئێمە ئەوان ببینین و لێیان ئاگادار بین. بەڵام ئەورۆ هەر وەک ئەوسا دەرفەتی گەلێک بەرچاویش هەن.

کۆمەڵگای پیشەسازیی، لە قۆناغی سەرەتایی گەشەکردنییدا، گەلێک بێعەداڵەتیی و چەوساندنەوەی سەختی بەرامبەر بە دانیشتووانی کرێکار دروست کردن. جووڵانەوەی کرێکاریی توانی ئەوانە بە گشتی بگۆڕێ: بەشێکی بەرچاو لە سامانەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیی بۆ نەهێشتنی بێدادییەکان، بۆ وەدیهێنانی ئاسایشی ئابووری و بۆ زیاد کردنی دەسەڵاتی خەڵک بە سەر ژیانی خۆیاندا و هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەی تیایدا دەژیان کەڵکیان لێ وەر گیرا .

کۆمەڵگای نوێی زانیاریی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆیدا جیاوازی زۆر زەقی لە دەسەڵات و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروست کردوون، و بازاڕێکی کاری دروست کردووە کە لەوێدا دیاردەی زۆر بە هێزی چەوساندنەوە بەدیدەکرێن: ئەو کەسانەی کە کاریان هەیە ناچار دەکرێن بە شێوەیەکی هەر دەم خێراتر کار بکەن و بەرەوڕووی مەرجی زۆر سەخت لە پەیوەندیی لە گەڵ خۆگونجاندن دەبن، لە هەمان کاتدا تاقمێکی بەر چاو بە تەواویی یا خود تا ڕاددەیەک لە هێزی کاری ئاسایی دەر هاویشتراون. بێگومان ئەو دابەش کردنە نوێیەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری، تاهەتایە هەر وا نەگۆڕ نامێنێتەوە. ئاڵوگۆڕی گەلێک بەرچاوی ئابووری و

تەکنیکی لەو شێوەیەی کە جیهانی پیشەسازیی ئەورۆ تووشی بووە، لە هەموو کەرتەکاندا هاوهەنگاو نایەنە ئاراوە. ئاڵوگۆڕەکان لە هەندێک کەرت دەستپێدەکەن و ئەو ڕەوتە هەر دێتو خیراتر دەبێ، خەڵکی ناو ئەو کەرتانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە خەڵکیتر بۆ کەڵک وەرگرتن لەو ئاڵوگۆڕانە لە پێشترن، نەک تەنیا لە بواری ئابوورییەوە بەڵکو لە پەیوەندیی لە گەڵ دەسەڵاتی پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانیان لە سەر حیسابی خەڵکی تریش.

بەڵام ئەو تێکنۆلۆژییە نوێیە، ئەو زانیارییە نوێیە هەر دێتو زۆرتر تەشەنە دەکا و کەرتی زیاتری ناو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، و بەو شێوەیە پێشترێتی " کەرتە دەستپێکەرەکان" کە لە سەرەتاوە کەڵکیان لێ وەردەگرت کەم دەبێتەوە. هێزی بەرهەڵستکار وەک دژکردەوەیەک بە دژی مێکانیزمەکانی نایەکسانیی کە لە قۆناغی دەستپێکی ئاڵوگۆڕدا گەڵێک بە هێزن سەر هەڵ دەدەن، ئەو هێزە بەرهەڵستکارانەی کە کاریگەرییان لە سەر بەردەوامیی گەشەکردن دەبێ. ئەوە ئەرکی سوسیال دێموکراسییە کە وەک هێزێکی وەها بەرهەڵستکار ئیش بکا و بۆ پێکهاتنی هێزیتر لەو چەشنە یارمەتیدەر بێ.

ئەگەر مرۆڤ داهاتووی کۆمەڵگای پیشەسازیی وەک گەشە کردنی بەردەوامی مەرجەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ١٨٩٠دا پێش بینی کردبا، ئەوسا پێشبینییەکە بە تەواوی هەڵە دەبوو. بە هەمان شێوە هەڵەیە ئەگەر مرۆڤ مەرجە تایبەتییەکانی ئەورۆ لە بەرچاو بگرێ و لەوانەوە ئەنجامی دیاریکراو بۆ چۆنییەتی گەشە کردنی کۆمەڵگای نوێی زانیاریی کە لە سەر زانست دامەزراوە پێشبینی بکا. گەشەکردن ئەورۆ، هەر وەک رابردوو بەستراوەتەوە بە چۆنییەتی هەڵسوکەوتی ئێمە لە گەڵ ئەو.

ئەوانە چەند پرسیارێکن کە بە بڕوای ئێمە لە دەیان ساڵی داهاتوو دا بۆ سوسیال دێموکراسی ئێجگار گرینگن:

- داهێنانی شێوازی نوێی هاوکاری ناونەتوەیی بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕەکانی بازرگانیی جیهانیی و بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە بەرژەوەندییەکانی سەرمایە پێویستە.
- وەبەرهێنانی بەرچاو لە ناو کەرتی پەروەردە و فێر کردن بۆ بڵاو کردنەوەی زانست، فاکتەرێک کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بۆ بەرهەمهێنان گرینگتر دەبێ پیویستە.
- پەرە پێدان بە دەرفەتەکان بۆ دروست کردنی یەکسانیی، بۆ وێنە بە بڵاوکردنەوەی دەرفەتی کار لە ناوچەکاندا یا تێکەڵاو کردنی خەڵکی زیاتر لە دیالۆگی دێموکراتیکدا پێویستە.
- پێویستە سیاسەتی ژینگە بە سیاسەتی گەشەکردنی ئابووری و کار ببەسترێتەوە. سیاسەتی ژینگە، بە داواکارییە بە هێزەکانی لە پەیوەندیی لەگەڵ بەکارهێنانی هۆشیارانەی سامانە سروشتییەکان دەتوانێ ببێتە پارسەنگێکی گرینگ لە بەرامبەر زمانی دەسەڵات کە سەرمایەداران کەڵکی لێوەردەگرن.
- داهێنانی شێوازی دێموکراتیکی نوێ کە لە سەر پێویستیی بە هێزکردنی هاوکاریی سیاسی ناونەتەوەیی و لە هەمانکاتدا دەسەڵاتی دانیشتووان لە کۆمەڵگا ناوچەییەکانیان دامەزرابێ.

## سەرمایەداریی نوێ

زیاد بوونی جموجۆڵی ناونەتەوەیی سەرمایە دوو لایەنی هەن، یەکیان دەگەرێتەوە سەر پرسی سامانی وەبەرهێنان و ئەوەیتر سامانی دارایی (finance capital).

لە پێشدا سامانێک هەیە کە بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمهێنەر کەڵکی لێوەر دەگیرێ: کۆمپانیا پێشکەوتووە گەورەکان لە گشت دونیادا چالاکن و شوێنێک بۆ وەبەرهێنان هەڵدەبژێرن کە باشترین مەرجی لەو ڕوانگەیەوە هەبێ. ئەوە بەو مانایەیە کە زەختێک لە سەر وڵاتەکان وەک تاک هەیە ـ یا بە واتایەکیتر لە سەر دەستەیەک وڵات کە لە بواری تێکنۆلۆژی لە یەک پلە دان ـ بۆ دابین کردنی یەک شێوە یاسا بۆ باج، دیاریکردنی نرخ، یاسای کار و هتد. ئەوانی کە لە ڕوانگەی کۆمپانیاکانەوە مەرجی "لاوازتر" پێشکەش دەکەن، دەکەونە بەر مەترسیی لەکیسدانی وەبەرهێنان.

هەر چۆنێک بێ، ئەوە پێویست بە زەختێکی گشتیی بەرەوژێر لە سەر مووچە و یارمەتییەکانی کۆمەڵایەتی ناکا. ئەو کۆمپانیا مودێرنانەی کە بناخەیان لە سەر زانست دامەزراوە و تێکنۆلۆژی سەردەم بە کار دێنن شتی وەک فەرمانبەری خاوەن خوێندنی باڵا، ڕێگاوبانی پێشکەوتوو و دامودەزگای کۆمەڵایەتی لە سیستەمێکی سەقامگیری یاسایی و سیستەمی چاودێری تەندروستی کە بە باشی بەڕێوە بچن دەخوازن. ئەو داخوازییانە تەنیا لە وڵاتانێک دابین دەبن کە لە بواری تەکنیکی و هەروەها کۆمەڵگاوە گەیشتبنە پلەیەکی دیاریکراو لە پێشکەوتوویی، و بەشێکی زۆری سەرمایەگوزاری ناونەتەوەیی کۆمپانیاکان لە دونیای پێشکەوتوو هەر لە بەر ئەو هۆیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری پیشەسازییەوە بەڕێوە دەچێ. لەو حاڵەتەدا هەم دەنگدەران و هەم مووچەخۆران توانایی پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی

خۆیان لە دژی کۆمپانیاکانیان هەیە، چونکە کۆمپانیاکان بەستراوەن بە لێهاتوویی دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بە فەرمانبەرانیان. کە وابوو بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەرجانە، ترسێکی مەزنکراو لە ناونەتەوەیی کردنی بەرهەمهێنان بۆ دابەزاندنی ستانداردی ژیانی خەڵک لەو پلەیەی کە تا ئێستا بوویانە هەیە.

ئەگەر ئەو مەترسییە لە ئاراش دابێ، ئەوە لە بەر هۆکاری ترە. ئەوە کاتێک لە سوێد سەر هەڵدەدا کە سوێد نەتوانێ شانبەشانی بەرەوپێشچوونی زانست و لێهاتوویی بچێتە پێش، و ناچار بکرێ کە بەرهەمهێنانەکەی بگۆڕێ بەرەو بەرهەمهێنانی کەلوپەلی وەها کە ئاستێکی نزمتری تێکنۆلۆژی بخوازێ، کەرتێک کە لەوێدا ئێمە ناچار دەبین لە گەڵ وڵاتانێك کە ڕێژەی مووچە لەوێ لە خوارەوەیە پێشبڕکێ بکەین. لە بارودۆخێکی وەهادا هەم مووچەکان و هەم خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ بێنە پلەی ئەو وڵاتانەی کە ئێمە لەگەڵیان پێشبڕکێ دەکەین. هەر بۆیە ئێمە دەبێ خۆمان لە تووشبوون بە حاڵەتێکی ئەتۆ ببوێرین، و ئەوە کاتێک دەکرێ کە ئێمە سەرمایەگوزاریی زۆر بەرچاو هەم لە بواری پەروەردە و فێر کردن و هەم بردنە سەری ئاستی خوێندەوارییدا بکەین.

بەڵام ئەگەر پرۆسەی ناونەتەوەیی کردن وەک خۆی، نەبێتە هۆی دابەزاندنی مووچەکان و خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی، لە گەڵ ئەوەشدا یەکدەستکردنی یاساکانی ئابووری لە وڵاتە جیاوازەکان دەسەپێنێ. ئەمڕۆ وڵاتێک بە تەنیا، لە بەراورد لە گەڵ ساڵەکانی ١٩٦٠دا دەرفەتی کەمتری بۆ پەیڕەوی کردن لە سیاسەتی خۆی هەیە، سیاسەتێک کە لە پەیوەندی لە گەڵ مامەڵەکانی ئابووری، باج، گەشە کردنی مووچەکان و هتد زۆر لە هی وڵاتانیتر جیاواز بێ. مەیدان بۆ هەنگاوی سیاسی بەر تەسک بۆتەوە.

هەر چۆنێک بێ، لایەکەی تری ناونەتەوەیی بوونی سەرمایە زۆر جێگای نیگەرانییە. ئەویش مەسەلەی زیاد کردنی سەر سوڕهێنەری ڕێژە و هەروەها جموجۆڵی سەرمایەی داراییکاریی تۆخە ـ یا بە واتایەکیتر سەرمایەی پارەبازیی (speculation). لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٩٧٠ تا ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٩٨٠ بازرگانیی کەلوپەل سێقات زیادی کرد ـ بەڵام بازرگانیی پارە حەفتا قات. تەنیا دوو لە سەدی ئاڵوگۆڕی پارە لە جیهاندا هۆیەکەی بازرگانیی کەلوپەلە، ئەوەیتریان "کارگوزاریی پارەیە" واتە تا ڕاددەیەکی زۆر جموجۆڵی پارەبازانەی سەرمایەیە.

بازاڕی دارایی ڕێکوپێک ـ بۆ مامەڵە کردن بە بۆند، پشک و ئامێرە داراییەکانیتر ـ بۆ بەرهەمهێنان ئێجگار گرنگن؛ ئەوە بازاڕە داراییەکانن کە بەشێک لە سەرمایەی پێویستی کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنان دابین دەکەن. بەڵام ئەو شتەی ئەورۆ هاتۆتە ئاراوە، بە گەشە کردنی گەلێک بەرچاوی بازاڕەکانی دارایی، ئەوەیە کە ئەوان تا ڕاددەیەکی بەرچاو، لە "ئابووری ڕاستەقینە" دابڕاون، واتە لە بەرهەمهێنان، و زۆر سادە ژیانێکی تایبەت بە خۆیان دەبەنە سەر. ئەوە یاساکانی یاریی ئابووری دەگۆڕێ، بە شێوەیەک کە پەیڕەوی لەو شتەی کە کتێبەکانی ئابووری نیشتمانیی لە بارەی چۆنیەتی کارکردی ئابووری بازاڕ پێمان دەڵێن ناکا.

لە ساڵی ١٩٩٦ دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویان کردەوە کە چۆن بازاڕی پشکەکانی نیویۆرک لە خۆشیان هەڵبەزیەوە کاتێک کە هەواڵی دانەبەزینی بێکارییان پێگەیشت. بازاڕی پشکەکان زۆر سادە لەوە دەترسا کە زیاد کردنی ڕێژەی کار ببێتە هۆی چوونە سەری نرخ کە ئەویش بە نۆبەی خۆی ببێتە هۆی لەکیسچوونی سەرمایە. ئێمە گەلێک دوورین، نەک هەر لە کاتدا، لە هێنری فۆرد کەڵە پیاوی ئەمریکایی پیشەسازیی ئوتومبێل، کە لای وابوو پلەی خۆشگوزەرانیی هەر وڵاتێک پەیوەندیی هەیە بە ڕێژەی داهات:

هەرچی خەڵک کار و داهاتی زیاتریان هەبێ، ژمارەیەکی زۆرتر توانایی کڕینی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکانیان دەبێ.

بازاڕە زەبەلاحەکانی پارەبازیی کارتێکەریی خراپیان لە سەر کاریگەریی ئابوورییەکان هەیە. زۆر پسپۆری بواری ئابووری لە سەر ئەو بڕوایەن کە پلەی گشتیی سوود لە پەیوەندیی لە گەڵ وزەی بەرهەمهێنان لەوەی کە دەبێ بەرزترە. ئەنجامێکیتر ئەوەیە کە بازرگانیی جیهانیی ناسەقامگیرتر دەبێ.

هەر بۆیە ئەورۆ باسێکی گرینگ لە پەیوەندیی لە گەڵ گرتنەبەری ڕێگا چارەی شیاو کە ببێتە هۆی کۆنترۆڵی باشتری بازاڕەکانی دارایی لە ئارادایە، تەنانەت لە ناو ئەو تاقمە سیاسی و ئابووریانەدا کە لەوێدا مرۆڤ بە شێوەیەکی ئاسایی لایەنگریی بە هێزی سەرمایەی تاکیی دەبینێ. پێشنیارێک ئەوەیە کە باجێکی تایبەت بە سەر هەموو گواستنەوەکانی پارە لە ژمارە حیسابێکەوە بۆ ژمارەیەکیتر دیاریی بکرێ، و پارەکەش دەبێ بدرێ بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام ئەمڕۆ هیچکەس ئەو دەسەڵاتەی نییە کە ئەو باجە بچەسپێنێ؛ ئەوە پێویستیی بە شێوازی نوێی هاوکاریی ناونەتەوەیی هەیە.

وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێ بە هیوای چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی کە بازاڕی پارەبازیی ناونەتەوەیی دروستیان کردووە بێ، ئەوە هاوکاری پێویستە. یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی سوسیال دێموکراسی، لە گەڵ حیزبە دەستە خوشکەکان لە وڵاتانیتر، ئەوەیە کە داهێنەری شێوازەکانی ئەو جۆرە هاوکارییانە بێ، و داخوازییەکان بۆ هاوکاریی لە ناو ئەو کۆڕوکۆمەڵە ناونەتەوەییانەی کە سوێد ئەندامیانە پێش بخا.

## بازاڕی کار

هەروەها لە ناو بازاڕی کاردا ئەمڕۆ مێکانیزمی وەها هەن کە جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی زیاد دەکەن، داخوازییەکی بنەڕەتیی لە سیاسەتی سوسیال دێموکراسی دەبێ ئەوە بێ کە وەک هێزێکی بەرهەڵستکار لە بەرامبەر ئەو بزووتنەوانە ڕاوەستێ، نەک ئەوەی کە ئەوان بە پشتگیریی لە بۆ وێنە گەشەکردنی کاری نوێی کەم داهات بە هێز بکا، شتێک کە لە باسەکانی نەوەدەکاندا وەک ڕێگا چارەیەک بۆ بێکاریی پێشنیار دەکرا.

لە باشترین حاڵەتدا کاری کەم داهاتی زیاتر، دەرمانێکی جێگای پرسیارە: لەوانەیە ئەوان ببنە سووک بوونی کاتیی زەختی گیروگرفتەکانی بێکاریی بەڵام بێگومان لە درێژخایەندا دەبنە هۆی خراپتر بوونی گیروگرفتەکانی ئابووری ( و کۆمەڵایەتی). ئەوان داخوازیی گشتیی زۆر کەم کە بایخێکیان بۆ پێشخستنی گەشە کردنی ئابووری هەبێ دروست دەکەن، و هیچ دینامیزمی تازە بە شێوەی لێهاتوویی نوێ یا خود زانیاری بەنرخ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەبەرهێنانی نوێ دابین ناکەن، لە جیاتان ئەوان گیروگرفتی نوێ دروست دەکەن کە لە درێژخایەندا دەبنە هۆی تێچوونی نوێ.

ئێدوارد بەرنستیێن، سەرکردەی سوسیال دێموکراتی ئاڵمانی لە دەستپێکی ئەو سەدەیەدا نووسیویەتی: "ئاسۆی سەرکەوتنی سوسیالیستی بە زیاد بوونی هەژاری نەبەستاروەتەوە بەڵکوو بە چوونە سەری ئاستی دەوڵەمەندیی". شتێکی لەو بابەتە دەکرێ لە سەر بێکاریی بگوترێ: چارەسەری بێکاریی نابێ بە زیاد کردنی کاری بێ لێهاتوویی بە مووچەی وەها کە خەڵک بە دژواری بژیوی خۆیانی پێدابین بکەن بێ، بەڵکو بە هەنگاوی وەها کە ببێتە هۆی دروست

بوونی کاری پێشبڕکێکەر (لە ئاستی ناونەتەوەیی) و بە چۆنیەتییەکی باش.

- لەو چوارچێوەدا پەروەردە و فێر کردن و بردنە سەری ئاستی خوێندەواریی سەرمایەگوزاری‌یەکی گرنگن.
- لەو چوارچێوەدا ئەوە مەسەلەی باشترین کەڵکوەرگرتن و پەرەپێدانی ئەو دەرفەتانەیە کە تێکنۆلۆژی نوێی ڕاگەیاندن پێشکەشیان دەکا.

ـ لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی زانست و پەروەردە کردنی گشتیی بۆ هاندانی داهێنەریی و نویٚ کردنەوە لە ژیانی کار هەر وەها ژیانی کۆمەڵایەتیی.

ـ بۆ دروست کردنی کاری زیاتر لە دەرەوەی شارە گەورەکان.

ـ بۆ کاریگەرتر کردنی بەرێوەبەرایەتیی دامودەزگا حکومییەکان، لانیکەم لە کەرتی خزمەتگوزارییدا، و بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ کاری بە سوود.

- لەو چوارچێوەدا ئەوە هەروەها مەسەلەی کەڵک وەرگرتنی ڕێکوپێک لە پێویستیی ئاڵوگۆڕ بەرەو بەرهەمهێنانی وەها کە زەرەری بۆ ژینگە نەبیٚ لە کاتی گەشە پێدانی تێکنۆلۆژی و بەرهەمی نویٚ، کە بە نۆبەی خۆیان دەبنە هۆی دروستکردنی کاری نویٚ.
- لەو چوارچێوەدا ئەوە مەسەلەی کەڵکوەرگرتن لە ئەو دەرفەتانەیە کە شوێنی جوگرافیای سوێد پێشکەشیان دەکا، بۆ یارمەتیکردن بە پەرەپێدانی بازرگانیی خۆرهەڵاتی ئوروپا.

هەروەک پێشدا باسمان کرد، ڕێگاچارە گشتگرەکانی دوێنیٚ چیتر مومکین نین. بەڵام زۆر بەش هەن کە دەکریٚ یەکبخرێن بۆ دەستەبەرکردنی ئەو بەرهەمانەی کە ئامانجی ئایدیۆلۆژی سوسیال دێموکراسین.

لەوانەیە یەکێک لەو بەشانە پەیوەندیی بە کاتی کارکردنەوە هەبێ. ئەوە سروشتییە کە هەروا ساکار نییە کە ڕێژەی بێکاریی لە ڕێگای کەمکردنەوەی گشتیی کاتی کار بهێنینە خوار، "دابەش کردنی کارەکان". بەڵام مانەوە لە سەر ئەو باوەڕە کۆنە کە کەمکردنەوەی کاتی کار وەک چاکسازییەکی خزمەتگوزاریی کۆمەلایەتیی سەیربکەین کە لە ڕێگای بردنەسەری ڕێژەی بەرهەمهێنان قەرەبوو بکرێتەوە، باوەڕێکە کە زۆر وێدەچێ پێشنیارێکی ناپایدار بێ.

بە گەشە کردنی سیستەمی نوێی بەرهەمهێنان و زیاد کردنی خێرای بەرهەمهێنان، هەم لە ناوەندە پیشەسازییەکان و هەم لە ناو کەرتی خزمەتگوزاری، بە زیاد بوونی کارتێکەریی دوولایەنەی نێوان کاتی کار و کاتی حەسانەوە و داواکاریی زیاتر بۆ خۆگونجاندن لە بازاڕی کاردا، پرسی کاتی کار دەورێکی جیاواز لە بەراورد لە گەڵ کۆمەڵگای پیشەسازیی ساڵەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ دەگێڕێ. کاتێک کە باسی ئەو شتەی کە وەک دەسەڵات پێدان (empowerment) ناوزەد دەکرێ دێتە ئاراوە، دەوری کاتی کار ناکرێ چاوپۆشی لێبکرێ، یا خود پێویستیی تێکەڵکردنی بەرپرسیاریی گشتیی و تاکیی لە بەجێهێنانی داخوازییەکان لە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لە داهاتوودا. لەبەر ئەو هۆیە ئەوەی کە پێویستە، گفتوگۆیەکی ئاشکرایە لە سەر دەوری کاتی کار، هەم بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و هەم بۆ ڕێژەی کار.

## دێموکراسی

پرسیاری گرنگی سێهەم، لە پێوەندی لە گەڵ داهاتوودا، مەسەلەی دێموکراسییە. دێموکراسی لە سەردەمی ئێمەدا لە گەڵ چەند هەڕەشەی زۆر سامناک بەرەوڕوویە: یەکێک لەو هەڕەشانە لە لایەن گەوەر بازاڕە ناونەتەوەییەکانی پارەبازییەوە دەکرێ کە بە چەندین شێوە مەیدانی هەڵسوکەوتی سیاسی

بەرتەسک دەکەنەوە. هەڕەشەیەکیتر لە زیاد بوونی جیاوازیی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ئاکامدا خەڵکێکی زۆر هەست دەکەن کە ئەوان چیتر بەشێک لە کۆمەڵگا نین. ئەوە خولیایەکی مەترسیدار لە ناو ئەو خەڵکانەدا دروست دەکا بە شێوەیەک کە ئەوان خۆیان لە دەرەوەی یاسا و نۆرمەکانی ناو کۆمەڵگادا ببینن. هەڕەشەی سێهەم لە لایەن ئەو بێ دەسەڵاتییەیە کە زۆر کەس، تەنانەت لە ناو ئەو لایەنانەش کە ئاستێکی سەقامگیریان لە کۆمەڵگادا هەیە، لە بارەی نەبوونی توانایی کارتێکەریی لە گەشەکردنی کۆمەڵگا هەستی پێدەکەن.

ئەو گیروگرفتانە بە یەکەوە بەستراونەوە. ئەوە مەسەلەی سیستەمێکی ئابووریە کە هەندێک خەڵک هەڵدەوێرێ و کە مافی دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ژێر کۆنترۆڵی هاوڵاتییان دان، بۆ دیاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان زەوت دەکا.

دەستەمۆ کردنی بازاڕە ناونەتەوەییەکانی سەرمایە، هەروەک پێشدا گوترا، هاوکاریی ناونەتەوەیی دەخوازێ. ئابووری بە جیهانیبوو (Globalised economy) پەیوەندیی نزیکتر لە ئاستی سیاسییش دەخوازێ. بەڵام ئەوە گیروگرفتی نوێ بۆ دێموکراسی لەگەڵ خۆی دەهێنێ: هەر چەند کە خەڵک بەو شێوەیە، هەندێک دەسەڵات بۆ سیاسەتی دژ بە "بازاڕ" وەدەست دێنن، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێتە پلەیەک کە زۆر دوورە لە هاوڵاتی ئاسایی.

هەر چۆنێک بێ، لەوانەیە بەشێک لەو گیروگرفتە پەیوەندیی بەو ڕاستییەوە هەبێ، کە ئێمە هێشتا پەرەمان بەو شێوازە نوێیانە کە بۆ هاوکاریی ناونەتەوەیی پێویستن نەداوە. ئەو شێوازانەی کە ئەورۆ ئێمە کەڵکیان لێوەردەگرین، ناقۆڵان و بیرۆکراسی وەها دروست دەکەن کە لە کۆنترۆڵی خاوەن بەرپرسیاریی سیاسی دەچنە دەر. ئەوان هەروەها دەبنە هۆی دابەشکردنی بەرپرسیاریی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی و ناونەتەوەیی، ئەوە شتێکە کە بە باشی بیریان لێنەکراوەتەوە. بۆ وێنە یەکیەتی ئوروپا هەوڵی زۆر بۆ یاسادانانی بە وردی بۆ شتی وەها کە هیچ پەیوەندییەکیان بە پلەی سەرووی نەتەوەکانەوە نییە دەدا، لە هەمان کاتدا ئەوان ئامرازی پێویستیان بۆ کارکردن لەو بوارانەدا کە گیروگرفتەکان تەنیا بە هاوکاریی وڵاتانی ئەندام چارەسەر دەکرێن نییە. بە هەمان شێوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئامرازی گرینگی بۆ هەڵسوکەوت کردن لە پێوەندیی لە گەڵ هەنگاوی بە کردەوە بۆ پاراستنی ئاشتی نییە.

بەشێک، بەڵام نەک هەمووی، ئەو بێباوەڕییەی کە بەرامبەر بە هاوکاریی سیاسی ناونەتەوەیی نیشاندراوە دەتوانێ لەو ڕاستییەوە سەرچاوە بگرێ کە پرسیاری "هەڵە" لەو پلەیەدا مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێ. بێتوانایی مامەڵە کردن لە گەڵ هەندێک گیروگرفت کە پێویستیان بە هاوکاریی ناونەتەوەیی هەیە بۆ ئەوەی کە چارەسەر بکرێن، کێشەی وەها دروست دەکەن کە هەم لە ئاستی نەتەوەیی و هەم لە ئاستی ناوچەیی هەستیان پێ دەکرێ. یاسا دانانی ناونەتەوەیی نەخوازراو یا خود هەڵە دەبنە هۆی دروستبوونی شێوازێکیتری بێزاریی؛ لە هەر دوو حاڵەتدا هاوڵاتییان لە پێوەندیی لە گەڵ زاڵبوون بە سەر گیروگرفتەکەدا هەست بە بێدەسەڵاتیی دەکەن.

ئەو شتەی کە پێش هەموو شتێک دەبێ ئەنجام بدرێ، ئەوەیە کە دیاری بکەین کە کام پرسیار، یا بە واتایەکی باشتر کام لایەنی پرسیارەکان هی پلەی ناونەتەوەیین و کامانە هی ئەو پلەیە نین. کاتێک کە ئەوە ئەنجامدرا، ئەوکات دەبێ بۆ دڵنیا بوون لە دانی ستروکتورێکی شیاوی ڕێکخراوەیی بە دامودەزگا ناونەتەوەییەکان و هەروەها دانی ئامرازی پێویست بۆ کار کردن دەستبەکار بین. ئەوە هەروەها گرینگە کە بزانین کە پەیڕەوەکانی ناونەتەوەیی دەبێ هەندێک توانای خۆ گونجاندن لە گەڵ هەلومەرجیان هەبێ: هەرچی ڕێژەی ئەو وڵاتانەی کە هاوکاریی دەکەن زیاتر بێت، بە هەمان شێوە دژوارتر دەبێ کە یاساکان بە شێوەیەکی دەقاودەق بە کار بێن. وڵاتان بە شێوەیەکی دەقاودەق وەک یەک نین!

هاوکاریی ناونەتەوەیی هەمیشە بۆ سوسیال دێموکراسی گرینگ بووە و لە داهاتوودا گرینگتریش دەبێ، سەرەڕای ئەو تاقیکارییە دژوارانەی کە دێموکراسی بەرەوڕوویان دەبێ. ئێمە ناتوانین کێشەکانی دێموکراسی بە نکۆڵی کردن لە پێویستیی هاوکاریی ناونەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەڕێوەبەریی هەمووشتێک سەربەخۆ لە ئاستی نەتەوەیی یا ناوچەیی چارەسەر بکەین: بێگومان ئەوە ڕێگای دیتنەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە لە زۆر وڵاتان و بۆ زۆر خەڵک وەک یەکن نییە.

دونیای ئەمرۆ پێویستیی بە هاوکاریی سیاسی ناونەتەوەیی هەیە چونکە زۆربەی ئەو گیروگرفتانەی کە وڵاتەکان وەک تاک تووشی دەبن گیروگرفتی گشتیین. هیچ وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێ پێڕەو بۆ ڕەوتی سەرمایەی ناونەتەوەیی دابنێ، هیچ وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێ خۆ لە هەڕەشەکانی دژ بە ژینگە بپارێزێ ـ

تەنانەت ئەوەندەی کە ژینگەی خۆشی دەگرێتەوە، چونکە ئەو پاشماوانەی کە مەترسیی دەخەنە سەر ژینگە بە هۆی با سنووری وڵاتان دەبەزێنن و چونکە توێخی ئۆزۆن شتێکە کە هی هەموانمانە. هیچ وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێ پارێزەری ئەو شتە بێ کە بۆ تەناهیی و بوونی هەر وڵاتێک بنەڕەتییە، واتە ئاشتی. بە پێچەوانە، هەر دێتو ئاشکراتر دەبێ کە چۆن تەناهیی و ئاسایشی وڵاتان وەک تاک بە ئاسایشی ئەوانیتر گرێدراوە. ئەوە تەنیا مەسەلەی ئەگەری هەڕەشەی سەربازیی نییە، بەڵکو بە هەمان شێوە مەسەلەی ئەو هەڕەشانەیە کە سەرکوتکەریی سیاسی، دواکەوتوویی ئابووری، کارەساتەکانی ژینگە و تاوانکاریی ناونەتەوەیی دەیخەنە سەر گشت وڵاتان. هەرەسهێنانی ڕێئاکتۆری چێرنۆبیل کارتێکەریی بەربڵاو و درێژخایەنی لە سەر کەرتەکانی کشتوکاڵ و ماسیگرتنی سوێد هەبوو. بازرگانی ناونەتەوەیی ماددە سڕکەرەکان گیروگرفت بۆ ئێمە دروست دەکەن.

دەبێ هاوکاریی پێویست لە پلەی جیاواز ئەنجام بدرێ. ئەوە مەسەلەی هاوکاریی نێوان حکومەتە جیاجیاکان لەو ڕێکخراوانە دایە کە بۆ هاوکاریی پێکهاتوون وەک یەکیەتی ئوروپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها مەسەلەی شێوازی ئازادتری هاوکاریی لە نێوان ئەو وڵاتانەدا کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە بواری تایبەتییدا هەیە ـ وەک ئەو شێوە هاوکارییانەی کە لە نێوان وڵاتانی کەناری باڵتیک لە ئارا دایە.

بەڵام ئەوە هەروەها مەسەلەی هاوکاریی غەیرەدەوڵەتیشە، لە نێوان جووڵانەوە جەماوەرییەکان و ڕێکخراوە خۆبەخشە جیاوازەکان، نێوان قوتابخانە و زانکۆکان لە وڵاتە جیاجیاکان، پرسی هاوکاریی شارەکان کە پەیوەندی دەستەخوشکانەیان پێکهێناوە یا هاوکاریی نێوان ناوەند و ناوچەکان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییە هاوچەشنەکان. ئەوە دەکرێ هاوکاریی لە سەر پرۆژەی کۆنکرێت لە بواری جیاواز بگرێتەوە و هەروەها دەتوانێ پرسی بەشینەوەی ئەزموونەکان و دروست کردنی بیروڕا بێ. شتێک کە لەوانیتر کەمتر نییە، ئەوە دەتوانێ مەسەلەی دروست کردنی هێزی پارسەنگ بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی سەرمایە لە سەردەمی ئێمە دابێ، لە ڕێگای شێوازی نوێ بۆ هاوکاریی سەندیکا کرێکارییەکان لەمبەرئەوبەری سنوورەکان، لە ڕێگای چالاکیی ڕێکوپێکی کڕیارانەوە، لە ڕێگای ڕێککەوتننامە سیاسییە

ناونەتەوەییەکان بۆ داخوازییەکانی ئەرکی کۆمەڵایەتیی کە ناوەندە بازرگانییەکان دەبێ لەبەرچاوی بگرن و هتد.

بۆ سوسیال دێموکراسی گرینگە کە هەم لە دروستکردنی شێوازە پێویستە نوێکانی هاوکارییدا بەشدار بێ و هەم لە خودی هاوکارییەکە لە هەموو ئەو پلە جیاوازانەدا بەشدار بێ؛ ئەوە تەنیا ئەرکێک نییە کە حیزب لە ئاستی ناوەندیی بەرەوڕووی دەبێتەوە، بەڵکو بە هەمان شێوە مەسەلەی ڕێکخراوە ناوچەیییەکانی حیزب و ئەندامەکانی حیزبیش دەگرێتەوە. ئەگەر مرۆڤ هاوکاریی ناونەتەوەیی تەنیا وەک پرسی پێکهاتە ناودەوڵەتییەکان سەیر بکا، ئەوکات سەیر نییە ئەگەر خەڵک لایوابێ کە ناونەتەوەیی بوون بە مانای لە کیسچوونی دەسەڵاتی هاوڵاتییە ئاسایییەکانە. بەڵام ئەگەر هاوکاریی ناونەتەوەیی لە زۆر پلە و لە زۆر کاناڵەوە بەڕیوە بچێ، کە زۆر لەوان لە ئاستی لایەنە ناوچەیییەکانەوە دەست پێبکەن، ئەوسا دەکرێ کە ئەوان وەک ئامرازێک لە دەستی هاووڵاتیی ئاساییدا سەیر بکرێ.

مرۆڤ نابێ لایەنەکەیتری دێموکراسی لە بیر بکا: ئەو کارەی کە ڕۆژانە لە ئاستی ناوچەیی ئانجام دەدرێ. ئەوە شتێکە کە ئێمە لە بڕگەی کەرتی گشتییدا باسمان کرد. ئەو شێوەی دێموکراسی ڕۆژانە پێویست بە ئاڵوگۆڕ لە دامودەزگا ناوەندییەکان بە جۆرێک کە خۆیان لە گەڵ ڕێکخراوە ناوچەییەکان بگونجێنن دەکا. ئەوە هەروەها حیزبە سیاسییەکان تووشی داواکاریی نوێ دەکا ـ زۆر سادە بەو هۆیە کە ئەو شێوە دێموکراسییە تەنیا مەسەلەی حیزبەکان نییە!

حیزبە سیاسی‌یەکانی ئەمڕۆ لە بنەڕەتدا حیزبی پارلمانیین، ئەو حیزبانە زۆرتر بۆ هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ ئەو پرسانەی کە لە ئاستی نەتەوەیی دان پێکهاتوون: ئەوە لەو پرسانەیە کە جیاوازیی هێڵە ئایدیۆلۆژییەکان و ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان زۆر بە ئاشکرا دەبینرێن. هەروەها ئەو هێڵە دابەشکەرانە تا ڕادەیەک لە پەرە ئەستاندنی ئەرکەکان لە سیاسەتی ناوچەییدا دەبینرێ، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە سیاسەتی دابەشینەوە هەیە. بەڵام لە هەندێک بەشی دەوڵەتی ناوچەیی ئەو هێڵە جیاکەرەوانە بڕیاردەر نین. ئەوە زۆرتر شێوازیتری ناکۆکیی ئامانجەکان یا ناکۆکیی بەرژەوەندییەکانن، وەک بۆ وێنە ئەو مشتومڕە گەرمانەی کە

زۆرجار لە سەر ڕێگاوبانی نوێ یا شوێنی نوێ بۆ دروستکردنی خانوو لە ئارا دان.

تاقمەکانی بیروڕا یا تاقمەکانی چالاکی کە لە کاری دێموکراتیکی ناوچەییەوە سەر هەڵدەدەن ـ گروپەکانی ژینگە، کۆمەڵەکانی دایک و باوکان، گروپەکانی خانەنشین کراوەکان و هتد ـ لە هێڵی جیا جیادا ڕێکخراون و ئامانجی جیاوازیشیان لە هی حیزبە ئاساییەکان هەیە، بەڵام هەر وەک حیزبەکان دەورێکی گرینگ لە پرۆسەی دێموکراتیکدا دەبینن. دەورێک کە لە ڕاستییدا حیزبە ئاساییەکان ناتوانن بۆشاییەکەی پڕ بکەنەوە؛ دەوری ئەوان شتێکی بە تەواوی جیاوازە، ئەویش پیشاندانی پێویستیی ڕوانگەیەکی هەمە لایەنەیە، بۆ دروستکردنی هاوسەنگیی لە نێوان داخوازییە جیاوازاکەنە لەناو چوارچێوەی یەکگرتووی بایخەکان بە شێوەیەک کە ئەرکی سەرەکیی هەڵسەنگاندنی ویست و داواکاریەکان لە سامانەکانی کۆمەڵگایە.

ئەوە گرینگە کە لە بیرمان بێ کە ئێمە باس لە چەندین دەرفەتی جیاواز بۆ بەشدار بوون لە کۆمەڵگادا دەکەین کە تەواوکەری یەکترن، ئەوان دژی یەکتر نین. لەوانەیە حیزبەکان پێویستییان بێ فێر بن کە چۆن بە شیوەیەکی باشتر لە گەڵ ئەو تاقمە بیرۆڕایانە و ئەو تاقمە چالاکانە هاوکاریی بکەن ـ بە بێ هەوڵدان بۆ دەستبەسەر داگرتنیان یا خود لاسایی کردنەوەیان. حیزبەکان پێویستییان بە دیتنەوەی شێوازی نوێ و کراوەتری کار کردن هەیە، بەڵام ئەوان دەبێ لە هەمان کاتدا ئازایەتیی پشتگیریکردنی ئەو شتانەی کە سیاسەتی حیزب بە شیوەیەکی تایبەتی پێناسە دەکەن هەبێ: توانای سوور بوون لە سەر بۆچوونێکی گشتیی.

لە کۆتاییدا مانەوەی دێموکراسی مەسەلەی دڵنیا بوون لەوەیە کە گشت ئەندامانی کۆمەڵگا هەست بە بەشدار بوون، و هەر وەها ڕێز لێگیرانیان لە لایەن کۆمەڵگاوە بکەن. ڕێسای بنچینەیی دێموکراسی مافی تاکتاکی هاوڵاتییان بۆ کارتێکەریی لە سەر بڕیارە سیاسییەکان لە ڕێگای

دەنگیانەوەیە. کە هەر هاوڵاتییەک بەو شێوەیە دەنگێکی پێدراوە، کە لە گەڵ هەموو هاوڵاتییانیتر یەکسانە، کە ئەوەش بە نۆبەی خۆی بەو مانایەیە کە هەر هاوڵاتییەک کێش و بایخی پێدراوە. ئەو بایخە یەکسانە دەبێ لە چۆنییەتی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا لە گەڵ هاوڵاتییانەوە ڕەنگدانەوەی هەبێ: ئێمە ناتوانین ئەوان بە سەر گرنگ و کەم بایەخ دابەش بکەین، بە سەر خەڵکی سەرخان و ژێرخان دابەش بکەین، بە سەر ئەوانی کە هەموو سوودێک دەبینن و هەموو مافێکیان هەیە و ئەوانی کە کاری کەم داهات و مەرجی خراپی کاریان هەیە، دەبێ مافی تایبەتیی ئەوانیتر دابین بکەن، بێ ئەوەی کە هیوای داهاتوویەکی باشتریان بۆ خۆیان هەبێ. لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە هاوڵاتییانی بەم شێوەیە دابەش دەکا و بە کردەوە هەندێک لەوان هەڵدەوێرێ یا کەم بایخ دەکا، دێموکراسی ناتوانێ بەردەوام بێ. بێ لایەنیی، بێ باوەڕیی یا هەستی ڕاستەوخۆی دوژمنایەتیی بەرامبەر بە کۆمەڵگا زاڵ دەبێ.

ئێمە هەر ئێستا نیشانەکانی ئەوە لە ئەنجامی بێکاریی و پەرەئەستاندنی کاری کەم داهات دەبینین. ئەوە هەڕەشەیەک نییە کە بتوانین لە ڕێگای ڕێفورمی ڕێکخراوەیی لە بیرۆکراسی دەوڵەتییدا خۆی لێبپارێزین یا لە شێوازەکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلمان. تەنیا ڕیگای خۆپاراستن لەو هەڕەشانە هێرش بردنە سەر ئەو شتانەیە کە ئەوانی دروست کردووە: بەش بەش کردنی کۆمەڵایەتی، هەڵاواردنی کۆمەڵایەتیی، جیا کردنەوە.

جارێکیتر، ئەوەی کە پێویستە سیاسەتێکە بۆ سڕینەوەی بەش بەش کردنی کۆمەڵایەتی، نەک بۆ دروست کردنی بەش بەش کردنی نوێ. سیاسەتێک کە ئامانجەکەی قازانجی گشتییە، نەک تەنیا ڕەخساندنی دەرفەت بۆ تاقمێکی کەم بۆ ئەوەی کە خۆیان دەوڵەمەند بکەن.

سیاسەتێک بۆ یەکسانیی.

ئایدیۆلۆژی بە واتایەک کۆمەڵێک بایخن کە چۆنییەتی دروستکردنی کۆمەڵگا دیاریی دەکەن. بەڵام ئەو هەروەها تیۆرییەکی کۆمەڵایەتییە، شێوازێک بۆ شیکردنەوەی گەشە کردنی کۆمەڵگا. ئەم کتێبە ڕیشە فەلسەفییەکانی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی سوسیال دێموکراسی لە لایەن دوو سوسیال دێموکراتەوە پێشکەش دەکا کە توانیویانە لە گفتوگۆکان و سیاسەتە کردارییەکانی ناوخۆی جووڵانەوە دا بەشدار بن. لە بەشی کۆتایی ئەوان باسی چالشەکانی داهاتوو کە بەرەوڕووی سوسیال دێموکراسی دەبنەوە دەکەن.

ئینگڤار کارلسۆن یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٢ بوو بە ئەندامی لیژنەی کارگێڕ لە حیزبی سوسیال دێموکراتی سوێد و لە ساڵەکانی ١٩٩٨٦ـ١٩٩٦ سەرۆکی حیزب بوو.

ئان ماری لیندگرێن سەرنووسەری گۆڤاری بەناوبانگی تیدێن بۆ باس و لێکدانەوە لە ناو جووڵانەوەی سوسیال دێموکراسی و هەروەها ئەندامی کۆمیسیۆنی بەرنامەی حیزبە.

سوسیال دێموکراتەکان